بەرکوتێک لە خەرمانی

# شیعری سالم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

بەرکوتێک لە خەرمانی

# شیعری سالم

چەپکێک شیعری بڵاونەکراوەی سالم،
پاشکۆیەکی دیوانی نالی

محەمەد عەلی قەرەداغی

ناوی کتێب: بەرکوتێک لە خەرمانی شیعری سالم
نووسینی: محەمەد عەلی قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٤٤
پیت لێدان: کوردستان کەیفی
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٣٢ی
سالی ٢٠١٠ی دراوەتێ

## بابەت و سەرباسەکان


١- روونکردنەوەیەک ..... 9
٢- وتەیەکی کورت و پێویست ..... 10
٣- مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و ئەم شیعرانەی نالی و سالم ..... 11
- پرۆژەی لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی سالم ..... 14
٤- پێشەکی هەنگاوێک لەسەر ..... 17
٥- باسێکی دەستخەتەکە، دەستخەتی ئەحمەد ئاغا ..... 21
٦- کاری من بۆ ئەم دەستخەتە ..... 23
٧- هەندێک لە سەرچاوەکانی دیوانی سالم ..... 25
٨- ١ کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵی ..... 25
٩- ٢ کەشکۆڵی تۆفیق ..... 26
١٠- ٣ کەشکۆڵس مەلا عەبدوڵا قزڵجی ..... 27
١١- ٤ کەشکۆڵی گوڵزاری بەهار ..... 28
١٢- ٥ کەشکۆڵی سەید محەمەد ..... 28
١٣- ٦ کەشکۆڵی نەناسراو ..... 29
١٤- باسێکی دەستخەتەکە - دەستخەتی عەلی ئەکبەری سنەیی- ..... 32
١٥- فیهرەستێکی دەستخەتەکە و سەرەتای پارچە شیعرەکان ..... 36
١٦- چیم بۆ ئەم شیعرانە کردووە ..... 51
١٧- یەک دوو نموونەی جیاوازی ..... 52
١٨- حەسرەتا دڵ غافڵە نازانێ قسمەت چی دەکا ..... 56
١٩- دەکا دنیایی پڕ شۆڕش لە هەر سوو فیتنەها پەیدا ..... 60
٢٠- بۆ منی بێ سەرو پا غەیری وەفا پێشە نەما ..... 63
٢١- رووبەرووی نەقش و نگینی مصطەفا ..... 64
٥١- ئاشوفتە کەناری گرت گێسوو لە روخی یارا ..... 66
٥٢- پەنجە بۆ تەصوێری ئەبرۆت پەیڕەویی مانیی دەکا ..... 67

٥٣– دیده بێ دیداری دولبەر تارە مەستووری نەکا ........ 68
٥٤– طورە بۆ ئابی بەقای چیهرە دڵی برد بە شتاب ........ 69
٥٥– دوودی ئاهی سەحەرم رووی فەلەکی کردە سیحاب ........ 70
٥٦– خۆشا هەر جاکە قەصدی لەب دەکا یار ........ 71
٥٧– موو لە تەنما باز لە قەهرا بوو بە نووکی نیشتەر (هەجویات) ........ 73
٥٨– ایضا وصف ثانی – لە ذیکری ئالەتی یاری قەلەندەر ........ 75
٥٩– هەڵپژا خوێن بە جگەرما دەمی غەمزەت بە ضەمیر ........ 77
٦٠– بە دەورمدا وەفا کێشاویە مەرکەز ........ 78
٦١– بە پابۆستی بگا گەر سەر وەکو فەرش ........ 79
٦٢– لە ظوڵمت بەرمە بەر کەس – گەر – عەرایض ........ 80
٦٣– لەقیبلەی روو بەرووت میحرابە بۆ دڵ ........ 81
٦٤– رۆژی دڵ هەر شەوی تارە چە لەوێ بم چە لەمێ بم ........ 82
٦٥– لەقلەق ئاسا لەق و بەدرەوتە فلان ........ 83
٦٦– قادری بۆ نەظم و بەینی کوفر و دین ........ 84
٦٧– نیگەە ناکەی بەلای ئوفتا دەگانا قەد لەبەر تەمکین ........ 85
٦٨– بە ئەفسوونی نیگاهی سیحر دیدەی نازەنینی من ........ 86
٦٩ – تا تاقە لە سینەم دڵی غەمدیدە لە کۆی تۆ ........ 87
٧٠– ئەی دڵا حەلقەیی ئەو زوڵفە هەموو دامە مەچۆ ........ 88
٧١– پار ساڵ لە وەصڵدا بە صەفا عەیشی جەمم بوو ........ 89
٧٢– ئاسمان دیهقان و عومرم کەشت، دەوواسی ماهی نەو ........ 90
٧٣– رەفیق بێن و تەماشاکەن دەمی بووکبردنە ئیمشەو ........ 91
٧٤– بە تەنگە دڵ لە سینەمدا وەکو مورغی قەفەس ئیمشەو ........ 93
٧٥– وجوودم راستە خۆی سووتا وەلێ ئەکثەر خەطای یارە ........ 94
٧٦– لە وادیی فیرقەتا رۆژم وەکو زوڵفت شەوی تارە ........ 95
٧٧– تا رەقیب حاضرە گاهی حەذەرە نەک حەضەرە ........ 96
٧٨– حورمەتی دڵ واجبە چونکە مەکانی دولبەرە ........ 97
٧٩– شاکارێکی بڵاونەکراوەی سالم – عەبداوڵا پاشا و سالم – ........ 98

٨٠- عەبدوڵا پاشا لە سەرچاوەیەکی تردا ..... 101
٨١- در ذکر آمدن بندگان عبدالله پاشای بابان از دربار همیون.. ..... 104
٨٢- دادەپۆشێ سەر و گوێی زین لە نەشیب ..... 108
٨٣- بیستم ئاغەسوورە مەدحی واشەگێڕیی کردووە. ..... 109
٨٤- هجو احمد سنگ هڵکێش ..... 110
٨٥- تەماشای کۆی زەنەخدانت دەڵێی نارنجی بەغدایە. ..... 112
٨٦- چونکە ئیقلیمی فیراق ئاب و هەوایێکی نییە..... 113
٨٧- کاری کالشفتەم - درێغا - رەنگی سامانی نییە. ..... 114
٨٨- چ دەبێ گەر لە رەقیبم دڵم ئازاری ببێ؟ ..... 115
٨٩- تا مەنزڵی تیری نیگەهت ناوی دڵم بێ ..... 116
٩٠- دەک رەقیب تووشی بەلاێی بی نەجاتت قەد نەبێ! ..... 117
٩١- هەتا کەی - ئەی فەلەک- بۆ بەختی من جەور و تەظەللوم بێ؟ ..... 118
٩٢- تا لە لێوم خودایا(!) باری ئەم هیجرانە بێ ..... 119
٩٣- در وصف والی -مەهی دی هاتوچوو رابورد شەوی دەی. ..... 120
٩٤- بەیتە تاک و جووتە بڵاونەکراوەکان ..... 123
٩٥- بەشی فارسی ..... 129
٩٦- پاشکۆیەک بۆ نالی ..... 137
٩٧- وتەیەک ..... 139
٩٨- نالی و بیری نەتەوایەتیی ..... 142
٩٩- کلاوڕۆژنەیەکی تازە بۆ ژیانی نالی ..... 144
١٠٠- سێ کوچکە و سێ پایەی شیعری کلاسیکیی کوردی سەردەمی بابان ..... 146
١٠١- هەڵوێستێک لە عاستی پارچە شیعرەکەی نالیدا ..... 147
١٠٢- نالی کەی ئەم پارچە شیعرەی گوتووە؟ ..... 147
١٠٣- پارچە شیعرەکەی نالی ..... 154

# روونکردنەوەیەک

ئەو کاتە کە دەستخەتەکەی دیوانی سالم دەستکەوت بەڵێنم بە خوێنەران دا کە دوو پارچە شیعرەکەی نالی و سالم وەک نامیلکەیەک چاپ بکەم.

بەڵام دوایی بیرم کردەوە پێشتر لە «هەنگاوێک لەسەر رێگەی لێکۆڵینەوەی دیوانی سالم»دا ۲۰ پارچە شیعری سالم بڵاو کردووەتەوە، ئەم دەستخەتەیش ئەوەندەی تر شیعری سالمی تێدایە و لە هەندێ جێگەیشدا تەواوکەری شیعرەکانی ئەوێیە. بۆ ئەوەی ئەم کارە تۆزێک باشتر بێت و زیاتر بە دەردی لێکۆڵەری کورد بخوات وام بە باش زانی ئەمیش و ئەویش بکەم بەم نامیلکە بە ناوی:

بەرکوتێک لە خەرمانی شیعری سالم چەپکێک شیعری بڵاونەکراوەی سالم، و پاشکۆیەکی دیوانی نالی.

# وتەیەکی کورت و پێویست

ئەوەتەی دەستـــمــداوەتە کـۆکـردنەوە و بڵاوکـردنەوەی بـەرهـەمی ئـەدەبی و کەلەپووریی، بەرنامـە و ڕێبازێکی دیارم گرتووەتە بەر و کارم بۆ ئەوە کردووە – بە گــوێرەی توانا– بەرهـەمی بڵاونەکـراوەی شـاعـیـران و نووســەرانمان ببووژێنمـەوە و لـەو ڕێگەیشـدا – پێ بزانم– خـۆم لە جـوینەوە و بڵاوکـردنەوەی شتی بـڵاوکراوە پاراستـووە و ئەو کارانەیش تا ئێستە ئەنجامم داون شـایەتی ئەم باسەن.

هـەمـیشـە هـەوڵی ئەوەیشم داوە شتگەلێ کە دەستم دەکەون و دەیاندۆزمـەوە زۆر نەیانـهـێڵـمـەوە و لە نزیکترین هەل و فـرسـەتتـدا هـەوڵی بڵاوکـردنەوەیانم داوە.

هەر ئەمـەیش بوو وای کرد کە ماوەیەک لەمـەوپێش دەستـخـەتێکی دیوانی ســالم دەست کـەوت پێـیـدا گـەڕام و شـیـعـرە بڵاونـەکـراوەکـانیم کـرد بە نامیلکەیەکی بچکۆلە و بەناوونیشـانی «هەنگاوێک لەسـەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی دیوانی سالم»دا بڵاوم کردەوە.

لەم مـاوەیشـدا د. هەڵکەوت حـەکیم وێنـەی دەستـخـەتێکی بۆ هێنام بەشی زۆری شیـعری سالە و دوو پارچە شیـعری نالیشی تێدایە. هەر لەسـەر ئەو ڕێبازەی پێشـووم پارچە شیعرەکانی ئەمیشم لە تەک دیوانی سالمی – چاپی دووەمی– چاپخانەی کوردستـان و ژمارەکانی ٢٥ –٣٤ی کۆواری ڕۆشنبیری نوێدا بەراورد کرد، ئەنجام دەرکـەوت ٢٠ پارچە شیـعری بڵاونەکراوەی سالمی تێـدایە. بـۆیە وام بە باش زانی ئەم شــیــعــرانە لە تـەک «هەنگاوێک لەســەر ڕێگەی...»دا یەک بخـەم و بیانکەم بە یەک نامیلکەی بچکۆلە و وەک بەرکـۆتێک بۆ خـەرمـانی شیـعری سالم بیانخـەمـە بەردەستی خـوێنەران و لێکۆڵەرەوان و

ئومێدەوارم بۆ چاپ و لێکۆڵینەوەی چاپی نوێی «دیوانی سالم» سوودی خۆی هەبێت و جێگەی خۆی بگرێت.

حەز دەکەم بە کورتی ئەوەندە بڵێم: ئەو پێشەکییەی بۆ «هەنگاوێک» نووسیومە وەک خۆی دەیهێڵمەوە و لێرەدا جارێکی تر بڵاوی دەکەمەوە. بەڵام پارچە شیعرەکانی ئەویّ لە تەک پارچە شیعرە بڵاونەکراوەکانی ئەم دەستخەتەدا یەکدەخەم و بە گوێرەی پیتەکانی هیجا هەموویان ڕێک دەخەم و هەر پارچە شیعرێک کە لە «هەنگاوێک»دا هەبێت و لەم دەستخەتەیشدا هەبێت لە تەک ئەمەی ئێرەدا بەراوردی دەکەم و جیاوازییە سەرەکیی و دیار و پێویستەکانیان لە پەراوێزەوە دەنووسم و، ئەوەیش پێویست بیّ بۆ پارچە شیعرەکانی ئەم دەستخەتەیش وەک پێشەکیی و ڕوونکردنەوە لێرەیدا دەنووسم و دەیخەمە پاڵ نووسراوەکانی پێشوو.

بۆ کارئاسانیی بۆ خوێنەر و جیاکردنەوەی شیعرەکانی ئەو دەستخەتە لە شیعرەکانی ئەم دەستخەتە لەسەر پارچەکانی «هەنگاوێک...» و (ه) یەک دادەنێم.

## مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و ئەم شیعرانەی نالی و سالم:

مامۆستا محەمەد لە چاوپێکەوتنێکیدا کە لە ژمارە (٤٩٩٩)ی ڕۆژی ١٥ / ١٠ / ٢٠٠٩ی ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ- ئەدەب و هونەر - دا لەگەڵیدا ئەنجام درا بوو. باسی ئەوەی کردووە کە ئەو شیعرانە هەن و سیساڵ زیاترە پارچە شیعرەکەی سالمیان خستووەتە دیوانی سالمەوە.

من لێرەدا پێش هەموو شتێک هیوای چاکبوونەوەی تەواو بۆ مامۆستا محەمەد دەخوازم و ئومێدەوارم وەک جاری جاران دەستی قەڵەم بگرێتەوە و بەگوڕوتینێکی لە جاران باشترەوە بێتەوە مەیدان و کارەکانی ئەنجام بدات.

وەک جاری پێشوو لە «هەنگاوێک لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی "دیوانی سالم"دا» نووسیم:

«بە هیوای ئەوەی ئەم هەنگاوەم - لێرەدا- هاندەرێک بێت بۆ کاکە حەمە تا

گەرمتر و چالاکانەتر کار بۆ دیوانی سالم بکات و منیش دەستەبارەی خۆم بخەمە سەر دیوانی سالم، موژدەی ئەوە بە کاکە حەمە و خوێنەرانی ئازیز دەدەم کە گەنجینەیەکی نایابی شیعری سالم دەستکەوتووە...»

لێرەیشدا لەم هەلەدا دەڵێم: ئەم کارەی تریشم هاندەرێکی تر دەبێت بۆ ئەوەی کاکە حەمە وەخۆکەوێت و کاری دیوانی سالم یەکلایی و یەکسەرە بکاتەوە و ئەو دیوانە شیرینە لەو خەوە درێژە هۆشیار بکاتەوە و چاوی چاوەڕوانیی رۆشنبیرانی کورد و شەیدایانی دیوانی سالم بە کارێکی مەزنی وەک کارەکانی تر رۆشن بکاتەوە.

هەر لێرەیشدا بە کاکە حەمە دەڵێم: بە خوێنەرانی کورد – و منیش لە تەکیانا[1] – چی کاکە حەمە پتر لە سی ساڵ ئەو شیعرانە – و رەنگە چەندین پارچە شیعری تریشی – لە دوو توێی فایلی دیوانی سالمدا لە لای خۆی پاراستبێ؟

خۆ ئەگەر کاکە حەمە لەوکاتەوە تا ئێستە هەر ساڵەی پارچەیەک یان دوو

---

(١) حەز دەکەم لێرەدا ئەوەیش بخەمە سەر ئەم باسە: پتر لە چل ساڵە من کاکە حەمە ئەناسم و پێوەندیی ئەدەبیم لە تەکیدا هەیە و لە کاری لێکۆڵینەوەی دیوانی نالی و حاجی قادری کۆیی و کارە ئەدەبییەکانی تریدا یارمەتیدەرێکی باشی بووم و پەراوێزی ئەو کتێبانەیش شایەتی ئەم قسانەمن.

لەم ماوە دوور و درێژەدا زۆر باسی سالم لەگەڵ کاکە حەمەدا کردووە، کاکە حەمە هەرگیز ئەم باسانەی لەبارەی سالمەوە نەدرکاندووە، جا بۆ منێک بەو نزیکییە لە کاکە حەمەوە بەو شێوە ئاگام لە شیعری سالم بێت، دەبێ کەسانی دوورەدەست بۆ کاکە حەمە چی لە دیوانی سالم و شیعری بڵاونەکراوەی بزانن؟ وابزانم منیش و کەسانی تریش کە پارچەیەک شیعری سالم ببینین بۆ ئەوەی بزانین بڵاوکراوەتەوە یان نا، پەنا هەر بۆ دیوانی چاپکراوی سالم و ئەو چەند پارچە شیعرە بڵاوکراوەی کاکەی فەلاحی رۆشنبیری نوێ دەبەین و نازانین لای کاکە حەمە چی هەیە و چی نییە و ناتوانین لەوە زیاتر چاوەڕوان بین تابزانین لای کاکە حەمە هەیە یان نا.

پارچە لەو شیعرانەی لە ڕێگەی لاپەڕەکانی کۆوار و ڕۆژنامەکانەوە بخستایەتە بەردەستی ڕۆشنبیرانی کورد، ئێستە ئاستی زانیاریی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ شیعرەکانی سالم لە پلەیەکی تردا دەبوو، منیش کە باسێکی شیعری سالم بهێنایەتە گۆڕێ بە جۆرێکی تر لە سەریم دەنووسی.

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا مامۆستا محەمەد بۆ گومان خستنە سەر ئەوەی ئەو پارچە شیعرە لە دەستخەتەکەی لای مندا بەڕوونیی ٣جار دراوەتە پاڵ نالی، بە شیعری نالی دانەنرێ وتوویەتی:

« بەش بەحاڵی پارچە شیعرەکەی کە وتراوە هی "نالی"یە، ئێمە لەو باوەڕەداین هی نالی نییە، هەر لەبەرئەوەیش - کاتی خۆی- بیر لە بڵاوکردنەوەی لە «دیوانی نالی»دا نەکرایەوە. سەرباری ئەوەی کە هەر لە یەک سەرچاوەدا دراوەتە پاڵ نالی، لە دوایەمین دێردا بە ناوی "سالم" کۆتایی پێ هێنراوە».

لێرەدا حەز دەکەم دوو خاڵی کورت لەسەر ئەم قسەی مامۆستا محەمەد بنووسم:

یەکەم: کە کاکە حەمە کاتی خۆی لە سەرچاوەیەکدا دی ئەو پارچە شیعرە دراوەتە پاڵ نالی نەدەبوو بەو شێوە دەسبەرداری ببێت و دەبوو لە پێشەکیی دیوانی نالی، یان لە هەر باسێک لەو باسانەدا کە بۆ شیعری نالی تەرخان کراون، ئاماژەیەک بۆ ئەوە بکرایەت کە ئەو پارچە شیعرە لە سەرچاوەیەکدا دراوەتە پاڵ نالی.

دووەم: جگە لەوەیش کاکە حەمە دەڵێ: «سەرباری ئەوەی کە هەر لە یەک سەرچاوەدا دراوەتە پاڵ نالی». منیش دەڵێم: وا دەزانم هەر لە یەک سەرچاوەیشدا - ئەگەر درابێت - دراوەتە پاڵ سالم و ئەوە بەتەنیا نابێ بە بەڵگەی ئەوە کە ئەو پارچە شیعرە بێ باس و لێکۆڵینەوە بدرێ بە سالم و باسی ئەوە نەکرێت کە بۆ نالیش دانراوە. ئەوا لەم دەستخەتەدا بەڕوونیی بۆ نالی دانراوە و نازناوی «نالی» لە دوا بەیتیدایە.

# پرۆژەی لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی سالم

لە پێشەکیی «هەنگاوێک لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی دیوانی سالم»دا باسی ئەوەم کرد کە شیعرەکانی سالم ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیریی قووڵ و بڵاوی ئەو سەردەمەی سالم و پێش ئەو سەردەم و مێژووەیشن، سالم شیعرەکانی کردووە بە سەرچاوەی ئاماژە بۆ ئەو ڕۆشنبیرییە فراوان و بەرینە، لە هەر بەیتێک – تەنانەت لە نیوە بەیتیش –دا ئاماژە بۆ ڕووداوێک، بەسەرهاتێک، زانستێک، پەندێک، چیرۆکێک، ئەفسانەیەک باوێکی کۆمەڵایەتیی... دەکات، ئەو بابەتانە لەوانەیە هەندێکیان سالم خۆی دیبنی و تێیاندا و لە تەکیاندا ژیابێ، هەندێکیانی بیستبێ، ئەوانی تری خوێندبێتەوە، بەو جۆرە خەرمانێک لە زانیاریی بڵاو و گشتگیر و هەمەڕەنگ لەلای کۆبووەتەوە، دیوانەکەی بەروبوومی سووری ئەو خەرمانە ڕەن بەرز و درێژەیە.

خوێنەرێک کە لەو سەردەمەدا نەژیابێت و خاوەنی ئەو ڕۆشنبیرییە فراوانە نەبێت، بێت ئێستە هەڵزنێت بەکێوی بەرز و سەخت و پڕ کاو و بەرزیی و نشێوی دیوانی سالمدا، دەبێ چۆن بتوانێ بگاتە لووتکەی مەبەست؟

من بەش بەحاڵی خۆم گەلێ بیرم لەم کارە کردووەتەوە و بۆ ڕێگەیەک گەڕاوم کە لێکۆڵەر بتوانێ لێیەوە بگاتە ئەنجامێکی شیاو و دروست، بەڵام پەییم بەو ڕێگە نەبردووە، چونکە وەک نووسیم – ڕۆشنبیرییەکەی سالم ئەوەندە گشتگیر و فرە لق و پۆپە لەوانە نییە کەسێکی ئەم چەرخە بەتەنیا خۆی بە هەموو لایەنێکیدا بگات و توانای بە سەر هەموویدا بشکێ.

جاری وا هەیە – بەڵکو زۆر جار– بەشێک لە بەیتێک ئەگەر بتەوێ خوێنەری لێ تێ بگەیەنی پێویستی بە نووسینی زۆر دەبێت، بۆ نموونە لە بەیتێکدا سالم ناوی «نەڕنایش» دێنێ کە دەڵێ:

چە «نەڕنایش» ژنی بێ مــەیلی وەن نـاکـا
نوقـم نابێ لە نـار دەریایـی شــوشـــتـــەر

«نەڕنایش» چییە؟ ئەمە بەشێکە لە ئەفسانەی «عووجی کوڕی عەنەق» کە ئەفسانەیەکی گەورە لە دەوری خۆی و ژنەکەی و بەرزیی و بڵندیی باڵایان تەنراوە و ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستە هەر زۆری دەوێ.

لەم ڕووەوە دەڵێن: عووجی کوڕی عەنەق چووەتە سەر بەغدا و هەڕەشەی لێ کردوون کە دەبێ دەستێ جل بۆ (نەڕنایش)ی ژنی بکەن، خەڵکی بەغدا لە ترسا بە هەر حاڵێک شتیان کۆکردووەتەوە بۆ ئەم مەبەستە، دوای ئەو کۆکردنەوەی پیتاک و سەرانە بۆ خاتوونی خێزانی عووج کە کردوویانە بەکراس بۆی کراسەکەی نەگەیوە ئەژنۆی.

جا سالم کە هەجوی دەروێش ئاغا دەکات و باسی «یارۆ»کەی دەکات وای پیشان دەدات مەگەر لە تەک (...)ەکەی نەڕنایشدا بگونجێ.

جا خوێنەرێک باسی نەڕنایش و عووج نەزانێ لە ناو بەیتێکدا وشەیەکی وەها ببینێ دەبێ چی لێ تێ بگات؟

جا من وای بۆ دەچم لەوانە نییە ئەم کارە بەیەک کەس ئەم سەردەمەی ئێمە – وەک پێویستە – هەڵبسووڕێت و ئەنجام بدرێت.

یەکێک لەو ڕێگەو شوێنانەی بۆ ئەم مەبەستە بە بیری مندا هاتووە ئەوەیە، دەکرێ «دیوانی سالم» بکرێت بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: غەزەلیات و دڵداریی. وا دەزانم بۆ دۆزینەوەی مانا و مەبەستی شوێنی نامۆ و یاخیی لەم بارەوە لە دیوانی سالمدا بەگەڕان بە دیوانی شاعیرانی دیدا و پەنابردن بۆ ئەو وشە و زاراوانەی ئەوان بەکاریان هێناون چارەسەر دەدۆزرێتەوە و دەکرێ زۆری گرێکوێرەکان بەو کۆششە بکرێنەوە.

بەشی دووەم: کۆمەڵایەتی و هەجوو، دەروونناسی و دەریانەوەردی و گەردووناسی... لەم بوارانەدا سالم وشە و ڕستەی وەهای بەکار هێناوە ڕەنگە بەو شێوە نەچووبنە فەرهەنگ و قامووسە جۆراوجۆرەکانەوە و بەشێکیان ئەزموونی خۆی بن یان لە ئەزموونی کەسانی هاوچەرخی خۆی

وەرگرتبن، کێشەکە لێرەدایە و ئەمانە – زۆریان – لەوانە نین بە کۆششی تاکە کەس بزانرێن و پەی بە مانا و مەبەستیان ببرێت. (١)

من وا دەزانم ئەگەر بگونجێ بیر لەوە بکرێتەوە بەشوێن کەسانی شارەزا و کارامە و ئاگەدار لە رۆشنبیریی گشتیی و زانیارییە هەمەڕەنگەکاندا بگەڕێین و ئەو پارچە شیعرانەی ئەو بابەتانەیان تێدایە کۆپی (استنساخ) بکرێن و بنێررێن بۆ ئەو کەسانە و داوای یارمەتییان لێ بکرێت و کات و ماوەیان بۆ دیاریی بکرێت کە لەو ماوە دیاریکراوەدا چییان پێ دەکرێت بیکەن و بە نووسین وەڵام بدەنەوە، ئەمەیش دەکرێ لە رێگەی مەڵبەندێ، لایەنێ، دەزگایەکەوە بکرێت. جا ئەگەر ئەو کەسانە بە دەم ئەم داوایەوە بێن و هیمەت بکەن و دڵسۆزانە بەشداریی لەو هەوڵەدا بکەن، لەوانەیە بەکۆششی ئەو کەسانە ئەوە بکرێت کە لەوانە نییە تاکە کەس هێزی بەسەریدا بشکێ.

دەکرێ بۆ ئەمە تەنیا داوا لە شارەزایانی ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان نەکرێت، بەڵکو پەنا بۆ شارەزایان ببرێت لە هەر کوێ هەن لە هەموو کوردستاندا یان لە هەندەراندا. هەروەها دەبێ بەڵێنی ئەوەیش بەو کەسانە بدرێت کە مافیان پارێزراو دەبێت و لە کۆتاییی کارەکەدا ناویان بە ئەمانەتەوە دەپارێزرێت و خەڵات و پاداشتیشیان دەدرێتێ.

دەشکرێت لە ناو ئەو دەقانەدا کە دەنێررێن بەملا و لادا شوێنی مەبەست دیاریی بکرێت و پەنجە بخرێتە سەر ئەو شوێنانە کە زیاتر جێگەی بایەخن و زانینی مانا و مەبەستیان پێویستە.

---

(١) ئەگەر بۆ پاساوی هێز بەسەرانەشکاندنی رۆشنبیرانی ئەمڕۆ بەسەر مانا و مەبەستی دیوانی سالمدا بکەڕێین رەنگە بەشێکی لە گۆڕانی باری رۆشنبیریی و بیرکردنەوەی خەڵکی ئەم سەردەمەدا و جیاوازیی شێوەی خوێندن و فێربوونیان لە تەک زۆریی ماوەی نێوانی ئەم سەردەم و سالمدا ببینین و سەیر نییە ئەگەر بڵێم: لەوانەیە ئەگەر سالم ئێستە بێتەوە ئەم چەرخەی ئێمە و لە پڕ چاوی بەرۆشنبیریی کێستەدا هەڵبهێنێ، لە عاستی چەندین وشەی وەک: قاچی هەور و چاوی باران و قژی بەفر و خەندەی فیل و... دا دۆشی دابمێنێ..

## پێشەکی هەنگاوێک لەسەر...

ئەستوونەکانی کۆشک و ساختمانی شیعری کلاسیکیی کوردی تا ئێستە وەک پێویست کاریان بۆ نەکراوە و ئەوەی ئەشێ و دەبێ بۆیان بکرێ ئەنجام نەدراوە. هەرچەند بنەماڵەی مامۆستای مودەڕیس دەستپێشخەرییان بۆ نالی و مەحووی کردووە و چاوەڕوانی زیاتریشیان لێ دەکرێت و مامۆستا حەمە بۆریش رەنجێکی فەرهادانەی بۆ دیوانی مستەفا بەگی کوردی داوە و نزیکە چاوی خوێنەرانی کورد و شەیدایانی ئەدەبی کلاسیکی و کولتووری دێرینی پێ روون ببێتەوە و کەلێنێکی گەورەیش لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوە[(١)].

«دیوانی سالم» یەکێکە لەو دیوانە پڕ بایەخانەی لە کتێبخانەی کوردیدا جێگەی چۆڵە و کەلێنێکی پڕنەکراوەی بۆ دانراوە. دەمێکیشە هەر لە سەردەمی ژیانی خوالێخۆشبوو مامۆستای نەمر مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە خوێنەرانی کورد چاویان بڕیوەتە دەست و قەڵەمی بنەماڵەی مامۆستای مودەڕیس بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە زۆری خایاند و هیواداریین زۆر لەمە زیاتر ئەو چاوەڕوانییە درێژە نەکێشێت.

منیش بەش بەحاڵی خۆم کە- بەپێی توانای خۆم- جارجار خۆم دەخەمە ئەم مەیدانە و چۆن بۆم بلوێت خزمەت دەکەم، لە سەرەتاوە بڕیاری ئەوەم داوە بە شوێن بەرهەمی شاعیرانی نەناسراو و خزمەتنەکراو و بەرهەمی بێناز و نزیکە بەلادا بگەڕێم و تا ئەو جۆرە بەرهەمانە هەبن کەمتر خۆم لە قەرەی

(١) بەری رەنجەکەی مامۆستا حەمە بۆر لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی دیوانی کوردییە کە ماوەیەکە لە دەزگای ئاراس لە ژێر چاپدایە.

بەرهەمی شاعیرانی ناودار و ناسراو بدەم[(٢)].

هەرچەندە هەندێ جار ئەم رچەم بەزاندووە و خۆم لەسەر رێگەی خزمەتی گەورە شاعیراندا دیوەتەوە. ئەوەیش هۆی تایبەتیی خۆی هەبووە.

لە زووەوە ئاگەداری هەوڵ و کۆششی بنەماڵەی مامۆستای مودەڕیسم بۆ لێکۆڵینەوەی «دیوانی سالم»و گەلێ جار گلەییم لە کاکە حەمە کردووە و هەندێ جار هانم داوە و هەندێ جاریش دەستی کۆمەکیی و یارمەتیم لە رێگەی دۆزینەوە و پێشێشکردنی بەرهەمی سالمەوە بۆ درێژ کردووە و بەڵێنی کۆمەکیی زیاتریشم داوە و سووریشم لەسەر ئەو بەڵێنەم.

بە هیوای ئەوەی ئەم هەنگاوەم- لێرەدا- هاندەرێک بێت بۆ کاکە حەمە تا گەرمتر و چالاکانەتر کار بۆ دیوانی سالم بکات و منیش دەستەبارەی خۆم بخەمە سەر خەرمانی دیوانی سالم، موژدەی ئەوە بە کاکە حەمە و خوێنەرانی ئازیز دەدەم کە گەنجینەیەکی نایابی شیعری سالم دەستکەوتووە، شیاوی ئەوەیە پەلە لە ناساندنیدا بە مێژووی ئەدەبی کوردی و دەستخەتخانەی کوردی بکرێت.

لەم ماوەدا برای بەنرخم کاک مەلا عوسمانی موفەتیش لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی هەواڵی ئەوەی پێ دام «دەستخەتێکی دیوانی سالم»ی چنگ خستووە. بەڵێ زۆری نەخایاند دەستخەتەکەی بۆ هێنام، وەک پیشەی هەمیشەیشی بەرانبەر بە من، ماوەی ئەوەی دام سوودی لێ وەربگرم.

کە سەرنجی دەستخەتەکەم دا- وەک لەمەولا باسی دەکەم - بینیم گەنجینەیەکی کەموێنەی دەستخەتخانەی کوردییە و دیوانێکی نایابی بەشی زۆری شیعرەکانی سالمە و جگە لە شیعرە کوردییەکانی بەشێک شیعری فارسیشی تێدایە.

---

(٢) هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمەوە لە کۆکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا ئەمە رێبازم بووە، بڕوانە: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی بەرگی یەکەم چاپخانەی «الحوادث» بەغداد، ١٩٨٠ چاپی یەکەم ل: ٧.

بۆیە ئەمەم بە هەل زانی کە ئەم دەستخەتەیش بە دەستخەتخانەی کوردی بناسێنم و لە پەنای ئەمیشدا باسی چەند سەرچاوەیەکی تری دیوانی سالم بکەم و ئەم دیوانەیش لە تەک دیوانە چاپەکەدا سووکە بەراوردێک بکەم و ئەو پارچە شیعرانەی کە لەم دەسخەتەدان و تا ئێستە بڵاو نەکراونەتەوە، بۆ یەکەم جار بڵاویان بکەمەوە، بۆ ئەوەی کەرەستەیەکی نوێی لێکۆڵینەوەی ئەم جارەی دیوانی سالم بێت.

بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم: کاری سەرەکیم لەم هەلەدا تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی شیعرە بڵاونەکراوەکانی ئەم دەستخەتەیە، ئەویش بێ لێکۆڵینەوەی ورد، بەڵکو هەوڵم داوە شیعرەکانی بە گوێرەی توانا و بۆچوونی خۆم بێنمەوە سەر رێنووسی باوی کوردی. بۆ ئەمەیش سوودم لەو سەرچاوانەی لای خۆم وەرگرتووە.

پێش ئەوەی ئەو سەرچاوانە -بە کوردی- بە خوێنەر بناسێنم دەمەوێ دوو سێ شت روون بکەمەوە:

یەکەم: ئەم شیعرانەی لێرەدا بڵاویان دەکەمەوە بۆ یەکەم جار بڵاو دەکرێنەوە، نەمدیوە پێش ئێستە کەس بڵاوی کردبنەوە، لەبەر ئەوە هێنانەوە سەر رێنووسی کوردییان کارێکی ئاسان نییە و ئەگەر لە بۆچوونەکانمدا هەڵەم هەبێت و مەبەستم نەپێکابێت و بە دروستی دەقەکەم بۆ نەخوێنرابێتەوە... شتێکی ئێرەتییەو، جێگەی باسێکی ئەوتۆ نییە.

دووەم: سەرەڕای ئەو خاڵەی سەرەوەیش بە سەرنجدانێکی دیوانی سالم بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر نالی لە شیعرەکانیدا وردەکاری کردبێت و وشەی وای بەکار هێنابێت چەند مانا و خوێندنەوە هەڵبگرێت و لە دووتوێی وشەکانیدا داوی وردی نابێتەوە... ئەوە «دیوانی سالم» رواڵەتێکی تری تایبەتی خۆی هەیە: سالم ئاوێنەی رۆشنبیریی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا ژیاوە و رووداو و بابەت و دیمەن و بارودۆخی رۆشنبیریی خەڵکەکە و کولتووری ئەو سەردەمە و - کۆنتریشی - لە هەگبەی بیریدا خەست و چڕ پاراستووە و لە کاتی شیعروتندا بە قەڵەمی بیری بابەتی جۆراوجۆری لەو هەگبە هەڵگۆستووە

و کردوونی بە هەوێنی شیعرەکانی و لە زۆری شیعرەکانیدا لە هەر بیتێکدا چیرۆکێ، داستانێ، رووداوێکی مێژوویی، بابەتێکی فەلسەفی، بەند و باوێک، پەندێک، قسەیەکی نەستەق، ئایەتێک، حەدیسێک، بەیتێک لە شیعری شاعیرانی پێشووی... وەستایانە لە چوارچێوەی بەیتەکەدا ساچاندووە، خوێنەری ئەمڕۆ و – بگرە لێکۆڵەرەوانیش – ئاگای لە زۆری ئەو باس و خواستانە نییە و بۆ دۆزینەوەیان و تێگەیشتن لە مەبەستی سالم لە شیعرەکەیدا کات و گەڕان و پشکنینی زۆری دەوێت تا – ئەگەر لە توانادا بێت – دەگاتە ئەو مەبەستە و پەی بەو مانایە دەبات کە سالم لە ژێر تارمایی شیعرەکەیەوە ئاماژەی وردی بۆ دەکات.[٣]

سێیەم: سالم لە هەندێ شوێندا بە چڕی باسی داوونەریتی ئەو سەردەمەی لە بوارێک لە بوارەکاندا کردووە، کە ئێستە ئەو داوونەریتانە وەک ئەوسا نەماونەتەوە و رواڵەتیان کاڵ بووەتەوە و خەڵکی ئەمڕۆ پێیان نامۆن، بۆ نموونە وەک باسی راو واشەگێڕی – یان واشەگیریی – و ژنهێنان و بووک گواستنەوە و هەندێ وشەی هەجوو داشۆرین... دۆزینەوەی شێوەی دروستی ئەو وشە و زاراوانە و خوێندنەوەیان وەک خۆیان کات و توانا و رۆشنبیریی قووڵ و فراوانی لێکۆڵەرەوەی دەوێت.

---

(٣) لەمەدا مەبەستم ئەوە نییە تەنیا سالم ئەم کارەی کردووە و شاعیرانی تری وەک نالی و مەحوی و کوردی و... وا نەبوون، بگرە زۆربەی شاعیرانی پێشوومان رۆشنبیرییەکی فراوان و بەرینیان هەبووە و ئاگایان لە دابوونەریت و ئەدەبی گەلانی دراوسێ بووە و، شارەزاییی باشیان لە بەرهەمەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، بەڵام هەندێ جار شاعیرێک زیاتر لای لە لایەنێک لە لایەنەکان کردووەتەوە و ئەو لایەنە رەنگی دیاری ناو دیوانەکەی بوو و شاعیری وامان هەیە زیاتر وشەئارایی بەسەر بەرهەمەکەیدا زاڵە، وەک شاعیری وایشمان هەیە بیر و بۆچوونی فەلسەفی، یان تەسەوف... یان لە لایان زیاتر جێگەی بایەخ بووە.

## باسێکی دەستخەتەکە:

### دەستخەتی ئەحمەد ئاغا

ئەگەر بڵێم: ئەمە یەکەم نوسخەی کۆنی دیوانێکی سەربەخۆی یەکێک لە گەورە شاعیرانی کوردە دەستمان کەوتووە، بە دووری مەگرن چەندین جار لەمەوبەر نووسیومە: تا ئێستە دیوانێکی تەواوی دەستخەتی یەکێک لە شاعیرانی کۆنمان بە دەستخەتی خۆی یان لەبەر دەستخەتی خۆی نووسرابێتەوە، یان شاعیر خۆی دیبێتی و خوێندبێتەوە و لێی رازی بووبێمان.. نەدیوە. ئەم دەستخەتەی «دیوانی سالم» وەک نووسەرەوەکەی لە کۆتاییەوە نووسیویە دیوانێکی سالم بووە، بەڵام ئەمیش زۆری دەربارە نازانرێت، چونکە نووسەرەوەکە نەینووسیوە کەی نووسیویەتییەوە، لە کوێ نووسیویەتییەوە، لەبەر چ نوسخەیەک نووسیویەتیەوە، نووسەرەوەکە خۆی کێیە. ئەوەندە هەیە دەکرێت بە چەند خاڵێک ناسنامەی بۆ بخەینە سەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب.

یەکەم: لەم نوسخەی دیوانەدا پەیڕەوی زنجیرەی پیتەکانی هیچا نەکراوە، واتە لەسەر رزی ئەلف و بێ و تێ... تا کۆتایی، نەنووسراوەتەوە. بۆیە گومان بۆ ئەوە دەچێت لەبەر نوسخەی شاعیر خۆی یان لەبەر نوسخەیەک کە لەبەر نوسخەی ئەو نووسرابێتەوە... نووسرابێتەوە.

دووەم: بەداخەوە ئەم نوسخەیش شپرزەیە و شیرازەی پساوە و لە سەرەتاوە – جگە لەوەی لە ناوەوە لە چەند شوێندا لێی کەوتووە– ئەندازێکی، کە نازانرێت چەندە، لێ لە ناو چووە، بەو بۆنەیشەوە نازانرێت چ رێبازێک لە نووسینەوەیدا پەیڕەوی کراوە.

سێیەم: لە نزیکی کۆتاییەوە ناونیشانێک دانراوە، لە رووی ئەو ناونیشانەوە گومان بۆ ئەوە دەچێت کە کاتی خۆی بابەتبەندی کرابێت و لەباتیی رێبازی پیتی ئەلف و بێ رێبازی بابەتی تێدا پەیڕەوی کرابێت.

چوارەم: هەرچەند – وەک نووسیومە– من لەم کارەمدا دەستم دانەگرتووە و

بواری ئەوەم نەبووە خۆم بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی وشە و مانا و مەبەستی شیعرەکانەوە خەریک بکەم و تەنیا مەبەستم ئەوە بووە ئەم شیعرانە وەک سەرچاوە بخەمە بەردەستی لێکۆڵەران... بەسەر ئەوەدا نارۆم سالم چەندین شەو رستە و دەستەواژەی رەسەنی کوردیی وەهای بەکار هێناوە ئێستە لە بیرکراون و لە نووسینی رۆژانەماندا نابینرێن و دەکرێ ئێستە بخرێنەوە ناو و بکرێن بە قاڵبی وشە و رستەگەلێک کە زۆر پێویستمان پێیانە، لێرەدا یەک نموونە دەهێنمەوە:

ئەگەر کەسێ بێ بیکرێ وەسیەت دەکەم: ئەم ئێشەکە «وەستەکە، سستەکە» لە رێ تێی هەڵدە باری مەکە! دەکرێ «وەستەک» و «سستەک» بکرێن بە سیغەی موبالەغە و لە بری «زۆر ئەوەستێ» و «زۆر سستە» بەکار بهێنرێن و بکرێن بە بنەما بۆ دەیان نموونەی وەها.

پێنجەم: نووسەرەوەکەی هەرچەند زۆر خەتخۆش بووە کەم کەم لەبیرچوون و هەڵە لە نووسینەوەکەیدا هەیە.

شەشەم: دەستخەتەکە جێگەی بایەخێکی زۆری خاوەنەکەی بووە و دیارە پێش ئەم جارەی دوایی جارێکی تر شیرازەی پساوە و شپرزە بووە، بەڵام یەکێک وەستایانە قەراخی گرتووەتە لاپەڕەکانی و جزووبەندی کردووەتەوە.

حەوتەم: نووسەرەوەکە لە هەندێ جێگەدا سەروبۆری بۆ وشەکان کردووە بەمەیش کارئاسانییەکی باشی کردووە بۆ هێنانەوە سەر رێنووسی شیعرەکان و دروستخوێندنەوەی وشەکان. لە تەک ئەمەیشدا لە هەندێ شوێندا نیشانەی رێنووسی کوردی بە وشەکانەوە دەبینرێت وەک (لەسر–لەسەر) کە لە شوێنەکانی تردا «لسر = لەسەر» دەنووسرێت.

هەشتەم: لە کۆتاییی دەستخەتەکەوە نووسراوە: دیوانی کوردیی سالم بۆ بەڕێز ئەحمەد ئاغا نووسرایەوە. بەڵام دیاری نەکراوە ئەحمەد ئاغا کێیە و لە کوێ بووە و کەی بۆی نووسراوەتەوە.

دەستخەتەکە ١٥١ لاپەڕەیە، پێوانەکەی (١٧×١٢سم)ە، لاپەڕەی (١٨) دێر و کەمتر و زیاتری تێدایە.

لەبەرئەوەی ئەم دەستخەتە بۆ ئەحمەد ئاغا ناوێک نووسراوەتەوە ناوی ئەوم لێ نا.

**کاری من بۆ ئەم دەستخەتە:**

ئەم دەستخەتە کە گەیشتە لای من شپرزە و پساو و بێ سەروبەر بوو، هاتم بۆی دانیشتم و بە شێنەیی هەوڵی ئەوەم دا سەروبەری بگرمەوە و لاپەڕەکانی بخەمەوە جێگەی خۆیان، ئەمەیش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە دیوانەکە، جگە لەوەی ژمارە بەسەر لاپەڕەکانییەوە نییە، بە تەرتیبی پیتەکانی ئەلف و بێ نەنووسراوەتەوە و شێوازێکی تری تێدا بەکار براوە. بۆیە دوای ماندوبوونێکی زۆر توانیم هەندێک رێکی بخەمەوە، ئەنجام گەیشتمە ئەوەی کە لە پێنج شوێن زیاتردا کەوتن و بچڕانی تێدایە و ئەو شوێنانەیش کە کەوتنیان تێدایە نازانرێت ئەندازەی کەوتنەکان چەندن و هەڵدەگرێت زۆر زۆر بن.

دوای ئەو رێکخستنەوەی خۆم ژمارەم بۆ لاپەڕەکان دانا. دوای ئەوە هاتم پارچە شیعرەکانم یەکە یەکە و بەیت بەیت لە تەک چاپی دووەمی دیوانی سالمدا کە مامۆستا گیوساڵی ١٩٧٢ز. لە هەولێر چاپی کردووە بەراورد کرد، پارچە شیعر و بەیتە بڵاونەکراوە و چاپ نەکراوەکانم دیاری کرد، دوای ئەوە لە تەک ٢٥٥ پارچە شیعرەکەی سالمدا کە لە کۆواری رۆشنبیری نوێدا ژمارە – ٢٥ تا ٣٤– بڵاو بوونەتەوە جارێکی تری بەراورد کرد. دوایی کە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی ئەو پارچە شیعرانە بڵاو نەکراونەتەوە، بە گوێرەی توانا و بۆچوونی خۆم، هێنامنەوە سەر رێنووسی کوردی، دوای ئەوە کردمن بە دوو بەشی کوردی بە جیا، بەشی فارسیش(٤) دوای ئەوە و بە گوێرەی پیتەکانی ئەلف و بێ ریزم کردن. لە نزیکی کۆتاییی دەستخەتەکەوە لەسەر یەک دوو پارچە شیعر نووسراوە: «کلام سرکار شیخ است» یان«ساقی نامەء سرکار شیخ»

---

(٤) بەڵام بەشە فارسییەکە گشتیم بڵاو نەکردەوە و تەنیا نموونەم لێ وەرگرت، بە هیوای ئەوەی لە دیوانی گەورەی داهاتووی سالمدا جێگە بۆ ئەو بەشەی هەبێت کە من لێرەدا بواردم .

نازانم مەبەست لەم سەرکاری شێخەی کێیە. لەبەر ئەوەیش لە کۆتاییی دیوانەکەوە نووسراوە دیوانی سالم تەواو بوو، ئەو شیعرانەیش کە ئەو ناوونیشانەیان بۆ دانراوە لە ناو ئەو دیوانەدان، شیعرەکانمان لە ناو«دیوانی سالم»دا دانا جگە لەو پارچانەیش کە لە دەستخەتەکەدا هەن و لە دیوانە چاپەکەدا نین لە ناو پارچە چاپکراوەکانیشدا گەلێ تاکە بەیت و دوو بەیت هەیە کە چاپ نەکراون، بەراوردی ئەوانەیشم کردووە و ئاماژەم بۆ شوێنەکانیان کردووە و، بەیت و دوو بەیتەکانم نووسیوە. هەوڵ دەدەم لە تەک ئەم باسەدا وێنەی دەستخەتی ئەو لاپەڕانەی شیعری بڵاونەکراوەیان تێدایە بڵاو بکەمەوە، بۆ ئەوەی بۆ لێکۆڵینەوەی دیوانی سالم وێنەکان لەبەردەستدا بن و لێکۆڵەرەوە کاریان لەسەر بکات. دوای ئەوەیش کە خۆم چیم بۆ کرا لە تەک دیوانەکە و دەستخەتەکە و نووسینەوەی پارچە بڵاونەکراوەکاندا کردم، کارەکەی خۆم دایە خزمەت مامۆستا نووری فارس و ئەویش – خودا تەمەنی درێژی پیرۆز و لەشی ساغی پێ ببەخشێت – بە کارەکەمدا چووە و لە رووی کێش و دەرهێنانی بەحرەکانی عەرووز و سەرنجی وردی ترەوە گەلێ یارمەتی دام.

دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێم: ئەم دەستخەتەی من ئەم کارەم لە ئاستیدا کردووە– هەرچەندە بە خەتێکی خۆش و جوان نووسراوەتەوە– نووسەرەوەکەی لەبیرچوون و هەڵەی نووسینەوەی هەیە، منیش چونکە یەک نوسخەم لە بەردەستدایە لە ئاستی گەلێ لەو هەڵانەدا دەستەوسان وەستاوم و یان هەڵەکەم وەک خۆی روونووس کردووەتەوە، یان وەک چۆن بۆی چووبم بە گومانەوە بە رێنووسی کوردی نووسیومە. وەک نووسیشم هەوڵ دەدەم وێنەی لاپەڕەکانی دەستخەتەکە – ئەوانەیان بڵاو نەکراونەتەوە – لە تەک باسەکەدا بڵاو بکەمەوە. من مەبەستم لەم باسە ئەوەیە رێگە خۆشکەر بم و هەنگاوێکی بچووکم لە رێگەی لێکۆڵینەوەی دیوانی سالمدا نابێت. ئەوسا لێکۆڵەرەوە چەندەی بەلاوە پەسەند و دروست بوو سوود لەم هەنگاوەی من وەردەگرێت و ئەگەر بەلایشیەوە پەسەند نەبوو کارەکەی من رێگر نابێت لە بەردەم لێکۆڵینەوەی وردتردا.

## هەندێک لە سەرچاوەکانی دیوانی سالم

لەم رووەوە دەبێ ئەوە بڵێم: پتر لە ٥٠ کەشکۆڵ و[٥] بەیازم دیوە و هەڵم سەنگاندوون و لەسەرم نووسیون، کەمیان هەیە- کەم تا زۆر - شیعری سالمیان تێدا نەبێت. لێرەدا باسی تێکڕای ئەو سەرچاوانە ناکەم، چونکە زۆریان هەیە پارچەیەک و دوو پارچە شیعری سالمیان تێدایە و ئەم کارەی منیش لەوە سەرپێیی ترە جێگەی ئەو باس و خواستانەی بە درێژیی تێدا ببێتەوە.

بۆیە لەم دەرفەتەدا باسی ئەو سەرچاوە سەرەکییانە دەکەم کە دیومن یان لای خۆم وێنە و نوسخەیان هەیە و سەرچاوەی باشن و جێگەی متمانەن و شیعری زۆری «دیوانی سالم»یان تێدایە.

نیشانەی سەرچاوەکان:

پێش ئەوەی باسی یەکە یەکەی سەرچاوەکان بکەم بە پێویستی دەزانم ئەوە روون بکەمەوە کە هەندێک نیشانە و کورتکراوەم بۆ ناوی سەرچاوەکان داناوە ئەگەر جار جار ئاماژەیان بۆ بکەم دەبێ خوێنەر بیانزانێ، تا هەڵە و گومانی بۆ دروست نەبێت. وەک: (ف) مەلا فەتاحی کاگردەڵی. (م) مینای شکستە. (س) سەیید محەمەد. (گوڵ) گوڵزاری بەهار. (ق) مەلا عەبدوڵای قزڵجی. (ت) کەشکۆڵی تۆفیق. (ن) کەشکۆڵی نەناسراو.

### ١- کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵی

لە تەک ئەوەدا ئەم کەشکۆڵە یەکێکە لە کەشکۆڵە هەرە رەنگینەکانی دەستخەتخانەی کوردی، خاوەنی کەم کەشکۆڵم دیوە بە شێوەی ئەم بایەخی بە کەشکۆڵەکەی دابێت و، جێگەیەکی تایبەتی لە دڵ و دەروونیدا بۆ دانابێت!

---

(٥) ئەمانە بوون بە پرۆژەیەک بەرگی یەکەمی بە ناوی «ئەلبوومی کەشکۆڵی»ەوە ساڵی ٢٠٠٧ لە ئەکادیمیای کوردی چاپ بوو.

کام نووسەرەوە و ئەدیب و رۆشنبیرمان بە شێوەی مەلا فەتاحی خاوەنی ئەم کەشکۆڵە ئاوا سوێندی خواردووە؟:

« هەزار جار بەخوا، هەزار هەزار جار بە خوا و بە قورئان و بە پێغەمبەر سوێندم خواردووە و سوێند دەخۆم! ئەم کوللییاتی مەولەوییە لەگەڵ شیعری نالیدا تا گیان لە لەشمدا بێت نە بەکەسی دەبەخشم، نە بەکەسی دەفرۆشم، با کەس خەیاڵی خاو نەکات و گەوهەری خۆی لە سەنگ نەدات! چونکە بە زەحمەتێکی زۆر دەستم خستووە و جێگەی داوا و تەکلیف نییە!».

ئەم کەشکۆڵە کە ٦٧٠ لاپەڕە زیاترە بەرهەمی گەلێ لە شاعیرە ناسراو و نەناسراوەکانی کوردی تێدایە و بایەخی زۆری بە: مەولەوی و نالی و کوردی و سالم و... شاعیرانی دیکە داوە، بەرهەمی شاعیری وا هەیە تەنها لە لای ئەم هەیە، وەک جەفایی کە سەرلەبەری دیوانەکەیم لەم کەشکۆڵە وەرگرت و چاپم کرد.(٦)

پتر لە (٩٠) پارچە شیعری (سالم)ی تێدایە، گەلێ شیعری بڵاو نەکراوەیان تێدایە. وێنەی ئەم کەشکۆڵەم لایە و ئەسڵەکەی لای نەوەی شێخ مارفی نەرگسەجاڕە و بە درێژی لە پاشکۆی عێراق ژمارە ١٢- ١٣- ١٩٧٨، لە سەریم نووسیوە.

### ٢- کەشکۆڵی تۆفیق

ئەم کەشکۆڵەیش یەکێکە لە کەشکۆڵە رەنگین و نایاب و کەموێنەکانی دەستخەتخانەی کوردی، نووسەرەوەکەی خەتخۆش و وریا و گوڵچنێکی زرنگی باخچەی شاعیرانی کورد بووە. شارەزایانە و لەسەرخۆ گوڵچنی کردووە و بەرهەمی گەورە شاعیرانی کۆنی کوردی بەو خەتە خۆشەی رازاندووەتەوە.

جگە لە شاعیرانی فارس بایەخی زۆری بە شیعری مەولانا خالید و

(٦) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، دیوانی جەفایی، ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا لە چاپخانەی شەفیق چاپ کراوە.

مەولەوی و نالی و کوردی و وەفایی و حاجی قادر و شێخ رەزا و فەوزی – شێخ عومەری بیارە– و، طاهیر بەگ... داوە.

ئەوەیش ئێمە لێرەدا مەبەستمانە نزیکی (٤٠) پارچە شیعری (سالم)ی لە کەشکۆڵەکەیدا کۆکردووەتەوە.

پارچەیەک شیعری نایابی بڵاونەکراوەی شێخ رەزای تێدایە، لە تەک وتارێکدا کە باسی کەشکۆڵەکەم هەندێک بە درێژی نووسیوە... نووسیومە و ناردوومە بۆ کۆواری (رامان) چاوەڕوانی بڵاوکردنەوەیم[١].

### ٣ – کەشکۆڵی مەلا عەبدولای قزڵجی:

ئەم کەشکۆڵەیش بەری رەنجی مامۆستایەکی مەلا و خوێندەواری باش و رۆشنبیر و کوردپەروەرە. کاتێ لە کوردستان دوورکەوتووەتەوە و لە بەغدا نیشتەجێ بووە – دیارە – گەڕاوە لەو ئاوەرەییەدا بە خەتە خۆشەکەی شیعری شاعیرانی کوردی کۆکردووەتەوە و کاتێ سۆزی نیشتمان لە دڵیدا جۆشی سەندووە بەو شیعرانە خۆی لاواندووەتەوە.

نازانین سەرچاوەی شیعرەکانی کێ و چ کتێب و کەشکۆڵێک بوون، بەڵام ئەمیش وەک نووسەرەوە شارەزاکانی کەشکۆڵانی دی زانیویەتی چۆن گوڵچنی کردووە و بەری رەنجەکەی شیاوی رێز و مایەی سوود و قازانجی لێکۆڵەرەوانە.

لەو شاعیرانەی مامۆستا بەرهەمیانی کۆکردووەتەوە و بایەخی باشی بە شیعرەکانیان داوە: نالی و ئەدەب و شێخ رەزا و خاکی و.. چەند شاعیری دیکە. بەڵام خۆشبەختانە بایەخێکی باشی بە دیوانی سالم داوە و تێکڕا زیاد لە (١٢٥) سەد و بیست و پێنج پارچە شیعری ئەم شاعیرەی لە کەشکۆڵەکەیدا کۆ کردووتەوە.

ئەم کەشکۆڵەیش بایەخی تایبەتی لەوەدایە خاوەنەکەی مامۆستایەکی زانا

(١) دوایی لە بەرگی هەشتەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە دا بڵاوم کردەوە.

و ئەدیب و شارەزا بووە و بە تەنگ کارەکەیەوە بووە و کەشکۆڵەکەی بۆ خۆی نووسیوەتەوە.

### ٤- کەشکۆڵی گوڵزاری بەهار:

ئەم کەشکۆڵە یەکێکی تر لە کەشکۆڵە رەنگینەکانی کتێبخانەی کوردییە و نووسەرەوەکەی زۆر باشی بۆ چووە کە ناوی ناوە (گوڵزاری بەهار) چونکە ئەم دەستخەتە گوڵزارێکی رەنگینی بۆن و بەرامە خۆشی کەموێنەیە، لە باخچەی هەر شاعیرێک چەپکە گوڵی رەنگامەی بۆنخۆشی بۆ هێنراوە.

لە ناو ئەو شاعیرانەدا بایەخی باش بە دیوانی سالم دراوە، جگە لەوەی دیوانی سالمیش لەم کەشکۆڵەدا بەشی خۆی لە شێواوی و شپرزەیی و لەناوچوون بەرکەوتووە، هێشتا نزیکەی (٥٠) پارچە شیعری نایابی سالمی تێدا ماوەتەوە، کە بۆ کاری لێکۆڵینەوەی دیوانی سالم یارمەتیدەرێکی باشی نوسخەکانی تر دەبن.

باسی ئەم کەشکۆڵەم بە درێژی لە بەرگی شەشەمی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی)دا کردووە و ناوەرۆکی ئەم کەشکۆڵە بەشێکی زۆری ئەو بەرگەی پێکهێناوە.

ئەم بەرگە ساڵی ٢٠٠٤ لە دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپ کراوە.

### ٥- کەشکۆڵی سەید محەمەد:

یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی بایەخێکی باشیان تێدا بە (دیوانی سالم) دراوە کەشکۆڵی سەید محەمەدە، ئەم کەشکۆڵە لە رووی رێکوپێکی و باش هەڵگیراوییەوە کەموێنەیە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کەشکۆڵە ئەوەیە سەید محەمەد فیهرەستێکی وردی بۆ شیعرەکان کردووە و بەرانبەر بە شیعرەکانیش لە تەک فیهرەستەکەدا سەرەتای هەموو پارچە شیعرەکانی نووسیوە.

شیعری گەلێ لە شاعیرە ناودارەکانی کوردی لە تەک شیعری گەلێ

شــاعـیـری نەناســراوی لە خــۆ گـرتووە. لـە نـاو ئەو شــاعـیــرە نـاســراوانەدا بایەخــێکی تایبــەتی بە شــیــعـری ســالم داوە و لـەم کـەشکۆڵەدا (٢٠) پارچە شیعری سالم هەیە.

### ٦- کەشکۆڵی نەناسراو

ئەم کەشکۆڵە کـە ئەم ناوەم بۆ دانا کـەشکۆڵێکی قـەوارە مـامناوەندی، پەڕە زۆری، رەنگینی، بە خەتی خۆش نووسراوەیە، بە داخەوە نە لە سەرەتا و نە لە کـۆتاییــیــەوە ناوی کـەسی پێـوە نـیـیـە، ئەو سـەربازە نەنـاسـراوە ئەو رەنجـە کەمـوێنەی داوە و ئـەو هەمـوو شـەونخـوونییـەی کردووە و زەحـمـەتی کێشـاوە کەچی لە سووچێکدا بە دوو وشە یادی خۆی و کارە گەورەکەی نەپاراستووە.

کەشکۆڵەکە (٥٢٣) لاپەڕەیە، بەرهـەمی زیاد لە (٢٢٠) شـاعـیـری تێدایە، بە داخەوە بەشی زۆری بۆ شیعری فارسی و بەرهەمی شاعیرانی فارس داناوە، بەرهـەمی تەنیا (١٤) شاعیری کوردی تێدایە کە ئەمانەن:

ئاهی، ئەخـتـەر، بیـمـار، فـایەق - مـەلا عوسـمـان - حـەزین -، خـەسـتـە، رەمزی، سالم، سابیری، فەتحی، فیکری، قادر، نالی، هیجری، مەحوی.

(١٦) پارچە شیعری سالمی تێدایە.

لە لاپـەڕەی یەکـەمـدا مـێـژووی سـاڵی (١٣٣٣)ی پێـوەیە، بەڵام نـازانم ئەو مێژووە چییە و چی نییە.

### ٧- مینای شکستە:

ئەمە دەستخـەتێکی گەورەی خوالێخۆشبوو مامۆستا نەجمەدین مەلایە، پتر لە ٣٤٠ لاپەڕەی قـەوارە گـەورەیە، شـیـعـری زۆربەی شـاعـیـرە نـاودارەکـانی کــوردی تێــدایە، بایـەخــێکی زۆری بـە دیوانی ســالم داوە، دوای نـووســینی کورتەیەکی ژیانی دەربارەی شیعرەکانی نووسیویەتی:

« دیوانـی ســالم لـە شــاری بەغــدا لە لایەن مــحــەمــەد تاهـیـری مـەریوانی لە سـاڵی ١٩٣٣م چاپ کراوە. بێجگە لەوەی کـە چاپ

کراوه گەلێ هەڵبەستی شیرینی غەرامی، وە تەئریخیشی هەیە کە داخڵی ئەو دیوانە چاپکراوە نەکراوە، ئێمە ئەو هەڵبەستانە لەم دەفــتـــەرەدا دەنووسـین بە نیـــشـــانـەی (چ، ن) ١٩/ ٤/ ١٩٤٠ مامۆستا نەجمەدین مەلا، سلێمانی» (ل: ١٣٤).

دوای ئەمـە مـامـۆسـتـا نەجـمـەدین مـەلا پتر لە ٨٠ پارچە شـیـعری سـالمی نووسیوە، دوای ئەوەیش نووسیویە:

«بەکۆمـەکیی یەزدان هەڵبژاردەی دیوانی سالم تەواو بوو بە قـەڵەمی بەندەی بێ نەوا مامۆسـتا نەجمەدین مـەلا لە شاری سلێمانی، لە شـەوی پێنج شەمەی ١٨ی (ربیع الاول) ١٣٥٩ هـ. ڕێککەوتی ٢٧ی نیـسـانی ١٩٤٠م. هیـوام وایە خۆندەواران لە نارێکی نووسندەکەم ببوورن. چونکە لە وەختێکی پەرێشانی و بێ زەوقیدا نووسیومەتەوە».

دەبێ ئەوە بڵـێین: کـە مـامـۆسـتـا گـیـوی مـوکـریانی دیوانی سـالمی چاپ کردووەتەوە، گەلێ کەشکۆڵی لە بەردەستدا بووە و سـوودی لێ وەرگرتوون و بەشی زۆری ئەم پارچە شـیـعـرانەی بڵاو کردووەتەوە، بەڵام ناتەواویی زۆریان تێدایە و هەڵەی نوسخە و نووسەرەوە و باش نەخوێنرانەوە بە چاپەکەوە زەق و دیارن.

جگە لەوەیش کاتی وا هەیە زانیـاریی زۆر و پڕ بایەخی لە سـەرەتای پارچە شیعرەکانەوە نووسیوە.

من لـەم باســەدا – وەک بڕیارم داوە – تـەنیـا بەراوردی دەسـتـخـەتەکـەی دیوانەکە دەکەم و کەشکۆڵەکە دێڵمەوە بۆ کاری لێکۆڵینەوەی گەورە و تەواوی دیوانی سـالم، بەڵام لێرەدا بۆ دەرخسـتنی بایەخی سـەرچاوەکـان و بوونی زانیـاری بە نرخ، لا لەیەک پارچە شـیـعـری چاپـەکـە دەکـەمـەوە و لە تەک دەستخەتەکەی مامۆستا نەجمەدین مەلادا ڕووبەڕوویان دەکەمەوە، بۆ ئەمەیش پارچە شیعرەکە وەک مامۆستا نووسیویەتی دەنووسمەوە و خوێنەر دەتوانێ لە تەک چاپەکـەدا بەراوردی بکات. بەڵام پێش ئەوە دوو زانیـاری، یان دوو

سەرنج دەخەمە روو:

یەکەم: مامۆستا نەجمەدین مەلا دەڵێت: «ئەمەی ئاتیی ئەو هەڵبەستەیە کە عەبدورەحمان سالم فەرمووویەتی لە کاتێکا چووەتە شاری «حلە» لە ماڵە عارەبێک میوان بووە خزمەتیان نەکردووە».

پێش ئەمەیش لە بارەی شوێنی کۆچی دوایی «سالم»ەوە نووسیویەتی: «لە پاش رووخانی حوکوومەتی بابان «سالم» بە مەئموورییەت لە لایەنی حوکوومەتی تورکەوە نێرراوە بۆ شاری «حلە»، چەند زەمانێک لەوێ رای بواردووە و لەوێش وەفاتی کردووە و هەڵبەستێکی دوور و درێژیشی لەوێ وتووە کە لەم کتێبەدا، لە ئاتیی نووسراوە، گلەیی لە ماڵە عارەبێک: کردووە کە چووەتە ماڵیان و خزمەتیان نەکردووە».

دووەم: خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی بەوە تۆمەتبار دەکرا کە بژاری شیعری کوردی کردووە و وشەی بێگانەی لێ دەرهاویشتووە، رەنگدانەوە و کاریگەریی ئەو گومانە – دوای بەراوردکردنی چاپەکە لە تەک دەستخەتەکەی نەجمەدین مەلادا – بە روونی لێرەدا دەبینرێت.

دەقی پارچە شیعرەکە لە چاپەکەدا ۲۱ بەیتە، لە دەستخەتەکەدا ۳۲ بەیتە..

## باسێکی دەستخەتەکە[1]

ئەم دەستخەتە کە وێنەی لە لای منە وا دیارە کاتی خۆی لە شێوەی «بەیاض»دا نووسراوەتەوە. لەسەر لاپەڕەی یەکەمی کە ژمارەی پێوە نییە بە خەتێکی گەورە و سەروبۆر بۆکراو نووسراوە:

«تعالى هو الله شأنه العزيز، اين كتاب كرماجي قصيده و غزليات از گفتهء سالم و بعضى شاعرهاي ديگر است».

دوای ئەوە سەرەتاکەی دیار نییە و بەلای کەمییەوە شەش لاپەڕەی کەوتووە، ژمارە بۆ لاپەڕەکانی بە شێوەیەکی جیاواز لە ژمارە دانانی – تەرقیمی – ئێستە دانراوە، بۆ نموونە لە بری (٢٢) (٢٠٢) نووسراوە. گەلێ جاریش ژمارەکان دووپات بوونەوەتەوە، ئەوەی کە ماوە لە بەیازەکە بەگوێرەی ئەو ژمارە دانانە (٧٠) لاپەڕەیە، بەڵام بەپێی ئەو ژمارەی من بۆم داناوە گەییوەتە (١٢٤) لاپەڕە.

وا دیارە بەیازەکە تێکچووە و شیرازەی پساوە و دوایی کەسێکی ناشارەزا رێکی خستووەتەوە، چونکە لە دوو سێ شوێندا شێوەی گواستنەوە و ئەمبەرەوبەرکردنی لاپەڕەکان دەگۆڕێت و بە یەک لادا ناخوێنرێتەوە و دەبێ خوێنەر بە شارەزاییی خۆی باری خوێندنەوەکەی بدۆزێتەوە.

دەستخەتەکە بە زۆری شیعری سالمە، شیعری نالی و یەک دوو کەسی تری تێدایە، تەنیا شیعری کوردیی تێدایە شیعری فارسیی تێدا نییە. کۆتاییشی دیار نییە و نازانرێت چەندی لێ لە ناو چووە.

دەستخەتەکە لە پێشدا خراوەتە سەر میکرۆفیلم و ڕەنگە باش چاودێریی

---

(١) مەبەستم لەم دەستخەتە دەستخەتی دووەمە کە بە دەستخەتی سنە ناوی دەنێم.

لاپەڕەکـانی نەکـرابێت و پاشـوپێش و کـەوتن لە لاپـەڕەکـانیـدا رووی دابێت، دواییش کە خـراوەتە سەر کاغـەز و وێنەی گیراوەتـەوە ئەمدیوەودیوە، واتە هـەر دوو لای پەڕەکە وێنەی لەسـەرە و ماوەی کارتێداکردنـی باشـی نییە، کە ئێستا فیـهرەستم بۆ کردووە فیـهرەستـەکە زۆر تەواو و دروست نییـە و دەبێ جارێکی تر – ئەگەر بلوێ – دەستخەتەکە وێنە بگیرێتەوە و لاپەڕەکانی رێک بخرێنەوە.

لەم دەسـتـخـەتەدا لە «دیوانی سـالم»دا پـەیڕەوی پیـتی هیـجـا نەکراوە و ئەو شێوەی تێدا پەیڕەوی کراوە شێوەیەکی جیاوازە.

گومـان بۆ ئەوە دەچێت لەبەر دەسـتـخـەتی سـالم یا لەبـەر دەسـتـخـەتێک کە لەبەر دەستخەتی سالم نووسرابێتەوە– نووسرابێتەوە.

رەنگە ئەم شیعرانەی سالم ئەو شیعرانە بن کە سالم لە دوا دوایی تەمەنیدا نووسـیبـنیەوە، یان ئەمـانە لەبەر دیوانێک نووسرابنەوە کـە سـالم لە دوا دوایی تەمەنیدا رێکی خستبێت؛ چونکە لە هەجویاتەکەیدا نووسیویە:

«هجويات است در حالت جهل و ناداني انشاء شده است، استغفرالله.»[٧].

ئەم دەسـتـخـەتە پیاوێکی خـەتخۆشی شـارەزا نووسـیوویەتییـەوە و خـەتـەکەی خـۆشـــە و هـەڵەی کـــەمـــە و نـوســـخـــەکـــە بۆ کـــاری لێکـۆڵینـەوە لە گـەلێ لە نوسخەکانی تر جێگەی متمانەی زیاترە.

نووســەرەوەی دەســتـخــەتـەکـە لە ســەرەتای پارچە شــیـعــرەکـانی ســالمەوە نووسـیـویە «ازگفتـەء سـالم – شـیـعری سـالمە» لە دەسـتـخـەتەکانی دیدا تەنیـا «ولە– ئەمـەیش هی ئەوە» دەنووسن. لـە کۆتایی گـەلێ لەو پارچە شـیـعـرانەوە نازناوی «سـالم» نییە.

هەرچەندە نوسـخـەکە زۆر کۆن نییـە گـەلێ نیـشـانەی رێنـووسـی کوردی لە کـارەکـەیدا دیـارن و ئەمـەیش جـێگەی بایەخـێکی ترە، نموونەی ئـەم لایەنەیش زۆرن لەوانە:

«نمەکـی، روبەروت، قـد نـەبی...» کـە لە دەسـتـخـەتەکـانی تردا بە «نمـکـی، روبروت، قدنبی...» دەنووسرێن.

هەرچەند دەستخەتەکەی بە «نستعلیق» نووسیوەتەوە -ماڵی ئاوابێت- شکستەی بەکار نەهێناوەو و خەتەکەی زۆر خۆشخوێنە.

هەرچەندە دەستخەتەکە ناتەواوە و سەرەتا و کۆتاییی دیار نییە، لە ناوەوە دوو مێژووی تێدایە؛ یەکەمیان لە لاپەڕە ٩٥دا دەڵێ «١٤ شهر ربیع الاول ١٣٢١» لە لاپەڕە (١٢١)شدا نووسیویە «هجدهم شهر ربیع الاول ١٣٢١». ئەو ئەندازەی لەو مێژووەدا نووسیویەتییەوە دەکاتە چواریەکی ئەوەی کە ماوە لە دەستخەتەکە، واتە دەبێ ئەم دەستخەتە - بەو پێیە - لە ١٥- ١٦ رۆژدا نووسرابێتەوە.

لەم دەستخەتە وەردەگیرێ دەبێ لەو سەردەمەدا شیعری نالی و سالم لە کوردستانی ئێراندا زۆر باو و بڵاو بوون و رۆشنبیران لە هۆڵ و هەوڵی نووسینەوە و کۆکردنەوەیاندا بووبن.

وەک باسیشی دەکەم دەبێ نالی کەی ئەم پارچە شیعرەی لە تاران گوتبێ و کەی گەیشتبێتە سنە؟ ئەمەیش بۆ خۆی نموونەیەکی تری بایەخدانە بە شیعری نالی و سالم.

بۆ ئەوە رۆشنبیران و بەتەنگەوەهاتووانی دیوانی شاعیرانی کورد بزانن ئەم دەستخەتە چی لە بەرهەمی شاعیرانی کورد تێدایە، بە کورتی ناوەڕۆکەکەی دەخەمە ڕوو، بەڵام پێش ئەوە دەبێ بڵێم: ئەم نووسەرەوە بەڕێزە جگە لەوە خەتخۆش و دەستڕەنگین بووە و بە تەنگی کارەکەیەوە بووە، زیرەک و وردەکاریش بووە و چەند شتی بە بایەخی بۆ تۆمار کردووین کە ئەمە یەکەم جارە مێژووی ئەدەبی کوردی و مێژووی زانایان و ناودارانی کورد هەواڵیان دەزانێ. لەوانە:

«تمت شد از گفته سالم، اصل سکونت آن شاعر در ولایت سلیمانیه وخاک دولت علیهء عثمانیه است، آن شاعر دائی نالی بوده است، در تأریخ هجدهم شهر ربیع الاول ١٣٢١ حقیر سراپا تقصیر علی اکبر ساکن ولایت سنندج باتمام رسانید»

لەمەوە ئەوە دەردەکەوێ کە تا ئێستا باس نەکراوە کە سالم خاڵی نالی بووە.

هەروەها دوو چامەکەی نالی و سالم کە تا ئیستە بەگومانەوە بۆ ئەوە دەڕوانرا نالی ئەم شیعرەی:

« قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو موڵکی شارەزوو»ی

بۆ سالم نووسیبێ و پارچەکەی سالمیش وەڵامی ئەو بێت، نووسەرەوەی ئەم دەستخەتە لێرەدا ئەو گومانەی ڕەواندووەتەوە و لەسەر یەکەمیانی نووسیوە:

«این قصیده حضرت نالی در قسطنطنیه محض احوالپرسی ملک بابان فرستاده است».

لەسەر دووەمیان:

«جانم فدای سروکت ئەی بادکی سحر

ای پیک مستعد له همو راه پر خطر»

نووسیویە:

«در جواب همین قصیده، نالی انشاشده است»

دەبێ بەسەر ئەوەیشدا نەڕۆم ئەم دەستخەتە جگە لەوە لە سەرەتا و ناوەڕاستییەوە کەوتن و ناتەواویی هەیە کۆتاییەکەیشی نەماوە و لە شیعری نالیدا کۆتایی هاتووە و ڕەنگە زۆر شیعری تری نالی لەو بەشە لە ناوچوەدا بێت.

هەروەها گومانم بۆ ئەوەیش دەچێت ئەم دەستخەتە بۆ میرێک یان کەسێکی ناوداری ئەو سەردەمە نووسرابێتەوە و دوور نییە نووسەرەوە لە کۆتاییی دەستخەتەکەوە باسی ئەوەی کردبێ بەڵام – دیسان – بە لەناوچوونی کۆتاییی دەستخەتەکە ئەو هەلەیش لە کیس چووە کە زانینی بایەخدانی میر و ئاغایانی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێرانە بە شیعرەکانی نالی و وەک لەو دەستخەتەوە کە لە هەنگاوێکدا سوودی سەرەکیم لێ وەرگرت ئەوە بە ئاشکرا دیار بوو کە بۆ «ئەحمەد ئاغا» ناوێک نووسرابووەوە.

**فیهرەستێکی دەستخەتەکە و سەرەتای پارچە شیعرەکان:**

ل: ٢ شکوه بی حاصله سالم له جفاهای حەبیب. (ئەمە دوا بەیتی پارچەیەکە که سەرەتاکەی دیار نییە)

ل: ٢ طرەی تو آبی بقای چهره دلی سردیه شتاب (سالم)

ل: ٣ دور له خاکی سری کوی تو صنما تاسفریم (سالم)

ل: ٤ دموی مست باده بم تا بم (سالم)

ل: ٥ هل پڕا خوین به جگرما می غمزت به ظمیر

ل: ٦ دوری روی داوه خمی سنبلی مو (ناتەواوی)

ل: ٦ هر طرف شمعی رخی جانانیه (ناتەواوی)

ل: ٧ طلبکم گر به غیر از تو له الله (سالم)

ل: ٧ رها ناکم دلم طرەء خمی یار (سالم)

ل: ٨ غبغب و خال و لب و طرەء یار (سالم)

ل: ٩ چاوکت وختی به ایما میلی جامی می دکا (سالم)

ل: ١٠ بیم رقم کم گر له شرحی غم کمی

ل: ١١ دوا هردم شکر خندت ثمرقند. (سالم)

ل: ١١ به فن ای مدعی گر ببیه ابلیس (سالم)

ل: ١٢ لطیف و سروقد و گل جبینی (سالم)

ل: ١٣ اشاره غمزه رنگه قصد سر بی (سالم)

ل: ١٤ تابی کوا آینه روی توی بیته ناو (سالم)

ل: ١٥ له ناو زلفا برو دلدار مەستور (سالم)

ل: ١٦ چونکه او گوی زنخدانی هیه (سالم)

ل: ١٧ سوی عاشق وختی ایما رو برو تیرافکنی (سالم)

ل: ١٨ له دلدا چونکه هر خوینم دخوا غم (سالم)

ل: ١٩ هلاكی جانی بیمارانه أمەشو (سالم)

ل: ٢٠ راسته ای زلف سیه مارانی (سالم)

ل: ٢١ عبدال أبد هر منم ای چرخ جفاکیش (سالم)

ل: ٢١ دل له حلقه چینی زلفت ای بسا زنجیری دی (سالم)

ل: ٢١ به خدای له روژ شو دینی (سالم)

ل: ٢٣ حسابی نفحهء زلفت لەکل مشکی خطا ناکم (سالم)

ل: ٢٤ رنجشی معشوقه گر عاشق له بر چاوی نەبی (سالم)

ل: ٢٥ روژ دل هر شوی تاره چ لوی بم چ لمی (سالم)

ل: ٢٦ هر سحر دینیته یادم کوی تو ملکی خطا (سالم)

ل: ٢٦کار آشفتم دریغا رنگی سامانی نیه (سالم)

ل: ٢٧ وکو نی تا لبم نەکری لبی یار (سالم)

ل: ٢٨ له رز ای دل اکر تیرت خبردا (سالم)

ل: ٢٨ بو پاسی رو له طرهء مو مار ارقمی (سالم)

ل: ٢٩ به پابوست بکا کر سر وکو فرش (سالم)

ل: ٢٩ تا منزلی تیری نگهت ناوی دلم بی (سالم)

ل: ٣٠ به حسرت اشک آلم دیته سر رو (سالم)

ل: ٣١ اکر چ سینه بو دل وک سپر بو (سالم)

ل: ٣١ تفرجگاه دل گلزار روته (سالم)

ل: ٣٢ خو شا هرجا که فصدی لب دکا یار (سالم)

ل: ٣٢ که الماسی مژت کیر بدلما (سالم)

ل: ٣٣ چ دبی کر له رقیبم دلم آزاری ببی (سالم)

ل: ٣٤ به دل وختی نکه مژگان دلبر (سالم)

ل: ٣٥ فلک زحمت له دڵ میلت بدرکا (سالم)

ل: ٣٦ جهان آرایه مه اما نه وک روت (سالم)

ل: ٣٧ له محشردا اکر بی روی تو مایل بجنت بم (سالم)

ل: ٣٧ صد مولوی به فتوی دل دبنه عیسوی (سالم)

ل: ٣٨ سوادی قیرکون شبها له نسخهء عنبرین موته (سالم)

ل: ٣٩ به روی روژا نواندی لیل دیجور (سالم)

ل:٤٠ اکر دستم دگاته گوی پستان (سالم)

ل: ٤١ عیلاجی ایشی دل ناکا بصد مرهم حکیم امشو (سالم)

ل: ٤٢ خراب خانهء دل هر وکو خانهء خراب کردم (سالم)

ل: ٤٤ به چین گرتویه زلفت کرد رخسار (سالم)

ل: ٤٥ آبی حیاتی منه بوسهء لیوی حبیب (سالم)

ل: ٤٦ نگه کی گر به چاوی فتنه انگیز

ل: ٤٦ له روی تیری موژەی خونریزی مەحبوب. (سالم)

ل: ٤٧ له چرخی حسنتا هاتن مطابق (سالم)

ل: ٤٨ ای دیده وا دیاره که تو آبرووم دبی (سالم)

ل: ٤٩ مرادم حالی خومه گر حدیثی شور بلبل کم (سالم)

ل: ٥٠ الوداع ای ملک بابان الوداع (سالم)

ل: ٥١ زمانه قد له کل اولادی آدم با وفا نابی (سالم)

ل: ٥٢ سروکاری خیالت ابتدا وختی لەکل دل بو (سالم)

ل: ٥٢ دناسی قاتلی دل گر نگه کی سوی مژگانت (سالم)

ل: ٥٣ بیتو... کریم وک رعدی نوبهاران (سالم)

ل: ٥٤ به ابد جیگهء من منزلی جانانه نیه (سالم)

ل: ٥٤ دلم شاده له بندی سلسلەی گیسوی دلبردا (سالم)

ل: ٥٥ بو منی بی سرو پا غیر وفا پیشه نما (سالم)

ل: ٥٥ له رمزی سری عشقا اهل دل بیدار و باهوشه (سالم)

ل: ٥٦ دلی پر وحشتم جانا له بر مژگانی وک تیرت (سالم)

ل: ٥٧ له بر پیکانی تیری آهی من مومه حجر امشو (سالم)

ل: ٥٧ غلامی دیدهء مخموری تویه نرگسی شهلا (سالم)

ل: ٥٨ له بر تعمیری ام ویرانه محنهت ملکی آدهم بو (سالم)

ل: ٥٩ بو خال لبت زلف سیهدامه همو دم (سالم)

ل: ٥٩ نایلی بیمه حضورت منی آواره عبث (سالم)

ل: ٦١ نمکی ریته برینم نمهکی روی ملیح (لێرەدا کەوتن هەیە)

ل: ٦١ أ به دورمدا وفا کیشاویه مرکز (سالم)

ل: ٦٠أ عقیم آسا له زگ وستایوه وصلی نما ایتر (سالم)

ل: ٦٠ سوادی پردهء ظلمت سیاهی نسخهء موته (سالم)

ل: ٦٠ له سینهمدا سهدای ناڵینه بێ تۆ (سالم)

ل: ٦٢ طریقی عشقت ار ون کم تریقی دشت محشر بم (سالم)

ل: ٦٣ له غمزه چاوی مخمورت بتال بو (سالم)

ل: ٦٣ یاد زلف و ابرو و مژگان یار (سالم)

ل: ٦٤ سوادی دا به مغرب طرهء گیسوی جانانم (سالم)

ل: ٦٥ سا بزاری بو ننالینم له داغی فرقتت (سالم)

ل: ٦٥ له قبله رو به روت محرابه بو دل (سالم)

ل: ٦٦ له هر موی برو زلفت بهداوه (سالم)

ل: ٦٧ وکو یک دیته بر گوی پیاوی احمق (سالم)

ل: ٦٧ زورقه دل دریا و مردم ناخدا (سالم)

ل: ٦٨ خمی قدم له غمدا شیوه ابروته تا موته (سالم)

ل: ٦٨ له زلف و اگریجت بو کلم و غبغب (سالم)

ل: ٦٩  بندی کردم به جفا لا مذبی پرستمی (سالم)

ل:٧٠ اوف خدا ام چژنه بو حالی غریبان ماتمه  (سالم)

ل:٧٠ وا دل له خەیالاتی نهان پر غمه امشو  (سالم)

ل: ٧١ تا طاقه له سینم دل غمدیده له کوی تو  (سالم)

ل: ٧٢ به محضی جورو... هرکسی ترکی محبت کا  (سالم)

ل: ٧٣ معنی نین وکو یک شرحی من و دلبری من  (سالم)

ل: ٧٤ له پوزی لامعی طشتیکی راگرتو وتی رومه   (سالم)

ل: ٧٥ جانانه حالی ام دله گر جستجو دکی  (سالم)

ل: ٧٤ حرمتی دل واجبه چونکه مکانی دلبره  (سالم)

ل: ٧٥ ای دلا حلقهء او زلفه همو دامه مچو (سالم)

ل: ٧٦ به افسونی نگاهی سحر دیدهء نازنینی من  (سالم)

ل: ٧٧ هتاکی ای فللک بو بختی من جورو تظلم بی  (سالم)

ل: ٧٨ دیده بی دیدار دلبەر تاره مەستوری نکا.  (سالم)

ل: ٧٨  آشفته کناری گرت گیسو له رخی یارا  (سالم)

ل: ٧٩ پار سال له وصلدا به صفا عیش جمم بو  (سالم)

ل: ٨٠ ترکی چاوی دلبرم وختی نگه تیر افکنه  (سالم)

ل: ٨٠ پنجه بو تصویر ابروت پیروی مانی دکا (سالم)

ل: ٨١ اسمان دهقانو عمرم کشت دواسی ماه نو  (سالم)

ل: ٨٢ تا رقیب حاضره گاهی حذره نەک حضره  (سالم)

ل: ٨٢ دک رقیب توشی بلای بی نجاتت قد نەبی   (سالم)

ل: ٨٣ تا له لیوم خدایا بار ام هجرانه بی (سالم)

ل: ٨٤ وک درو فوه نخشه دندان و لبی آلت  (سالم)

ل: ٨٤ تماشای کوی زنخدانت دلی نارنج بغدایه  (سالم)

ل: ٨٥ دود آهی سحرم روی فلکی کرده سیحاب (سالم)

ل: ٨٥ له وادی فرقتا روژم وکو شوی تاره (سالم)

ل: ٨٧ دل له محنت کیله ریم کن با بغم درچم له شار (مەولانا خالید)

ل: ٨٦ به دل کین با به نشئهء می خماری محنتی دنیا (سالم)

ل: ٨٨ اگر امیدی دل بینیته جی ماهی جهان آرا (سالم)

ل: ٨٩ تیروش دیمه گذشت و عهد نیسان هاتوه (سالم)

ل: ٩٢ قربان توز ریگتم آی باد خوش مرور (نالی)

لەسەر ئەم قەصیدە نووسیویە: این قصیده حضرت نالی در قسطنطنیه محض احوالپرسی ملک بابان فرستاده است.

ل: ٩٨ جانم فدای سروکت ای بادکی سحر (سالم)

لەسەر ئەم قەصیدەیە نووسیویە: در جواب همین قصیدهء نالی انشا شده است.

ل: ٩٩ مهی دی هاتو چو رابرد و شوی دی (سالم)

در وصف والی کردستان انشا شده است.

ل: ١٠٣ هجویات است در حالت جهل و نادانی انشاء شده است. استغفرالله.. (سالم)

ل: ١٠٣ مو لتنما باز له قهرا بو به نوکی نیشتر (سالم)

ل: ١٠٤ در زفاف درویش آقا انشا شده (سالم)

ل: ١٠٤ مرغ دل بو سیری شادی وا له سینمدا دفری (سالم)

ل: ١٠٦ له ذکری آلتی یاری قلندر (سالم)

ل: ١٠٧ رفیق بینو تماشاکن دمی بوک بردنه امشو (سالم)

ل: ١٠٩ کس نلی پیم ای فلانی هجوی سنگ هل کیش مکه (سالم)

(هجو احمد سنگ هل کیش)

ل: ١١١ دوس دل سردم ... ... (کلام حبیب الله خان کلیاهی)

ل: ١١٢ اگر نخلی مرادم بی ثمر بی (سالم)

ل: ١١٣ له کنجی محنتا هر شو خیالی وصل دلبرکم (سالم)

ل: ١١٤ راسته دل حبسه ولی شاده له گیسوی حبیب (سالم)

ل: ١١٥ دستی من تعویذه بو ردی بلا (سالم)

ل: ١١٦ همو شو چاوەریم بلکم به مخفی یار جانی بی (سالم)

ل: ١١٧ ابد قط ستری اندامت بتا جامهء کتان نابی (سالم)

ل: ١١٨ چونکه اقلیمی فراق آب و هوائیکی نیه (سالم)

ل: ١١٩ وجودم راسته خوی سوتا ولی اکثر خطای یاره (سالم)

ل: ١٢٠ بی تماشای خالی توخالی له مردم دیدەما (سالم)

ل: ١٢١ له ظلمت برمه بر کس گر عرایض (سالم)

ل: ١٢١ گریزانی جفام ای ترکی سیمین بر خدا حافظ

* تمت شد از گفتهء سالم اصل سکونت آن شاعر در ولایت سلیمانیه و خاک دولت علیهء عثمانیه است، آن شاعر دائی نالی بوده است. در تأریخ هجدەهم شهر ربیع الاول ١٣٢١ حقیر سراپا تقصیر علی اکبر ساکن ولایت سنندج باتمام رسانید.

ل: ١٢٢ بدا احوالی اشخاصی که خاصی ملک بابانن.

ذکر پریشانی نجبای بابان از گفتهء نالی در ولایت سلیمانیه انشا کرده.

ئەم پارچە شیعرە چوار لاپەڕەیە دوای ئەوە دەسخەتەکە بەبێ کۆتاییهاتنێکی دیار تەواو بووە.

## فیهرەستی دەستخەتی ئەحمەد ئاغا

کاتێک دەستخەتی ئەحمەد ئاغام دەستکەوت شیعرە بڵاونەکراوەکانیم لە ژێر ناوونیشانی «هەنگاوێک لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی...»دا بڵاو کردەوە، هەر ئەو دەستخەتەم لەو شێوە لە دەستدا بوو، بۆیە بایەخم تەنیا بە پارچە شیعرە بڵاونەکراوەکاندا و نەچوومە بواری نووسینی ناوەڕۆکی دەستخەتەکە، بەڵام کە دەستخەتی «عەلی ئەکبەری سنەیی»م دەستکەوت و ناوەڕۆکەکەیم لە تەک ناوەڕۆکی دەستخەتی ئەحمەد ئاغادا بەراورد کرد، لە هەندێ رووەوە گومانم بۆ ئەوە چوو کە ئەم دوو دەستخەتە یەکێکیان لەبەرئەوی تریان نووسرابێتەوە، یان هەردووکیان لەبەر دەستخەتێک نووسرابێتەوە. ئەوەیش کە ئەو گومانەی دروست کرد ئەوەیە:

* ئەم دوو دەستخەتە هیچیان لەسەر تەرتیبی پیتەکانی هیجا نەنووسراونەتەوە و لەوانەیە لە نووسینەوەیاندا بابەتبەندیی پەیڕەویی کرابێت.

* لە هەردووکیاندا بابەتی «هەجویان» بەجیا نووسراوە و لە سەری نووسراوە «هەجویان».

* هەردوو دەستخەتەکە بە زۆریی شیعری «سالم»یان تێدایە.

* پارچە بڵاونەکراوەکانی هەردووکیان لەیەکەوە نزیکن. هەر چەند زنجیرەی پارچە شیعرەکان لە هەردوو لادا وەک یەک نین.

لەبەر ئەو لەیەکچوونانە و لەبەرئەوەی مەبەستم لەم کارەمدا خزمەتکردنی دیوانی سالم و کارئاسانکردنە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە دیوانی سالم بکۆڵنەوە، وام بە باش زانی لەم هەوڵە نوێیەدا فیهرەستی ئەم دەستخەتەیش بخەمە پاڵ فیهرەستی دەستخەتی سنەیی و بەر چاوڕوونییەک بۆ لێکۆڵەرەوانی دیوانی سالم بکەم و کۆمەڵێک بەو بەڕێزانە بکەم.

فیهرەستی دەستخەتی ئەحمەد ئاغا

١- سەرەتاکەی ناتەواوە و بەم بەیتە دەست پێ دەکات:
نگاهت گر باهوی چین بدم نسبت دروی مخطه ١
٢- بو خال لبت زلف سیه دامه همو دم ١
٣- نایلی بیمه حضورت من آواره عبث ٢
٤- له سینمدا صدای نالینه بی تو ٢
٥- نمکی ریته برینم نمکی روی ملیح ٣
٦- بدورمدا وفا کیشاویه مرکز ٤
٧- اگر باور دکی سوگند بابروت ٥
٨- بغمزهء چاوی مخمورت بتال بو ٥
٩- یادی زلف و ابرو مژگان یار ٦
١٠- طریقی عشقت ار ون کم طریقی دشت محشربم ٧
١١- به حقیقت صفا استادی هنر ٧
١٢- سا بزاری بو ننالینم لداغ فرقتت ٨
١٣- له قبلهء روبروت محرابه بو دل ٩
١٤- سوادی دا بمغرب طرهء گیسوی جانانم ٩
١٥- وکو یک دیته برگوی پیاوی احمق ١٠
١٦- زورقه دل دیده دریاو مردم ناخدا ١١
١٧- لحملهء رای هندی غم شهی شادی گریزانه ١٢
١٨- له هر موی برو زلفت بداوه ١٣
١٩- بندی کردم بجفا لا مذبی پر سمتی ١٣
٢٠- خمی قدم لغمدا شیوهء ابرونه تا موته ١٤
٢١- لزلف و اگریجت بو کلم غبغب ١٥
٢٢- تا تاقه لسینم دل غمدیده له کوی تو ١٦
٢٣- اوف خدا ام جژنه بو حال غریبان ماتمه ١٦

٢٤- وا دل لخيالاتی نهان پر غمه امشو ١٧
٢٥- معنی نین وكو یک شرح من دلبری من ١٨
٢٦- بمحض جوری دلبر هركسی ترک محبت كا ١٩
٢٧- جانا حالی ام دله گر جستو جو دكی ٢٠
٢٨- ای دلا حلقهء او زلفه همو دامه مچو ٢١
٢٩- حرمتی دل واجبه چونكه مكانی دلبره ٢١
٣٠- لنوری لامعی مشتیكه راگرتو وتی رومه ٢١
٣١- .. وشان ملک عرب جمله یک بیک ٢٢
٣٢- بدل كین بالنشه می خماری محنتی دنیا ٢٢
٣٣- اگر امیدی دل  بی نیته جی ماه جهان آرا ٢٣
٣٤- دله خلوت سرای حضرت دوست ٢٤
٣٥- هر دیدن تویه دل بكا شاد ٢٥
٣٦- سهی قران مشكین زلف و پرچم ٢٦
٣٧- خضروارم اگر ماچی كرم كی ٢٨
٣٨- وله بركلام سعدی: روه یاگل امه یابرگ نسرین ٢٩
٣٩- وله برجامی: گوارت كوته سر روشنی بناگوشی ٣٠
٤٠- لێرەدا ناتەواویی و كەوتن هەیە. سەرەتای لاپەڕەی تێداچوو بە (بە ایماكر) دەستی پێ كردووە. سەرەتای ئەو لاپەڕەیش كە ئێستە هەیە بە:
زخم دل بو آب پیكان تشنه ما ٣١
الوداع ای تیر مژگان الوداع
٤١- فرح بو دل له طالعما چه كم بو ٣١
٤٢- سەرەتای ئەم لاپەڕەیش - وا دیارە- دوای ناتەواویی دێت:
بمن بی سینه سختم به قلغانی نظر ناكم ٣٢
٤٣- بپابوسی لقدتا طره تاكی چین بچین درژی ٣٢
٤٤- رو بروی نقش نگین مصطفا ٣٣

٤٥- دزانی باغ بخت اهل دل بو قد ثمر نادا ٣٥
٤٦- طریقی عشقت ار بردم خجالت بم لمحشردا ٣٦
٤٧- چشمن نهر روان دیدهء گریانی منه ٣٧
٤٨- قادری بو نظم و بین کفرو دین ٣٨
٤٩- لطرف یارهوه نوبهء نظره ٣٩
٥٠- بسر گلدا لشانت گل دباری ٤٠
٥١- عین فوارهء خوین دیدهء بی آوی منه ٤٠
٥٢- مایله وک سری زلفت سری من با بری پا ٤١
٥٣- قد تواو نابی آرزوی یارم ٤٢
٥٤- حک بکم دفتری سعدی دمی وصف ار به بیان ٤٢
٥٥- طره بو آب بقای چهر دلی برد بشتاب ٤٣
٥٦- دور لخاکی سری کوی تو صنما تا سفریم ٤٤
٥٧- دموی مست بادهبم تا بم ٤٥
٥٨- هل پژا خوین بجگرما دمی غمزت بظمیر ٤٦
٥٩- سراپا بنده اندامم له بندی سحری جادوی ٤٧
٦٠- هاته روی دل لغمزه بسکه خدنگ ٤٨
٦١- زلفی جانانه لدوری کمرا ٤٨
٦٢- هر طرف شمعی رخ جانانیه ٤٩
٦٣- غبغب و خال لب و طرهء یار ٥٠
٦٤- روی لناو طره چرایه و لشبایه ٥٠
٦٥- طلب کم گر بغیر از تو له الله ٥١
٦٦- رها ناکا دلم طرهء خمی یار ٥٢
٦٧- بیم رقم کم گر لشرح غم کمی ٥٢
٦٧- امرو بدلبری شهی هر مرزو کشوری ٥٣

٦٩- چاوكت وختى به ايما ميل جام مى دكا ٥٤
٧٠- لطيف و سرو قدو گل جبينى ٥٤
٧١- بفن اى مدعى گر ببيه ابليس ٥٦
٧٢- دوا هردم شكر خندت ثمر قند ٥٧
٧٣- تابى كوا آينه روى توى بيته ناو ٥٨
٧٤- اگر نخل مرادم بى ثمر بى ٥٩
٧٥- چونكه او گوى زنخدان هيه ٦٠
٧٦- لناو زلفا برو دلداره مستور ٦٢
٧٧- لدلدا چونكه هر خوينم دخوا غم ٦٣
٧٨- سوى عاشق وختى ايما روبرى تير افگنى ٦٤
٧٩- عبدال ابد هر منم اى چرخ جفاكيش ٦٤
٨٠- راسته اى زلف سيه مارانى ٦٥
٨١- هلاک جان بيمارانه امشو ٦٦
٨٢- بخداى كه روژ و شو دينى ٦٧
٨٣- دل لحلقهء چين زلف اى بسازنجيرى دى ٦٨
٨٤- زنجشى معشوقه كر عاشق لبر چاوى نبى ٦٩
٨٥- حسابى نفحهء زلفت له كل اشک خطا ناكم ٧٠
٨٦- هر سحر دينيته يادم كوى ملک خطا ٧١
٨٧- روژى دل هر شوى تاره چه لوى بم چه لمى بم ٧٢
٨٨- بو پاس رو لطره مو مارى ارقمى ٧٣
٨٩- لزارى دل اگر تيرت خبردا ٧٣
٩٠- وكو نى تا لبم نگرى لب يار ٧٤
٩١- بحسرت اشكى آلم ديته سر رو ٧٥
٩٢- تا فنرلى تيرى نگهت ناوى دلم بى ٧٦
٩٣- بپابوست بكا گر سر وكو فرش ٧٦

٩٤- اگرچه شو انیسم وک ملک بو ٧٧
٩٥- خوشا هر جا که قصدی لب دکا یار ٧٧
٩٦- تفر جگاه دل گلزار روته ٧٨
٩٧- اگر چی سینه بو دل وک سپر بو ٧٨
٩٨- بدل وختی نگه مژگان دلبر ٧٩
٩٩- چه دبی گر له رقیبم دلم آزاری ببی ٨٠
١٠٠- جهان آرایه مه اما نوک روت ٨٠
١٠١- فلک زحمت لدل میلت بدرکا ٨١
١٠٢- سواد قیر گون شبها لنسخهء عنبرین موته ٨٣
١٠٣- لمحشردا اگر بی روی تو مایل بجنت بم ٨٣
١٠٤- صد مولوی به فتوی دل دبنه عیسوی ٨٤
١٠٥- اگر دستم دگاته گوی پستان ٨٥
١٠٦- بروی زوژا نواندی لیل دیجور ٨٦
١٠٧- خراب بی خانهء دل هر وکو خانهء خراب کردم ٨٧
١٠٨- علاجی ایش ناکا حکیم امشو بصد مرهم ٨٧
١٠٩- حکایت خوانه طوطی دل بدور دام گیسودا ٨٨
١١٠- بچین گرتویه زلفت کرد رخسار ٨٩
١١١- نگه کی گر بچاوی فتنه انگیز ٩٠
١١٢- له مهتابا که دل دی اگریجهء وک عقربت امشو ٩١
١١٣- لروی تیپی مژهء خونریز محبوب ٩٢
١١٤- آبی حیاتی منه بوسهء لیوی حبیب ٩٣
١١٥- ای دیده وا دیاره کتو آبروم دبی ٩٤
١١٦- لچرخی حسنتا هاتن مطابق ٩٥
١١٧- اژدها یک شو ببینی مار زلفت گر لخو ٩٥
١١٨- مرادم حالی خومه گر حدیثی شور بلبل کم ٩٦

١١٩- سروكارى خيالت ابتدا وختى لگل دل بو ٩٦
١٢٠- كى مقارن بن لوصلا روى من رخسارى يار ٩٧
١٢١- هر شو كه ماهتاب رخت دركوى لدور ٩٧
١٢٢- نگه ناكى بلاى افتادكانا قد لبر تمكين ٩٨
١٢٣- رافزى شيون لهردولا نزان و بيخبر ٩٨
١٢٤- دناسيى قاتل دل گرنگه كى سوى مژگانت ٩٩
١٢٥- برخ رنگين و دل سنگين ميان لاغر كمرزين ١٠٠
١٢٦- زمانه قد له گل اولاد آدم با وفا نابى ١٠١
١٢٧- بأبد جيگه من منزل جانانه نيه ١٠١
١٢٨- دلم شاده له بندى سلسلهء گيسوى دلبردا ١٠٢
١٢٩- بى تو مهيبه كريم وەک رعد نو بهاران ١٠٣
١٣٠- دلى پر وحشتم جانا لبر مژگان وک تيرت ١٠٤
١٣١- بو منى بى سرو پا غير وفا پيشه نما ١٠٤
١٣٢- لرمزى سرى عيشقا اهل دل بيدار و باهوشه ١٠٥
١٣٣- لبر تعمير ام ويرانه جنت ملك آدم بو ١٠٦
١٣٤- بس مشكله زاهد بگيه عشق حقيقى ١٠٧
١٣٥- شپولى بحرى اشكم تر دكا پشتى سمک امشو ١٠٧
١٣٦- لبر پيكان تيرى آهى من مومه حجر امشو ١٠٨
١٣٧- كشادى عقدهء خاطر بكارى بو اويش رابورد ١٠٨
١٣٨- چه حاصل اژدهاى زلفت بدايم وقف گردن بى ١٠٩
١٣٩- ذاكرى لفظ شهادت به دلا حالتى نزع ١١١
١٤٠- ايام عيد و عهد گل و موسم بهار ١١١
١٤١- روت نازک و لطيفه وكو نوگل بهار ١١١
١٤٢- غولام ديدهء مخمور تويه نرگس شهلا ١١٠
١٤٤- سواد پردهء ظلمت سياهى نسخهء موته

شعاعی ماە دو هفتە لە عکس پرتوی روتە ١١٠
(لاپەڕەکان پاش و پێش کەوتوون) ئەمەیش سەرەتای پارچەیەک شیعرە کە ئەو دواکەی دیار نییە و ئەم پارچەیش لەوانەیە لە دیوانەکەدا نییە ١١٠
١٤٦- مخمس بر نالی - ای حارث اگر دولت جاە و حشمت بو ١١٧
١٤٧- دل لمحنت کیلە ریم کن با لغم درچم لشار ١١٨
١٤٨- ای پیرهن نقاب عفت ١٢٠
١٤٩- ای جامەء نیک بخت دلبر ١٢١
١٥٠- ترک چشمش کار جاد و گهر است ١٢١
١٥١- تا سرشک از دیدکان افشاندە ام ١٢٢
١٥٢- پروانە صفت دل بهوای تو پریدە ١٢٣
١٥٣- ز خالش دلبرم در دام گیسو دانە میسازد ١٢٤
١٥٤- دکا دنیای پر شورش لهر سو فتنها پیدا ١٢٤
١٥٥- در وصف والی - مهی دی هاتوچو رابورد شوی دی ١٢٨
١٥٦- هجویات - مو لتنما باز لقهدا بو بنوک نیشتر ١٣٠
لێرەدا کەوتن و ناتەواویی هەیە
١٥٧- دادپوشی سرو گوی زین لە نشیب ١٣١
١٥٨- رفیق بینو تماشاکن دمی بوک بردنە امشو ١٣١
١٥٩- مورغی دل بو سیری شادی وا لسینم فری ١٣١ مکرر
١٦٠- بیستم آغە سورە مەدحی وا شەگیری کردوە ١٣٣
١٦١- لق لق لق آسا لق و بدروتە فلان ١٣٤
١٦٢- خوش بو بهار در کنار کشت ١٣٥
١٦٣- کلام سرکار شیخ است - باز لیلی زخیمە بیرون شد ١٣٧
١٦٤- کای جهان جلوگاە قدرت تو ١٣٩
١٦٥- سلکانی کە لا مکان سفرند ١٤١
١٦٦- دگر دشنەء دهر خونریز شد ١٤٦

## چیم بۆ ئەم شیعرانە کردووە؟

وەک نووسـیومـە ئەم چامـانە ئەمـە یەکـەم جـارە بڵاو دەکـرێنەوە و لـە یەک نوسـخـەیش زیاتریـان لە دەسـتـدا نییـە و بە ڕێنووسـی کـۆن نووسـراون. من هـەوڵم داوە – بـەگـوێرەی توانا – بەیتـەکـان بهـێنمـەوە سـەر ڕێنـووسـی باوی کوردیی ئێستا و بەو شێوە پێشکێشی خوێندەوارانی بکەم.

هـەندێ وشـە و رسـتـەی وای تێدایە خوێنـدنەوەیان یان شـێوەی گۆکردنیـان نازانم، هـەوڵم داوە وەک ڕێنووسـەکانی خۆیان روونووسـیـان بکەم و لە ناو دوو کـــەوانـەی ئاوادا (... !) دام نـاون، تـا بـزانم دواتـر شـــێـــوەی دروســــتـی خوێندنەوەیان دەزانرێت.

وەک لەو ئـامـاژانەوە دەردەکـەوێت چەند شـوێنێکم بـۆ راست نەبووەتەوە، لەبـەرئەوە خـوێنەری ئازیزیش بکەم بـە هاوبەشـی ئەرکی سـاغکردنـەوەی ئەم دەقـانە وێنەی تەواوی چامـەکـانم بڵاو کردووەتەوە، تا ئەویش بە دەوری خـۆی بەشـی خۆی بخاتە ئەم کارە و ئەگـەر منیش لە ساغکردنەوەی شوێنگەلێکدا بە هەڵەدا چووبم راستیان بکەنەوە.

لە دەقـەکـەدا (چ نالی و چ سـالم) هەندێ رسـتە و وشـەیان بەکار هێناوە کە ئێستا لە ناو خەڵکدا یان هەر بەکارنابرێن، یان زۆر کەمن ئەوانەی ئەو رستە و زاراوانە بە دروسـتی بزانن، من وەک خۆیان نووسـیومن بۆ ئەمـەولا بەڵکو بە شێنەیی بگەینە مانا و مەبەستی دروستیان.

بەگوێرەی توانا هـەوڵی ئـەوەم داوە دەقی شیعرەکان وەک دەستخـەتەکە و لە دەســتـخـــەتەکـەوە نـزیک بهــێنمـــەوە ســەر رێنووســی کــوردی، بـۆچوون و راسـتکردنەوەی خـۆم و لێکۆڵینەوەی زیاتری دەقەکەم بۆ کات و شـوێنی خـۆی هێشتووەتەوە. دەستخەتەکە یەک نوسخەیە و هـەرچەند کە جوان و خۆشخوێن

و پوختـه و نووسـەرەوەکـەی بە سـەلیقـە و وردەکـار بووە کـەم کـەمـە هەڵە و لەبیـرچوون و دووپاتبـوونەوەی هـەیـە. بۆیە دەبێ چاوەڕوانی نوسـخـەی دووەم و نوسخەی تر بین تابزانین چۆن دەبێت.

دەبێ ئەوەیش بڵێم: بۆ پارچە شـیـعـرەکـەی نالی، کـە لە دیوانی سـالمدا بە نـاوی سـالمەوە بڵاو کـراوەتـەوە، جـیـاوازیی زۆری لە نێـوان چاپەکـە و دەسـتـخـەتەکـەی لای مندا هـەیە، بەڵام لەبەرئەوەی دەسـتـخـەتەکـەی نـەمـاوە تا سـوودی لێ وەربگیـرێ، وەک ڕێبـازی زانسـتی دەخـوازێت نەکـرا بەراورد لە نێوانیاندا بکەم و[1] ئەو بابەتەم خستە لاوە بۆ هەلێکی تر بەڵکو دەستخـەتێکی ئەم پارچە شیعرە دەست بکەوێت و باشتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

**یەک دوو نموونەی جیاوازی:**

لە بەراوردێکی سـەرپێی لە نێوانی دیوانی چاپی سـالم و ئەم دەسـتـخـەتەدا زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێ کـە ئەو دیوانە چاپەی سـالم کە خـوالێـخـۆشـبـوو گیـوی مـوکریانیی کـردوویەتی و دوا چاپی دیوانـی سالمە، چاپێکی شـپـرزە و شـێـواو – یان شـێـوێنراوە– و پڕ لـە هەڵەیە و دەبـێ کـاری بەپـەلە بکرێت بۆ ئەوەی دیوانی سالم وەک شیاویەتی – بەگوێرەی توانا و دەرامەتی سەرچاوەی نوێ – کاری بۆ بکرێت و لە بەرگێکی قەشەنگی نوێدا جێگەی خۆی لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا بگرێت و، ڕۆشنبیرانی کوردیش بەم سەرچاوە دەوڵەمەند و بەپێـزە کـەرەسـتـەیەکی نـوێی لێکـۆڵینەوەی زمـان و ئەدەب و کـەلـەپووریان بخرێتە بەردەست.

من لەم هەلەدا هەر بواری ئەمـەم هەیە و ئەمەندەم پێ دەکرێت و سـەرقاڵیی و بێ کاتیی و سـەرگەرمیم بە پرۆژەگەلی ترەوە ئەوەیان لێ گرتووم بتوانم ئەم کـارە گـەورە پیـرۆزە «لێکـۆڵینەوەی دیوانـی سـالـم» ئەنجـام بـدەم. بەڵام وەک لە

---

(١) بڕوانە: تحقيق النصوص ونشرها، عبدالسلام هارون، الطبعة الثانية، مؤسسة الحلبي وشركاه للنشر والتوزيع. مطبعة المدني شارع العباسية بالقاهرة. ١٣٨٥هـ ١٩٦٥م ص: ٣٠

«هەنگاوێک»دا نووسیم ئەمجارەیش دەیڵێمەوە: هەر کەسێک بچێتە ژێر باری ئەم کارە پیرۆزە ئەوە من لە عاستی خۆمەوە یارمەتیدەرێکی باش و بێ هەق و مزی دەبم و دەرگەی کتێبخانەکەم لەبەردەستیدا والا دەبێت.

لە پێشدا پارچەیەک لەو شیعرانە وەک لە دیوانی سالمدا چاپ کراوە دەخەمە روو، دوا بەدوای ئەوەیش وەک دەستخەتەکە دەینووسمەوە:

لە پێشدا پارچە شیعرەکە وەک لە چاپەکەدایە:

نارنجی زولەیخایە گۆی چاهی زەنەخدانت
تەوقی ملی شیرینە پاوانەوو خەڵخاڵت
پەنجەت لە حەنا مەگرە سوورێکی تەڵخ ڕەنگە
خوێنی دڵی من ئاڵە بۆ پەنجەیی شمشاڵت
بەخبەخ لە قدی سەروت چەند دلبەر و موزروونە
سەیریکە چ شیرینە پاوانە و خەڵخاڵت
گەر بێتو نقاب لادەی فی الجملە دەبن دەردم
محزونی سیەه چەشمان محرومی دیدەی کاڵت
بۆ چم دەوێ ئەو قبلە گەر نەیکەمە خاکی رێت
روحم بە چ مصرف دی گەر نەیکەمە قربانت
لەب تەشنەیی ماچێکە لەو دامەنی پاکی تۆ
مانع مەبە لەم خێرە دەستی من و دامانت
ل: ٥٢ دیوانی سالم.

وەک دەستخەتەکەیش:

وەک دوڕڕو (فوە!) نەخشە دندان و لەبی ئاڵت
میثلی بەڕەزا پەخشە ئەگریجە لەسەر خاڵت
وە وە لە قەدی سەروت چەند دلبەر و مەوزوونە!
سەیرێکە چ شیرینە فێس و کەلە و دەسماڵت
نارنجی زولەیخایە گۆی چاهی زەنەخدانت

تەوقی ملی شـــیـــرینە پاوانە و خـــرخـــاڵت
بەنجـەت لە حـەنا مـەگـرە ســووریکی تەڵخ رەنگە
خــوێنی دڵی من ئاڵە بۆ پەنجـەیی شـمـشـاڵت
گەر بێت و نیقاب لادەی (من جملە) دەبن یەک دەم
مەحزوونی نییە چەشمان مەفتوونی دیدەی کاڵت
بێ رەحم و جەفـا کـاری بۆ کـۆهکەنی غـەمگین
شیرینی زەمان ئامان رەحمێ بە پەشێو حاڵت
ل: ٨٦ دەستخەت

ئەمەم نووسی وەک جیاوازیی نێوانی دوو پارچە. ئەگەر بمانەوێ نموونەی نێوان بەیت و دوو بەیت و رستە و وشەیش بزانین ئەوە هەر زۆر زۆرن، بۆ ئەم لایەنەیش یەک دوو نموونە دەخەمە روو:

دوا بەیتی پارچەی (دڵم شـــادە)ی (چ) ل: ٢١ بەم شـــێـــوەی خـــوارەوە نووسراوە:

نە فەرهاد کەوتە شۆری من نەشیرین گەیییە روتبەی تۆ
نیـــیـــە رەحـــمت بە (ســـالم)دا واویش لە تۆ بەردا

هەر ئەم بەیتە لە دەستخەتەکەدا ئاوا نووسراوە:

نە فەرهاد کەوتە شۆری من نەشیرین گەییە حوسنی تۆ
لە دڵ من نەقشی تۆم هەڵکەند و ئەو کێشای بەرووی بەردا
ل ٥٤ دەستخەت

لە پارچەی (بێ تۆ مەهیبە گریەم)ی چ ل: ٩٣ سێ بەیتی دوایی وەک نموونە دێنمەوە و دوایی هەمان سێ بەیت لە دەستخەتەکە دەنووسم:

چاپەکە:

شـێـواوە دڵ لە گـوڵزار ئەفـغـانی بولبـولی زار
پەیوەســـتـــە ئینتظارە وەک چاوی رووزداران

بێــهــوودەیە لە گــوڵزار ئەفــغــانی بـولبــولی زار
نـاگـــەنـە گـــۆشـی یاران نـاڵیـنـی بێ قـــەراران
(ســالم) کـەسێ بە ســالم نـاگـاتـە روویی دولبــەر
جـەمعن بە دەوری گەنجا هەر سوو سیاە ماران

دەستخەتەکە:

شـێــواوە دڵ لە هـیــجـرا نـاگــاتـە شـامی زوڵفت
پـەیوەســـتـــە ئینتــیظارە وەک چاوی ڕۆژەداران
بێ هـوودەیە لـە گـوڵزار ئەفــغــانی بولبــولی زار
نـاگــاتـە گــۆشـی یاران ئـەندووهـی بێ قـــەراران
(ســالم) لەبی بە ســالم ناگــاتـە روویی دولبــەر
جەمعەن بە دەوری گەنجا هـەر سـوو سیاە ماران
ل: ٥٤خ

پارچەی (تورکی چاوی دولبەرم) ١٣١ چ ٨٢: لە خ دا ئەم بەیتـەی خـوارەوە هـەیە کە لەچە دا نییە:

وەک نیظامی پڕ نیظامم بۆ نیظامی نەظمی عـیـشق
دڵ لە ذیکری گەنجی فیکرا وەختی وەصفت مـەخزەنە

پارچەی (دەسـتی من تەعویزە...) ٢٥ (چ) و (١١٦، خ) لـە دەسـتـخـەتەکەدا چوار بەیتی زیاترە کە ئەمانەن:

کـاشــفی ئـەســرارە بولبـول حــەقـیــەتی
وا لـە جــەوری گـــوڵ لـە دڵیــا خـــارها
دەوڵەتـی دنیــا لـە دەست نـامــەرد و دوون
طوولی نابێ قــەد بە قــەد رەنگی حــەنا
بۆ (صــبــاح الخـیــر)ی دڵ غـەم هـاتەوە
مــەرحــەبا بێ مــەرحــەبابێ مــەرحــەبا

سـەحـەر فکری من قـەڵەم دێنێـتـە چەرخ
مـوعـجـیـزەی عـیـسـا بۆ چالاکی عـەصـا

ئەمەیش پارچە شیعرەکە وەک دەستخەتەکە:

هـ ١(*)

حـەسـرەتا دڵ غـافـڵـە نازانێ قـسـمـەت چی دەکا
ئەمـڕۆ ئێـرەم بوو بە مـەسکەن ئاخـۆ فـەردا کـوێـم دەبا؟
بەدرەقـەی مـیـحنەت نمایە شـاطری تەقـدیر مـەدام
دەسـتـی (کـشـمـە و پیش ڕو!) دەمـبـا بـە مـەنزڵگای بەڵا
نـا بـەڵـەد بێـچـارە بـوو دڵ، ئارەزووی ئارامی کـرد
هـات و نـەیزانی لە پڕ داکـەوتە نـاو چاهی جـەفـا
(حیللە) خـورمایە، منیش مێش جیسری دامی عەنکەبووت
نەفـسـی سـەرکـەش وام نەدیوە، ڕوو لە شـیـرینی دەکا
گـەردوشی دەوران جـڵـەوکـێش بردمـیـە مـاڵی عـارەبێ
چووم و دیم، ئەمما نەچوومـایە درێغـا، حـەسـرەتا!
تەڵخی کـام و تەڵخی وەقت و تەڵخی ڕووم، گـرد سـاعـەتەن
تەڵخـیـێکم خـسـتـە ڕووی زەهـریش بە ئینسـانی نەکـا!
عـالەمی ئینسـانیـیـەت لاچوو لە لای ئـەمن و ئـەوی
من لە نـاو عـەجـزی ضـەمـیـری، ئەو لەبـەر فـەقـدی وەفـا
لای یەسـاری دیدە و گـوێ بۆی نەمـا سـەمع و بـەصـەر
ئەهـلی دەسـتـی چەپ لـە یومنی مـن ئومـێـدیان لێ بـڕا
هێندە مـات دانیـشـتـم و نەیپـرسی ئـەژنۆم هـاتە ژان
ناعـیـلاج وەک پووش لە مـەوجی نـابەڵەد خـۆم گـرتە لا

(*) ئەم پارچە لە بەحری (ڕەمەڵی مەحذووف)ە فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن.

حـوجـرەیێکم گـەوتە دەست و چوومـە ناوی وەک قـەفـەس
کـەبکی چـەنگ ئاسـا لە برسـان دڵ لە سـینـەم سـەر ئەدا!
خـۆم چەپۆکم دا بەسـەردا ئـەسـپـەکـەم شـیـوەنیـەتی
تازەمـان کـرد هـەردوو لا شـینی شـەهیـدی (کـەربەلا)
ئەهلی (کـووفـە) فـەقدی ئاویان کـرد لە میـهمانی عـەزیز
خـانەخـوێی من مـەنعی نان و قـووت و جـێگە و رێ دەکا
خـانەخـوێم میـهمـان نەوازە، وەرنە سـەیری حـورمـەتم:
دۆشـەکی خـۆم خـاک و خـۆڵە، سـەرکـەشی ئەسـپم سـەما!
شیشی سـوور بێنن وەرن خاڵێگەمان[١] داخ کەن بە جووت
چونکە ژانمانە من و ئـەسـپم لـەبـەر سـەردی هـەوا
توورەکـەی ئـەسـپم زەمین و مـوتتـەکـای خـۆم زانووە
قـووتی من خـوێنی جگەر، خـۆراکی ئەو تەصـویری کـا
کورکە کورکییە ئەسپەکەم، خۆشم دەناڵم جار بە جار
ئەو لە داخی ئاخـوڕ و جـۆ، من لە حـەسـرەت جێ و چرا
با من و بـارگـیـری کـوێت هەردوو بنووین بەشکم بە خـەو
من ببـینم رووی طـەعـام و ئـەو ببـینێ روویی کـا
ئـاخـوڕی ئـەسـپم هەوایە، خـوانی خـۆراکم خـەیاڵ
لازمـە بۆ رەفـعی جـووع هەر دوو بکەین دەممان لە (با)[٢]
ئاهی خـۆم بۆ نانی جـۆ، سـمکـۆڵی ئەسـپم بـۆ حـەشـیش
ئەم گـەیشـتـە پشـتی مـاهـی، ئەو گـەیشـتـە رووی سـەما
چاوی قـووچان ئـەسـپـەکـەم، باقڵ طـەویلـەی هاتـە یاد

(١) ولاخ کە سـەرمای دەبێ ژان دەکا، دەڵێن: برکی کردووە. خالێگەی داخ دەکەن بۆ چارەسەری.

(٢) وەک دەڵێن بۆ کەسێ هیچی نەبێ: بە (با)ی خوا دەژی.

دڵ لە سینەم ماتە، تەحقیق یادی جێگەی خەو ئەکا
لووتی داژەن ئەسپەکەم، خۆم دەستەوئەژنۆ ماتی غەم
من لە فکری حاڵی ئەو، ئەو شینی حاڵی من ئەکا
ئەمن و ئەسپ ئوستاد و شاگردین لە تەصویری خەیاڵ
ئەو لە نەقشی توورەکە، ئەمنیش لە صنعی بۆریا[٣]
شاممە موغناطیسە بۆ بۆنی کەبابی سەرگوزەر
لێوی ئەسپم جازیبی پووشە بە میثلی کەهرەبا
موژدە بێ یاران لە برسانا دودانی ئەسپەکەم
بۆ بژارەی پووشی ناوخشت کاری دیواربڕ ئەکا!
سەنگکرۆژیکە، لە برسانا، دودانی گوردە کوێت
هەر دەڵێی (میبازی)[٤] ناو شارە و خەیاری (نو!) ئەخوا
زۆر دەترسم تا سەحەر (دو پر صفت بی توسنم!)[٥]
وا لە حەسرەت پووشی خورما دەم لە کلکی خۆی ئەدا
وا دەزانێ زینەکەی پالانیی پووشە گوردە کوێت
وەک مەقاش جارجار لە لاوە لچ لە لاپێچکەی دەخا
(ثانی) عەنقایە وە یا گۆگردی ئەحمەر پیاوەتیی
لەم دەرە میوانی مەظلووم ئەر نەچێ چۆن دەردەبا؟
مەجلیسی بۆ زیب و زینەت (جیم) و (رێی) پێ لازمە
ئیبتیدای ئیسمی لەسەر (رێ)(ئەلف) و (نوونی) موقتەضا

---

(٣) بۆریا: حەسیر.

(٤) ئەم وشە بە پیی رێنووسە کۆنەکەی دەگونجێ (میباز = مێباز) بخوێنرێتەوە، وەک دەشێ (میباز=مەیباز) بێ، بەڵام بۆ دووەمیان مەیخۆر دەگوترێ نەک مەیباز.

(٥) ئەمەم بۆ ساغ نەکرایەوە، بە رێنووسەکەی خۆی روونووسم کرد.

گەر عەرەب بەم نەوعە بن با (شیری و شتر) بێتە ناو[٦]
وەر شەبیب طەبعن هەزاران مەرحەبا (اهلا صفا)
من لە فکری حاڵی خۆمدا ئەسپەکەش (هذا القیاس)
تۆی خوایا قادر و تۆی (ربنا) موشکیل گوشا
هەم نشینم قەد نەبێ ئیتر عەرەب تا حاڵی مەرگ
ئاینە کەسبی جەلا حەیفە لە خاکستەر بکا!

***

لەسەر پارچەی:

«دەکا دنیایی پڕ شۆڕش لە هەر سوو فیتنەها پەیدا» نووسراوە: «در وصف عزیز بگ»

ئەم پارچە لە دیوانەکەی خوالێخۆشبوو گیوی موکریانیدا ١٦ بەیتە، لە ژمارە ٢٦ی کۆواری «رۆشنبیری نوێ»دا (١٧) بەیتی تر بڵاوکراونەتەوە، کە لە چاپەکەی مامۆستا گیودا نین.

ئەم پارچە لە دەستنووسەکەی لای مندا ٣٠ بەیتە، هەندێکیان لەوانەی رۆشنبیری نوێدا هەیە و بەشی زۆری چاپەکەی مامۆستا گیویشی تێدایە.

لەبەرئەوەی ئەو جیاوازییانە هەیە و ئەم پارچەیش نرخی تایبەتیی خۆی هەیە، وەک دەقێکی سێیەم ئەم پارچە جارێکی تر وەک دەستنووسەکە دەخەمە روو، بە هیوای ئەوەی لە کاتی لێکۆڵینەوەی «دیوانی سالم»دا سوودی خۆی هەبێت.

---

(٦) ئەمە ئیشارەیە بۆ ئەو پەندە کوردییە کە دەڵێن: (شیری وشتر و دیاری عەرەب) ئەمەیش کورتکراوەی (نە شیری وشتر و نە دیاری عەرەب)ە.

هـ ٢[١]

دەکـا دنیـایی پڕ شـۆڕش لە هەر سـوو فـیـتنەها پەیدا
بە نەیرەنگ و فـسـوونی ئەو لە هەر سـوویێ وەغـا پەیدا
عـەجـەب مـاخـۆلیـایی بوو دەڵێی دنیـا مـوسـەللەط بوو
لە سەودای موقتەضای طەبعی بە مەحضی ماجەرا پەیدا
تەماشای جەوری دنیا کەن، چە قەهرێکی لە خەسرەو کرد؟:
تەریو تاجی (مـشـکوهـی!) نبـو تەخـتی نەبا پەیدا (!)[٢]
بە میـثلی خـوویی دولبـەرمـە[٣] دڵی دنیـا لەگـەڵ مـەرووم
بە دوشـمن نیـعـمـەت و لوطف و جـەفـای بۆ ئاشنا پەیدا
خـواوەند چادری چەرخی بە دوونیـیـەت سـەراپا کـرد
بیـروون سـوور سـوور ئاینە دەروون رەنگی عـەزا پەیدا
جیـهـان گـەر رووبەڕووی من بێ بە خـوونرێزی ظەفـەر نابا
دەکـەم بۆ حـیـرزی جـان و دڵ بە چاکـیی من پەنا پەیدا
پەناهـم شـەهسـوارێکە گـوزەرکـا گـەر بە ئەلبـورزا
دەکـا ضـەربی سـمی ئەسـپی لە خـارا طۆطیـا پەیدا
ئەگەر خـورشیدی تێغی بێ بەسـەر شـەودا شـەبەیخـوون کا
دەکـا بەرقی بە یەک پڕتە و لە یەلدادا ضـیـا پەیدا
بە هەر لادا بکا جـەولان لە بادی سـمـی رەهـواری
چرای عـومـری عـەدوو وەک صـوبحـدەم وەضـعی فـەنا پەیدا
بە حـوججـەت نێزە گەر لێدا سـوپەر وەک کـاغـەزی قـەندە
بە هەر ضـەربێ لەگـەڵ بازوویی ئەو حـوکـمی قـەضـا پەیدا

(١) ئەم پارچە لە بەحری هەزەجی هەشتیی تەواوە، واتە هەشت جار (مفاعیلن) هەر نیوە بەیتێکی چوار جار.

(٢) شێوەی خوێندنەوەی دەقی ئەم نیوە بەیتەم بە دروستی نەزانی.

(٣) لێرەدا کەمێک لەنگی و ناجۆری هەیە.

هەم ئۆردوویی عەرووسی قەبر و تێغی ماشیطەی مەرگە
لە زەخمی موردەگان بۆ دەست و پا رەنگی حەنا پەیدا
لە مەیدانا بە رەسمی رەزم ئەگەر تەوسەن بدا جەولان
لە نالەی، گاوو ماهیی دێ لە ژێر خاکا صەدا پەیدا
غوباری سمی ئەسپی ئەو مەگەر ئەجزایی ئیکسیرە
لە چیهرەی دوشمنی ئەودا هەموو، رەنگی تەلا پەیدا
بەرابەر روویی ئەو ڕەنگی عەدوو سیمابی گوون سیمە
دەکا ئەجزایی تێغی ئەو لە قەلبا کیمیا پەیدا
سفیدە چاوی بەدخواهی موقابیل حەلقەیی دیرعی
دەکا بەرقی سینانی بۆ عەدوو رۆژی سیا پەیدا
نەهەنگ ئاسا لە دەریای خاطری قەهری کە گەردش کا
لە کوشتەی عومری بەدخواهی سەراسەر رەخنەها پەیدا
لە گەرمی رۆژی مەیدانا، عەدوو لەب توشنە، سیر ئاون
لە ئابی تێغی جەوهەرداری ئەو کاری سەقا پەیدا
بەتێغی... لە خوێنی رۆمییان شەططێ بە رووما دێ(!)
تەنی ئوفتادە زەورەق سەر لە جێگەی ناخودا پەیدا
لە بەحری رۆژی رەزما گەر نەهەنگی تێغی سەر هەڵدا
لە ناو کەشتیی ئەتراکا دەبێ شین و صەدا پەیدا
لە سەهمی حەملەیی ئەو بۆ عیدا هەرجا حەذەر واجب
لە دەستی ئەو بۆ کراسی رۆمییان شێوەی قەبا پەیدا
... گەر بێتە رووی مەیدان وەکو شێری شکار ئەفگەن
... بۆ بەهی دەردم لە ئەندامی گیا پەیدا
ئەگەر[٤] بەقای نۆشیبێ دوشمن فایدەی نادا

(٤) ڕەنگە ئەمە (ئاوی بەقا) بێت و نووسەر (ئاوەکەی) لەبیر چووبێت

له مـــهوجی جـــوهـهری تێـــغی حـــورووفی (لابقــا) پـهیدا
بـهبیـــســـتی ســـهرکـــهش له هـهرجــا ســـهرفـــهرازێکه[٥]
بهســـهر هـهر گــهردهنه شــاخــا له تیـــپا وهک لیـــوا پـهیدا
ئهگهر وهک کێوی قاف مهحکهم بێ دوشمن گاهی حهملهی ئهو
له مـــهیدانی گــــورێزا (دینیــــوه!) روو بـهر قـــهفـــا پـهیدا
له ضـــهربی زهرگی ئـهو دوشـــمن وهکــو پووشـــه بـهدهم باوه
له مـــوقناطیـــســی زووبینی فـــونوونی کـــههروبا پـهیدا
چه حاصلٚ دوشمنی، وهختی هـهزیمهت، گهر موحهصصهن بێ
له فـــهتحی هیـــمـــمـــهتی ئهودا کلیـــدی دهرگـــوشـــا پـهیدا
له بهحـری جـهنگی مـهغلووبا کـه تێـغی مـهوجی خـوون دێنێ
دهبێ بـۆ دهست و پا ئـوفـتــادهگــان هـهر ســـوو شـــهنا پـهیدا
ئهگـهر یـهک لهمـحــه طوولی بێ له قـهلبی لهشکرا قـههری
له صـــهحـــرادا دهبێ بۆ جــانهوهر ســـوور و غــهزا[٦] پـهیدا
عـهصـای مـووسـایه مـهر نێـزه له رهغمی مـشتی فیـرعـهونی
بـه بهرقی ئاتهشـــهفـــشـــانی به شـــهکــڵی ئهژدهها پـهیدا
وهلێ طالیع نهبێ پۆشـــیـــدهیه جـــهوهـهر لـه رووی دنیـــا
بـه مـــهردانی دلاوهر حـــاصـــڵی کـــۆشش جـــهفــا پـهیدا
عـــــهزیزه وا لـه نـاو چـاهـه خــــــواوهندا نـهجـــــاتی ده[٧]
له چیـــهرهی ئهو بکا یـهعـقـووب دڵی شـێـوهی صـهفـا پـهیدا

(٥) له دهستخهتهکهدا ئاوایه: (بهپستی سرکش لهر جا سرفرازێکه)، بهڵام لهنگه.

(٦) له دهستخهتهکهدا (عزا= عهزا)یه، بهڵام (غهزا) باشتره و رهنگه هـهر به ئارهزوو، نووسهرهوه خاڵێکی بۆ هـهردووکیان دانابێت.

(٧) پێش ئهم دوو بهیتهی دوایی دهستخهتهکه بچڕاوه و به ناتهواویی ماوهتهوه، ئهم دوو بهیتهم له (مینای شکسته) وهرگرت و، وهک ئهوێ نووسیمن.

خــوایا مــوڵکی بابان بێ ڕەواج و قــەڵبــە، ســا لـوطفێ
بە ئیکســـــیـــری وجـــوودی ئەو بکا وەک من بەها پەیدا

***

هـ ٣(*)

بۆ منی بێ ســەروپا غــەیری وەفــا پیــشــە نەمــا
بۆ دڵی تۆ – صـەنەما! – جـوز سـتـەمـەندێشـە نەما
ئاب و ڕەنگم نییـە – از بسکە – تکا خوێنی سروشک
مەیی ئەحمەر کە (رونقی!) ڕۆیی شـیشـە نەما[١]
چە تەکانێکە – خوایا! – هەرەسی هەجری[٢]حەبیب؟
بۆ نەهاڵی ئەمــەلم شــاخ و پەڕ و ڕیشــە نەمــا!
وام تەراشــیــوە بە ناخوون لە غـەمت سـینەیی ڕێش
شـوهـرەتی کـۆهکەن و وەصـفی دەمی تێشــە نەما
بەس بسـووتێنە بە غـەم (سـالم)ی مـسکین بە جـەفـا
بۆ وجــوودی ســەر و پا لەحم و دەم و پیــشــە نەمـا

***

(*) ئەم پارچە بە کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەخبوونی مەحذووف هۆنراوەتەوە:
فاعیلاتون/ فەعیلاتون/ فەعیلاتون/ فەعیلون
– ں – –/ ں ں – –/ ں ں – –/ ں ں – –

(١) ئەم پارچە لە لاپەڕە ٦٦ی کەشکۆڵی قزڵجیشدا هەیە، لە تەک کەمێک جیاوازی وشــە لە نێـوانیـانـدا کـە کـار نـاکـاتە سـەر مـانـا. بەڵام ئەم نیـوە بەیتـەم لە دەستخەتەکەی لای خۆمدا بۆ نەخوێنرایەوە، لەلای قزلجیی ئاوایە:
مەیی ئەحمەر کە ڕژا خاصییەتی شیشە نەما
لە دەستخەتەکەی (سنە)یشدا هەروایە.

(٢) هەجری (سنە) جەوری.

هـ ٤(*)

ڕووبەڕووی نەقش و نگینی مـــصطەفـــا
نوســـخـــە تۆمـــاری جـــەمـــیـــعی ئەنبـــیـــا
(یا مـحـمـد) تۆی شـەفـاعـەتخـوازی خـەڵق
بەهرەیابی لوطفی تۆن شـــاه و گـــەدا
بۆ طەوافی کـــەعـــبـــەیی تۆ تا حـــەشـــر
حـــەلقـــەگـــیـــرن جـــانی کـــوللی ئەولیـــا
وەقـتی کەشـفی زەمـزمـەی ئیـعـجـازی تۆ
گـوم دەکـا مـووسـایی عـیـمـرانی عـەصـا
وا دەتاسیٚ حـــەق لە شـــەوقی تۆی نەبیٚ
نووری مـانگ و خـۆر وەکـو سـەنگی سـیـا
شـەمـعی دینت بیـمی خـامـۆشـیی نیـیـە
تا حـــەشـــر بادی مـــوخـــالیف لێی بدا
جـــەزبی تۆ ئاهینرِوبا دێنێـــتـــە چەرخ
مـیـهـری تۆ وەکو کـەهـ و کێشی کەهروبا
ئانگە عـیـسـا مـورغی خـۆی بێ رەهبـەریی
ئافـتـابی مـوعـجـیـزەت گـەر جیلوە کـا
ڕووبەڕووی ئیـحـرامـیـیـانی کـۆیی تۆ
عـەطرها دێنێ هەمـوو صـوبحێ صـەبا
وا بە دڵ بۆ طەوفی کـەعـبـەت مـوبتـەلان
بوو بە خـــوێن نافی غـــەزالانی خـــەطا

(*) ئەم پارچە لە بەحری ڕەمەلی شەشی مەحذووفە کە ئەمە تەفعیلەکانیەتی:
فاعلاتن * فاعلاتن* فاعلن.

ظـوڵمـــــەتـی بـۆ ئـوممـەتـی خـــۆت بـردە دەر
مـــــووســـــا ئـەر بڕوا لـەوێ ڕێ ون دەکـــــا
سـەرووی جەنـنـەت هـەر دەکا ئـیدریسی کز(!)
تـا بـە ئـەندازەی قـــــــەدت بڕی قـــــــەبـا
هـەرکـە ئـیـسـمت بـوو بە سککەی زەڕی دین
(شـــائـیـــری دین بـوونە ضـــربـی شـــهـــردا!)
گـــەر نـەهـەنگی قـــولزومـی ئـیـــعـــجـــازی تۆ
بێـــتـــە ڕوو ثوعـــبـــانی مـــووســـا رەد دەبا
هـەرچـە جـان و جـورمی بێ مـــەعلوومـــە لێم
خـــاصـــە بـۆ تۆ ئافـــەریدەی کـــرد خـــوا
ون دەبـێ وەک گـــەنجی قـــاروون زەڕی نـاب
خـاکی کـەعـبـەت گـەر نـەبێ بۆ کـیـمـیـا
ڕووبەڕووی رەوضـەی مـونیـرت ئینس و جین
دێن وەکـــــو پـەروانـە بـۆ شـــــــەوقـی چرا
ئـیـسـتـیـخـوانی دەسـتی لەتـلەت بێ بە تیغ
هـەر کـــــــەسێ دامـــــــانی دینت بـەر بدا
دوشـــمنی صـــدديق و فـــارووقم بە جـــان
غـــەیری تۆ گـــەر دڵ قـــەبووڵ کـــا ئاشنا
بۆ ڕەواجـی دین بـە شـــمـــشـــێـــر و قـــەڵەم
کـــاتبت عـــوثمـــانە، شـــێـــرت مـــورتەضـــا
تێـغی قـەصـصـابـی قـەزا وەک گـۆسـفـەند
گـەردی کـەعـبـەت جـانی (سـالم) کـا فـیدا

***

٥

ئاشـوفتـه کـه‌ناری گرت گێسـوو له روخی یارا(*)
ئاریّ! نیـیـه حـه‌ددی مـار رابوریّ به‌سـه‌ر نارا
عـه‌زمی دڵی پڕ شـۆرم بۆ دامـه‌نی سـه‌حـرایه
بێـزار و هـه‌راسـانم به‌م نـه‌وعـه لـه نـاو شـارا
مـه‌جنـوون و بیـابـانی (زوڕاهـی ده‌ی!)
نـاڵینی منی به‌دبه‌خت جـاویده له کـۆهسـارا
بۆ شـادیی دوشـمنی یار تا من له غـه‌مـا بمرم
مـه‌لفـووفـه‌یی نه‌ومـێـدیی ناردوویه به ئه‌غـیـارا
ئاشـفـتـه و غـه‌مگینه یارم له قـسـه‌ی ناصـیح
وه‌ک تازه‌گـوڵی باغـه پـه‌ژمـورده له نـاو خـارا
عاشق به قـه‌د و رووته، صـۆفیی به نیـهان وه‌ک من
دز پیشـه‌یه – سـاقوربان – گوێی بکوته بـه بزمارا
جـانـانه له‌گـه‌ڵ (سـالم) نـه‌زدیکه تـه‌رحـحـوم کـا
به‌م نـه‌وعـه له گـریانی خـوێن دێ لـه دڵی خـارا

---

(*) له به‌حری هه‌زه‌جی هه‌شتی مه‌خرووومه.

فعول – مفاعیل، فعول – مفاعیل

٦(*)

پەنجــە بـۆ تەصــویری ئەبرۆت پەیڕەوی مــانیی دەکــا
خـامـە بۆ زنجـیـری گێـسـووت عـەنبـەر ئەفـشـانی دەکـا
قــووتی رۆحــە لێـوەکــەت یاقــووت وەها ئـاودار نیــیــە
مــــەنعی بـازاڕی عــــەقــیق و لـەعلی روممـانیی دەکــا
گـــــەر لـە پـەردەی نـازەوە ئـاوازی تـۆ بگرێتـــــە گـــویٚ
طووطیی شیرین سوخەن کەی مەیلی خۆشخوانی دەکا؟
قــامــەتی نەوخــێــزی شــیــرینت نیــهــالی جــەننەتە
سەرووی رەعنا سا لە لات کەی ئەزمـی هەمشانیی دەکا؟
بە نـەشــئــەی حــاڵی مــەســتی چاوەکــەت (لایعــقلە)
بـۆ کـــەبـابی جـــەرگی من لێـــوت نمەکـــدانی دەکـــا
بێ هـەزار جـارت دەخـیل بم حــەرفی بەدکــار مـەشنەوە
هـەرچە دەربـارەم بڵێ بێ پیــــرە شــــەیتــــانی دەکـــا
لێــــوی یاقـــــووتت نگینە خـــــاتـەمـی نـادر ظـوهـوور
مـوهری دەســتی ئـاصـەفـە و ئـەمـری سـولەیمانی دەکـا
کـەس نیـیـە ئەو شـۆخـە حـاڵیی کـا لە سـۆزی ئـاتەشم
پێـی بڵـێ (سـالم) لـە شــەوقت وا غــەزەلخــوانی دەکــا

---

(*) بەحری رەمەلی هەشتیی مەحذووف

فاعلاتن – فاعلاتن – فاعلاتن – فاعل

(*)٧

دیده بێ دیداری دولبـــەر تارە مـــەســـتـــووری نەكـــا
خـــــوێش نـەزدیكـە لـە نـەزدیـكم بـڵا دووری نـەكـــــا
دەهـری دورن نـاپـایـەدار و نـازەنیـنـان بـێ خـــــــەبـەر
بەم قـەرارە حـەیفـە بـا مـەعـشـووقـە مـەغـروری نـەكا
سیرِی مەستـانی عەیان كرد مەهـ لە پەردەی تیرەی تۆ
چاوەكەی توهمـەت بە شـوعلەی شـەمعی كافـووری نەكا
عـاشـقی مـیـسكین قـەولی طەبعی دولبـەر كـەی دەبێ؟
تا قـــەبـوولّی غـــوربـەت و ئـەندۆهـ و رەنجـــووری نـەكـا
داخـڵی بەزمـی حـەقـیـقـەت كـەی دەبێ پیـری سلووک
تا بـە خـوێنی دەفـتـەری زەرِ خـەرقـە ئـەنگووری نەكـا؟
ئـاسـمـان (سـالم) لەگەڵ یەک خـەندە صـەد شـیـوەن دەدا
دڵ نەصـیـحـەت كـە بڵا قـەد مـەیلی مـەسـتـووری نەكا

---

(*) بەحری رەمەلی هەشتیی مەحذووف
فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلن

هـ ٨(*)

طورە بۆ ئابی بەقـــای چیـــهـــرە دڵی برد بە شـــتـــاب
بۆ دەلیلـی ڕەهـ ئەگـــەر کـــاری خـــضـــر بێ لە غـــوراب
وا بـه دڵ چەســـپـــە جـــودا نابێ پەڕی تیـــری نیگەهـ
کەی بیروون دێ بە کەسێ طوعمە لە چنگاڵی عوقاب؟
سیرڕی مەکشووفە شەهیدی گوڵی چیهرەت لە مەزار:
دێ لە ســـەنگی لەحدی تا بە حـــەشـــر بۆیی گـــوڵاب(١)
بۆ ســـەرئەفـــرازی دەمی صـــوڵحی نیگاری (زو زنج!)(٢)
حـاضـرە روتبـە و(٣) پەسـتیی هەمـە جا مـیثلی حـوباب
هەر طـەرەف رەمـــڵی بـەیان(٤) و هەوا گـــەرمی تـەمـــووز
توشنە لەب کـەشـمـەکەشـە داوە(٥) بە من بەرقی سەراب
گـــونەهێکە بە قـــەدەر کـــوشـــتـــنی ئەولادی نەبی
عـەفـوی (ســالم) دەمی کـوشتن کـە بزانی بە صـــەواب

---

(*) لە بەحری (رەمەل)ی هەشتی مەخبوونی مەقسوورە: فاعلاتن، فعلاتن، فعلاتن، فعلانیی.

(١) ئەم نیوە بەیتە لەبەر کێشەکە دەبێ ئاوا بخوێنرێتەوە:

"دێ لە سەنگی لەحەدی تا بە حەشر بۆیی گوڵاب"

(٢) ئەم پارچە لە لاپەڕە ١٤٠ی (ف) و ١٤٠ی (م) و ١٦٩ی (س)دا هەیە، لە س دا ٥ بەیتە بەیتی چوارەمی ئێرەی تێدا نییە، نیوەی یەکەمی ئەم بەیتەم باش بۆ نەخوێنرایەوە، لە (م)دا نووسراوە:

"بۆ سەرئەفرازی دەمی صوڵح نەکا زۆری برنج"

(٣) روتبە و (سنە) روتبەی.

(٤) بەیان و... لە (م) و (س)دا (بیابان) نووسراوە و دیارە ئەمەیش دروستە.

(٥) داوە (سنە) دادە.

٩(*)

دوودی ئاهی سەحەرم رووی فەلەکی کردە سیماب
بە قەرارێ تەمی بەست ماە و خۆری خستە حیجاب
شەرەری ئاگری غەم بۆچەکی وا خستە دڵم
رایحەی عەطری وەصڵ نابڕێ لێی بۆنی کەباب
وام لە ناو قولزومی عیشقا بە فریبی دڵی شووم
دەگەڕێم هایل و بێخود بە میثلی ظەرفی حوباب

(*) لە بەحری رەمەڵی مەخبوونی مەحذووفی موسبەغە
فەعیلاتون، فەعیلاتون، فەعیلاتون، فەعیلان

ﮪ ١٠(*)

خـۆشـا هەر جـا کـە قـەصـدی لـەب دەکـا یار
دەبێـــتـــە مـــەعـــدەنی لـەعل و نمـەک زار
لـە زەخـمی خـوێن وەکـو فـەووارە دەقـوڵێ
شـەهیـدی ناوەکـەی مـوژگـانی دڵدار
کە فەصـاد قەصدی فـەصدی لێوی تۆی کرد
جـیـهـان گـرتی سـەراسـەر ڕەنگی گـوڵنار[١]
پـەنـاهـی بـردە بـەر چـاوت دڵـی تـەنـگ
دەوای بیـمـار ئەگـەر بکرێ بە بیـمـار!
لـە خـاکی کـوشـتـەیی زنجـیـری زوڵفت
سـەحـەر دێنێ صـەبا بۆی مـوشکی تاتار
سـیـەه زوڵفت کـە ئەفـشـان بوو بـە ڕوودا
لە لام ئاشـفـتـە بوو تـەرتیـبی ئەشـعـار
هـومـا بـگـری دەبارێـنێ لـە پڕ لـەعل
کـە پیـشـەی کـوشـتـەیی لێـوت بە مـینقـار
دەتـرسم بێ لـە ناکـاودا سـەمـوومێ
نـە گـوڵ بێـڵێ نە دڵ بێـڵێ نـە گـوڵزار
لـە وەخـتـێکا لـەگـەڵ تـۆ ئاشـنا بووم
نە حـاجـیب بوو نە مـانیع بوو نە ئەغـیـار

(*) بەحری هەزەجی شەشی مەقسوور.

مەفاعیلون/ مەفاعیلون/ مەفاعیل

(١) ئەم پارچە لە ل:٨٨ی گوڵزاری بەهار و ٧٤ی قزڵجیدا هەیە، لە هەردووکیاندا ئەم بەیتە هەیە کە لە دەستخەتەکەدا نییە. هەندێ وردە جیاوازیی تریش هەیە لە نێوانیاندا، لەوانە لە یەکەم دێردا لە هەردوو نوسخەکەدا (فـصد = فـەصـد) نووسراوە، بەڵام لە دەستخەتەکەدا (قصد = قەصد)ە.

لــە حـــــــــــــاڵاتــی نــەظــەردا لــێــم دەتــۆرێــی
مـــوژەت خـــوێنـرێز دڵـی (ســـالـم) گـــونـەهکار

## هەجوییات

هـ ١١[*]

مـــــوو لە تەنما باز لە قـــــەهرا بوو بە نووکی نیـــــشـــــتـــــەر
دڵ لە ســـینەمـــدا دەســــووتێ هەروەکـــو شــــەمع[١] و فـــەنەر
تۆ ســـــەراپا پەشم و ڕیشی خــــۆت لە ئاگـــــر بۆ دەخـــــەی؟
(الحـــذر) خـــۆت دوور گـــرە ســـــووتای! بڕۆ هەی بێ خـــــەبەر!
شــا وەتەن، لەقلەق خــەرام، گـەردەن سـەقـاقـوش، سـەر زەغەن
ســـابرێن ڕیش، ناقــە زانوو، پێ شـــــتـــرمـــورغ، عـــەقڵ کـــەر
گـوربە خـوو، ژیشک بەدەن، سـووچەڕ مـەکـان، ڕووت کـەمـتـیـار
لووت چەکوش، (مـوو پەرسـیش پاپا روخ چەپەش، رەنگ جـانەوەر!)[٢]

---

(*) بەحری (رەمەل)ی هەشتی مەحذووف.

(١) شەمع و (سنە) شەمعی.

(٢) ئەم پارچە شـیـعـرە کـە سـەرەتـای پارچەی (هەجـویات)ە و نازانین لە هـەجـوی کـێـدایە، لێـرەدا بێ تەواوبـوون بچـڕاوە و، نازانین جگە لەو بەشـەکـەی تری ئەم پارچە چەند پارچەی تر شـیـعری ئەم بابەتە نایابە تێدا چووە. دوای ئـەمـە پێنج بەیت لە پارچە شیعرێکی نووسراوە، کە ئەویش هەر لە هەجودایە و نازانین چەند بەیتی لە پێشەوە تێداچووە.

ئەم پارچە لە (ئەوراقی پەرێشـان ل: ١٤٧)دا هـەیە، لەوێ ١١ بەیتە. بەڵام لەوێیش باش ناخوێنرێتـەوە، یان دروستتر بڵێم: دروست نەنووسـراونەتەوە. لە دوا بەیتدا ناوی «مـیـرزا »یەکی تێـدایە، واتـە ئەو بەیتـانەی لە هەجـوی «مـیـرزا » ناوێکدا نووسیوە کە میرزا سلێمانە کە سالم هەجوی کردووە.

لەبەرئەوەی بەیتەکان دروست نە نووسراونەتەوە و باش بۆم نەخـوێنرانەوە لێرەدا نەمنووسین.

مورر خەصلەت، شێرهەیبەت، پششە قووەت، پیلەتەن(**)
سەر خەڕەک، (بەر دووخ موو، ناخن دلالە، گوێ سپەر!)(!)
ئوشتر ئاسا وەک (چنکچی!) عووج کە دێ وەختی نەهار
ئاسمان بۆ مەجمەعەی مەجلیس دێنێتە تەوقی سەر
ئیمتیحانت چۆن بکەم گەز ناگرێ ئەندازەیی قەددت
سەر لە خایەت ناسوێ پۆپەی چناری ماسیدەر
فەرعی تۆ ئەصلەن حەقیقەت (جلب و) رەحمی کەس نییە
راستیی واتە کە تۆ چینسی منارەی نەک بەشەر
خۆ لەبەر طوولی درێژی زۆر (صندتە!) گەر بنوی
دەست بە سمتت خەن لە بەغدا لێرە نابی باخەبەر
ئەهلی ئەم ئەییامە نی تەحقیق بە قووچی قامەتت
گەر بە تەرکیبت حساب کەم عووج بابە و تۆ پسەر
بەسیەسی میرزا بووە خشە ناوێژم ئیتر هەجوا!
نەقدی لەهوم دا بە جینسی سەهوو ذیللەت سەربەسەر

---

(**) لە «هەنگاوێک»دا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە دەستخەتەکە لەو جێگەدا ناتەواویی تێدایە و پارچە شیعرەکە بە ناتەواویی ماوەتەوە، بەڵام وا خۆشبەختانە لەم دەستخەتەدا ئەو ناتەواوییەم دەستکەوت و بە هەردووکیان پارچەکە تەواو دەکەن، هەرچەند، چەند شوێنێکی تێدایە هێشتا باش ناخوێنرێنەوە.

ئەو چوار بەیتەی لە (هـ)دا هەیە و لێرەیش هەیە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە جگە لەوەی نیوەی دووەمی بەیتی چوارەم لێرە ئاوایە:

لووت چەکوش (، موپرشیش، پاپاخ چیش!) رەنگ جانەوەر

١٢(*)

ایضا وصف ثانی(١)

لە ذیکری ئالەتی یاری قـــــەلـەندەر
لە ئەفکارم دەکــــەم فکرێکی بەرتەر
دەکــا گــورزی گــران وەزنی لە رووتا
زەمین جێ جێ لە بەردەمـیا مـوجەددەر
لە ناو دەریای طومـــانا عــەمـــوودی
نەهەنگ ئاســــا لە هەنگاوی شناوەر
بەبێ دەرپێ ئەگەر بێ سوویی سەحرا
لە شەش فەرسەخ دەبینن میلی ئەحمەر!
لە پی دار قاپغی نەوسی بە مەشاک (!)
لە بن خایەی دەنووسێ: «عبدە هو» کەر
لە رووی ئەودا منارەی شـاری هەولێـر
بە قەد بەردووخە جورحی، بەڵکە کەمتەر!
دەبێـتە نەردەبانی جەمعی یەئجوج
هەڵینێی گــەر بە دیواری سکەندەر
چەنەڕنتیش ژنی بێ مەیلی وەن کا (!)
نوقم نابێ لە ناو دەریایی شـوشـتـەر
کە زورنا سەرقەفی رەق بوو لە کارا

(*) لە بەحری هەزەجی مەحذووفە.

(١) دووبارە وەسفێکی تر. مەبەستی لەم وەسفی دووبارە دەروێش ئاغایە کە لە پارچە شیعرێکی دیدا باسی زەفاف و بە زاوابوونی دەروێش ئاغای کردووە، بەم پارچە جارێکی تر هەجوی دەکاتەوە و باسی میلەکەی دەکا وەک دەیخوێنیتەوە.

ئەوا مــاکــەر لـە بەریا هۆڵـی دوخــتــەر
دەبێتە قـەیصـەریی پەس بەر بە ئەشکەوت
ئـەگــەر ئاغــا بـکا کــاری پەس (دبـر)
دەلـەرزن پیـــرەژن وەک بـی، لە حـــەممام
بکێـشـێ گـەر لـە نەقـشی ئەو (مـصـور)
وتم: ئـامـــا دەدەی تـەسکینـی فـــاطـان؟
وتی: مێشوولە کەی دەگرێ بەری گەڕ[٢]؟

(٢) لە دەستخەتەکەدا (کرّ) نووسراوە واتە نیشانەی ڕێی قەڵەوی بۆ دانراوە، دەکرێ بە (گڕ) بخوێنرێتەوە، وەک دەکرێ (گەڕ) بێت.

هـ ١٣(*)

هەڵپژا خوێن بە جگەرما دەمی غەمزەت بە ضەمیر
هاتە جونبوش کە بە ئاهم لە دەرۆ تا پەڕی تیر(١)
بۆ ڕەفوو کردنی چاکی دەمی شمشێر و برۆ
موژە تەڕدەستە لە دڵما وەکو سووزن لە حەریر
هەمەجا خوار کشان تا بمبەیە چاهی زەنەخ (!)
کافری دڵ سیەهی دیدە دەبا دڵ بە ئەسیر
تا تەڕەددودمە لەسەر صەفحەیی دنیا لە غەمت
بەس کەشاکەش لە گوزەرمایە وەکو کلکی دەبیر
بۆ سروشتی بەدەنت ڕۆژی ئەزەل صانیعی کول
صافی مرواریی و ماهیی بە یەکا کردە عەجین(٢)
بە نیگاری عەجەمی شێوەیی تۆ نایەتە ضەبط
تازەئامووختە کەی مەشقی دەگاتە خەطی میر؟
زیرە سەرمایەیە بۆ (سالیم) و کرمانی دەبا!
شیعری کوردی کە بدا جیلوە لە لای شێخی کەبیر

(*) بەحری (ڕەمەل) هەشتی مەخبوونی مەقسوور: فاعلاتن، فاعلاتن، فعلاتن، فاعلن
(١) ئەم پارچە لە لاپەڕە ٩٦ی «گوڵ»دا هەیە و کەمێک جیاوازی وشە لە نێوانیاندا هەیە لەوانە:
(٢) عەجین: «گوڵ» خەمیر، ئەمیش ڕاستە لەبەر سەرواکەیش.

ﻫ ١٤(*)

به دەورمـــدا وەفـا کـێـشـاویە مـەرکـەز
هەتا نەمــرم لە خــەط ناکــەم تەجـاوەز
کوهەن ناکەم قوماشـی عیشـقی جانان
هـەتا قـــابیض نەیێ ڕۆحـم نەکـــا گـــەز
بەنـەوعێ چەرخی داوم چەرخــەیی چەرخ
رەگـی دڵ بادرا وەک ڕشـــتـــەیی قـــەزز
بـرادەر مـــــــــادەرە هـیـنـدوویی بـاغـت
غـولامی چاوی مـەسـتت دوخـتـەری ڕەز
بەشـەرعی شـافیـعیی گـەر نەهیە کوشتن
لە شـــەرمی شـــەرعی دولبـــەردایە جـایز
شـەوی فیـرقەت لەبەر غەم تا سـەحـەرگاه
لە پەهلووم خـارە (سالم) نەرمیی خەزز(١)

---

(*) بەحری (هـەزەجی) شەشی مەحزووف:

مەفاعیيلون/ مەفاعیيلون/ فەعوولون.

(١) ئەم پارچە لە لاپەڕە ٨٥ی گوڵزاردا هەیە و لە تەک ئێـرەدا کـەمێک جیـاوازی لە نێوان وشـەدا هەیە.

هـ ١٥[*]

به پابۆستی بگا گەر سەر وەکو فەرش
سەری فەخرم دەچێ بۆ[١] پایەیی عەرش
نیگاهی چاوی مەستت گاهی ئیما
دەبەخشێ نەشئە[٢] بۆ دڵ هەروەکو بەرش
ئەگەر مانیع نەبن دەستم دەگا پێت
درازیی ئاستین و کۆتەهی ئەرش
مۆژەت طابوور و میر[٣] ئالآیە چاوت
یەرش بۆ دڵ دەبەن[٤] گەر بێ بلێ عەرش[٥]

---

(*) بەحری هەزەجی شەشی مەقسوور:
مەفاعییلون / مەفاعییلون/ مەفاعییل
(١) دەچێ بۆ (سنە) دەگاتە.
(٢) نەشئە (سنە) نەشئەیی (دل هەر) سنە (من...).
(٣) طابوور و میر (سنە): (طالوبە و سیر)
(٤) دەبەن (سنە) دەبا.
(٥) ئەم پارچە لە لاپەڕە ٨٠ی قزڵجی و ٨٦ی گوڵزاری بەهاردا هەیە، لە تەک کەمێ جیاوازیدا. لەوانە: لەبری «گەر بێ بلێ عەرش» لە گوڵزاردا نووسراوە «... بێ بیستنی عەرش».

١٦(*)

له ظوڵمت بەرمە بەر کەس-گەر-عەرایض
ئەجەل کۆتا بکا کارم بە قابیض
دەبا دڵ سوجدەیی طاقی برۆی یار
هەموو وەختێ لەگەڵ جەمعی فەرایض
نەبوغضێنێ کەسێ مەنناعی عوششاق
ئەوە نوطفەی ژنی ناپاک و حایض
شەهیدی نیمنیگاهی تۆ شەریفە
وەلێ (سالم) لە غەیضی زەخمە فایض

(*) هەزەجی شەشی مەحذووف.

هـ ١٧(*)

له قیبلەی ڕوو بە ڕووت میحرابە بۆ دڵ(!)
بە لەب قوبلەت وەکو جەللابە بۆ دڵ
شەوی دەی بێ چرا پڕ نوورە کولبەم
خەیاڵی عاریضت مەهتابە بۆ دڵ
ئەلەم ئاسایشی ئەربابی عیشقە
هەموو خاری جەفا سنجابە بۆ دڵ
قەنارەی حازرە هەر سوو لە موژگان
لە چاوتا مەردوومەک قەصصابە بۆ دڵ
سەمەک بم گەر لە جەورت بچمە دەریا
موژەت بەرگەشتە وەک قوللابە بۆ دڵ
بە میحنەت هاتە لەغزش قەلبی (سالم)
خەیاڵت مەعدەنی سیمابە بۆ دڵ

---

(*) بەحری هەزەجی شەشی مەحزووف.

هـ ١٨(*)

ڕۆژی دڵ هەر شەوی تارە چە لەوێ بم چە لە مێ بم
مەنزڵی گیسوویی یارە چە لەوێ بم چە لە مێ بم
گۆشەگیرم لە فیراق و لە وەصڵ دەمخەیە لا(١)
مەنزڵم هەر لە کەنارە چە لەوێ بم چە لەمێ بم
گاهی بوعدت دەڕژێ لوئلوئی ئەشکم وەکو قورب
دیدە مەشغووڵی نیثارە چە لەوێ بم چە لەمێ بم
جەوری وەصڵت شەرەر و حاڵی فیراقت سەقەرە
جایی من هەردوو لە نارە چە لەوێ بم چە لەمێ بم
بەری دا طورەیی دڵ و لەشکری غەم حەڵقەیی دا
دەوری ئەو جوملە حەصارە چە لەوێ بم چە لەمێ بم
تا خەیاڵی قووەتی بێ قوربە لە (سالم) فیرەقت
ڕوویی جەنانە دیارە چە لەوێ بم چە لەمێ بم

---

(*) بەحری ڕەمەلی هەشتی مەخبوونە: فاعیلاتون / فەعیلاتون/ فەعیلاتون/ فەعیلاتون، جگە لە سەدرەکانی دوای دێری یەکەم مەخبوونی مەحذووفن.

(١) ئەم پارچە لە لاپەڕە ١٠٢ی قزڵجی و ١٣٦ی گەلاڵەدا هەیە، بەڵام جیاوازیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، لەوانە کۆتاییی قافیەکە لە هەردووکیاندا «چە لەمێ بم چە لەوێ..» وەک دەبینی لە دەستخەتەکەی سنەدا «چە لەوێ بم چە لەمێ بم»ە. لە جیاوازییەکانی تریشدا دەستخەتەکەم بەلاوە دەروستترە، بۆیە وەک خۆی هێشتمەوە.

ھ ١٩(*)

لەقلەق ئاسـا لەق و بەدڕەوتە فـلاّن
بە هەیۆلا (نتطری!) نەوتە فـلاّن[١]
دێمە مەدرەسە (نتحـواه!) مەنار
قامەتی شاهیدی مزگەوتە فلاّن
پەیڕەوی (سبعە)ی قورئانییە بەوەی
نەبو خاریجی لە هەر حەوتە فلاّن
عیززەتی هەرچە ئوصووڵاتە نەما
بەسکە بەدلەهجە و بەدصەوتە فلاّن
جامەدارانی حەمامن شاهید
کونی پشتی وەکو ئەشکەوتە فلاّن
یەک طەویلەی کەر ئەگەر هەمڕاهی بێ
هەمەجا قایم و بەرکەوتە فلاّن
وەک درەختی ڕەشە یا ڕیشەکێف
هەر لە سەر تا بە قەدەم چەوتە فلاّن
خایەیی گزگلییە و نەوسی بەڕوو
شەکەمی کوندەیی پڕ جەوتە فلاّن

---

(*) بەحری رەمەلی شەشی مەخبوونی مەقسوور:
فاعیلاتون/ فەعیلاتون/ فەعیلان.
(١) ئەم پارچەم لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا نەدۆزییەوە و یەک دوو وشەیشیم بۆ نەخوێندرایەوە و بە گومانەوە رروونووسم کردن.

ھ ٢٠(*)

قـــادری بۆ نـەظم و بـەینـی کـــوفـــر و دین(١)
پـەرچـەمت وا بـگـرە دانـەگـــــرێ جـــــەبـین
غـــەیری قـــاروون کێ دەزانـێ جـێـی ڕەقـــیب
مـــووسـا ئاسـا گـــەر مـــوطیـــعم بـێ زەمـین؟
تـا دەنووسـێ ســـــینـی بـۆســـەی تـۆ قـــەڵەم
دێنـە ســـەر کـاغــەز مـــەگـــەس بۆ ئـەنگـەبـین
جـانشـــینـی جـــەم بە حـــیـــشـــمــەت من دەبـم
گـــــــەر وەکـــــو لـەعلـی لـەبت بم بـێ نـگـین
بـەرمـــەدە دەســـتـم لە گـــۆشـــەی دامـــەنت
تا لـە دنـیـــا هـەڵتـــەکـــێـنم ئـاســـتـین
پێـنـج و خـــــەم بەس وا لـە مـــــووتـا تابـرۆ
کێ دەگـاتە چینی زوڵفت؟ حـــیـــصـنی چین!
خـــوون فـــشـانە وەخـتی لوطفـــیـشت نیگاە
فـەرقی کـوا بۆ دڵ زەمـانە ئەصلەح وەکین(!)
فـــەرزی عـــەینە حـــەمـدی ئەو تا بـێ نەفـــەس
خـالیـــقــە ئیـــجـــادی نووری کـرد لە طین(!)
خــــانە وەک زینـدانە بـۆ (ســـــالم) لە غـــــەم
غـــەیری ســـایەت گـــەر ببـــینـێ هەمنشـین

---

(*) بەحری ڕەمەلی شەشیی مەقسوور:
فاعیلاتون/ فاعیلاتون/ فاعیلان.

(١) ئەم پارچە لە (ئەوراقی پەرێشان ل: ١٥٨)دا هەیە و لەوێ هەشت بەیتە. هەروەها لە کەشکۆڵی (قزڵجی)شدا ل: ٧٩هەیە.

ھ ٢١(*)

نیگەھ ناکـــەی بـەلای ئوفــتــادەگــانا قــەد لـەبەر تەمکین
دڵت کـردم بە خـوێن سـا بـەسـیـەتی ئەی کـافـری بێ دین!
بەدین صـەنعانم و غـەم کۆھـکەن و مەنزڵ لە لای مـەجنوون
(بـخـــوتـو دخت تـرســـای بم و لـیـلـی بـرخ شـــــرین!)(١)

(*) بەحری ھـەزەجی موثەممەنی موسـەببەع:
مەفاعیلون/ مەفاعیلون/ مەفاعیلان
(١) ئەم نیـوە بەیتـەم بە دروســتـیی بۆ نـەخـوێنرایەوە، وەک خـۆی و بە ڕێنووسـەکەی خۆی روونووسم کرد.

(*)٢٢

بەئەفسوونی نیگاهی سیحر دیدەی نازەنینی من
بە باد چوو سەربەسەر مایەی حەیات و عەقڵ و دینی من
لە شۆری بەختی بەد - یاران - لە دنیا شیوەنی خۆم کرد
مەنێن بۆ تەعزییەی فەوتم بینای شۆڕ و شینی من
جودا نابێ ئەبەد سێ رەنگ لەسەر سێ روو هەتا دەمرم:
دڵ و میحنەت، سەرو سەودا، سروشک و ئاستینی من
موهەییایە مەکانی تەن لە خاک و خارە و خارا
لە جێگەی رەختی خواب و باڵش تەکیە و سەرینی من
بنووسن حەرفی میحنەتها لە چاکی کفنەکەم - یاران!-
وەکو دنیا لە عوقباش غەم ببێ با هەمنشینی من
دڵم فەلاح و دەرد و ئەشکم نەهرو، غەم بەذرە
سەدان دەر سەد ئەدا حاصل لە هەر وەرزا زەمینی من
بە رەنگ چە سەهلە صوبحی نەورۆز گەر بە یەلدا بێ
بەبێ رووی جیهان ئەفرۆزی یاری نازەنینی من؟

---

(*) بەحری هەزەجی هەشتی تەواو.

ﻫ ٢٣(*)

تا تاقــه لـه ســینەم دڵی غــەمــدیده لە کــۆی توو
مــەشــغــووڵە وەکـو کــووکــووی وێرانه بە کــووکــوو
وەصلـت ئـەمـــــەری ڕەنجی منی زاری چە دەبەردا(١)
وەک مەوسیمی گوڵ عەهدی چلۆن هاتو؟ چە زوو چوو؟!
تەرکی جــــەفـــا بـێـــــهـــــوودەیە لابەو زاری(٢)(!)
خــۆ تا(٣) بە ئەبەد جــەوهەر و قــانوونە لە گــوڵ ڕوو
پڕ مـــــوشکیله ئەم(٤) حـــــاڵە بکا چارەیی دەردم
بێ بۆیی شـــیـــــفـــا ، دارووی تۆ، فکری ئەرەسطوو
ئـەبنائی حـــەبەشـــزاده چە مــــەقـــبــــووله لە لای ڕۆم
دانیـــشـــتـــووە بە زانوویی ئودەبا چاکـــیـــری هیندوو
وا سـیـــڕڕی (هو الحق)(٥) بە یەقین کەشــفـە لە خـاطر
هەر (هو هو)ە شــوغــڵــی دڵی غـــەمـــدیده لەگــەڵ هـو
بۆ صــیــدقی قــســەم بادی سـەحــەر شــاهیـده با بێ
بێ بۆیە لە ڕوویی گــێـــســوویی تۆ نـافــەیی ئاهوو
(ســالم!) بەســـەرت تا (قـــەرەســـوو)م لێـــوە دیارە
بارە لە دڵی خــەســـتـــە ئەلەم وەک کـــەلی شـــاهوو

(*) بەحری هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفه:
مەفعوولو/ مەفاعیلو/ فەعوولون.

(١) لە دەستخەتەکەدا ئاوایە کە نووسیم، ئەگەر(دە)کەی نەبێ دروستە.(سنه) دیردا .
(٢) زاری (سنه) خواری
(٣) خۆ تا (سنه) خو خو.
(٤) ئەم (سنه) لەم.
(٥) (هو الحق) (سنه) هەوا لە هەق.

ﻫ ٢٤(*)

ئەی دڵا حەڵقەیی ئەو زوڵفە هەموو دامە مەچۆ[١]

رۆینی ئەو ڕەهە سەرخود طەمەعی خانە[٢] مەچۆ

لازمە گەر چە دڵا دیدەنی دولبەر لێکن

قەولی ئەو دەرحەقی توندیی و دشنامە مەچۆ

---

(*) بەحری ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف.

(١) ئەم دوو بەیتە هەر بەو شێوە نووسراون و سەرەتا و کۆتاییيان دیارە و ناتەواویی لە لاپەڕەکەدا نییە.

(٢) طەمەعی خانە (سنە) هەوەسی خامە.

٢٥(*)

پار ساڵ لە وەصڵدا بە صەفا عەیشی جەمم بوو
لەو کەونەدا شەوکەتی شاهی عەجەمم بوو
وەک راهیبی پازەند بە ئەدەب مەحوی نەظەر بووم
تەزەییون بە تەڵا و خشڵی مولەووەن صەنەمی بوو
لەو خەڵوەتی خاصەم لە لەب و عاریض و دیدە
پەیوەستە: شەراب و مەزە و شەوق و شەمم بو
وەک تاجیری دەوڵەت بە هەوای خەزنەیی رووی یار
بۆ شاهیدی گەنجی بەشارەت عەلەمم بوو
دەمدا بە لەبم لەعل و دوو لەبی گۆی بلووری
پەیوەستە لەگەڵ خۆم وەکو حاتەم کەرەمم بوو
شادیم لە هەوای صوورەتی ئەو گەییە مەقامێ
صەد شاهیدی وەک شەککەر و شیرین خەدەمم بوو
تا ئامەدی طالیع بوو وەکو خوسرەوی پەروێز
گەهـ بادە بە لەب، گەهـ لە لەبا غونچە دەمم بوو
نامەد کە ترازاندی لەب و لەب لە لەب و مەی
(سالم) لە فیراقا نە ئەوم بوو (نە) ئەمم بوو[1]

(*) بەحری هەزەجی مەخروومی مەکفووفی مەحذووف:

مفعول / مفاعیل/ مفاعیل/ فعولن

(١) وا دەزانم روونە کە بە لەبیرچوونی نووسەرەوە لێرەدا (نە) یەک کەوتووە، بۆیە بە پێویستم زانی (نە) کە لە شوێنی خۆی دابنێمەوە.

٢٦(*)

ئاســمـان دیهـقـان و عـومـرم کـهشت، دهوواسی مـاهی نهو
ســهرهفگهندهو ئیـــســـتـــادیم خـــۆشـــه ئاســـا بـۆ درهو
تـا به رهنجی عـــیـــشـــقی (کندین!) رووم جـــووتـی غـــهم
نـا نـوێنـێ خـــهرمـــهنی دنیـــا لـه لام یهک دانه جــــهو
سـازشی چوار جـینس له چوار نهوع  چوار یار نادهن بههەم:
ئاب و ئاتهش، گورگ و گهلله. عهقڵ و مهستیی، عیشق و خهو
یـاری صـــاحـــیب مـــروهتم ئـوفـــتـــادهکـــانی دا صـــهدا
ســهگ به گـورگـه لۆقـه هات و (ســالم)ی مـیـسکین به دهو

(*) بهحری رهمهلی ههشتیی مهحذووف.

٢٧(*)

رەفـیق بێن و تەمـاشـاکـەن دەمی بوو کـبـردنە ئیـمـشـەو
هەوای بووکێ (بەدان) و[١] مـەیلی زاوا (کـردن)ە ئیـمـشـەو
مـوهـەییـیـای کـرد فـەلەک طەوقـی بلوورین بۆ ملی دامـاد
چەلیـپـا هـەردوو پێی بووکێ دووشـاخـەکـردنە[٢] ئیـمـشـەو
لەگـەڵ کـاروانـەدا ئاوازی پۆپڵـە وەک جـەرەس هـەڵسـا[٣]
لە دەست زاوا لە دەست بـووکـا خـرنگەی بـازنە ئیـمـشـەو
دەڵێـن: بەربووکی باوان دەسـتـە خـوشکی مـادەری بـووکـە
لـە زاوا خـۆی دەترسـم بگرێ بووکی پاژنـە ئیـمـشـەو[٤]

---

(*) بەحری هەزەجی هەشتی تەواو.

(١) بەدان (سنە) بران.

(٢) دووشاخەکردنە (سنە) دووشاخەی گەردنە.

(٣) هەڵسا (سنە) هەڵستا.

(٤) یەک دوو زاراوە لەم پارچە شیعرەدا هەن ڕوونکردنەوەیان مـانای شیعرەکـە ڕوونتـر دەکـاتەوە. (پاژن) یان (بەربووک) بەو ئافرەتە دەڵێن کە لە لایەنی مـاڵە باوان - خانەوادەی بووک -وە لە تەک بووکدا دەنێررێت، دیارە ئەو ئافرەتەیش لە لایەنی مـاڵە زاواوە دەنێررێت پێی دەگوترێت پێخەسوو. سالم دەڵێ: بەربووک دەستەخوشکی دایکی بووکێیە، دەترسم زاوا لەباتی بووکێ لنگی بەربووکی پاژن بگرێتە دەست!

عینێن: ئەو پیاوەی یارۆکەی شلەپەتەیە و هەڵناسێ و کارا نییە.

دەترسم... (سنە) دەپرسم: بیکرە بووکێ یا ژنە ئیمشەو؟

خـەزوورەی بووک لە ڕەقصـایە وەکو ئەشطەر لە ڕووی بەچچـە
خــودی زاوا لەبەر دوخــتــەر لە حــاڵی[٥] مــردنە ئـیــمــشــەو
نـەفـــیـــری شـــادییـــانەی مـــادەری زاوا بلـند نـابێ[٦]
چبــوو عـینـنینـە زاوا، یا مــەگــەر بووک بێ بنە ئـیــمــشــەو؟!

(٥) لە حاڵی (سنە) کاتی

(٦) سنە ئەمەی تیایە.

## ٢٨(*)

به تەنگە دڵ لە سینەمدا وەکو مورغی قەفەس ئیمشەو
بە جان شیوەن دەکەم یاران لە هیجرانا هەوەس ئیمشەو
خەووطەرف و فەراغەت زەحمەتە بۆ عاشقی بەدبەخت
موژەم یەک یەک لە چاوما بوو بە نێشی خار و خەس ئێمشەو
کە مینقاری هەوەس ناگاتە سەر شەکەر وەکو تووتیی
بەسەر خۆما دەدەم دەستی تەئەسوف وەک مەگەس ئیمشەو
جلەو رێز وا بە چوستیی هات و لێی دام رەهزەنی ئەندووە
لە جەلدە راهی حەلقووما بڕی رێگەی نەفەس ئیمشەو (!)
سەرو پێچ و دەم و ریشی رەقیب سەیرکەن رەفیق ئامان
بە چۆکا هاتووە ئەفگەندە سەر هەر وەک تەرەس ئیمشەو
لە مەیدانی بەلاغەت وا قەڵەم سەرخۆشە بۆ نووسین
لە هاتوچۆ و تەرەددودا دەکا مەشقی فەرەس ئیمشەو
ئەگەر دولبەر بپرسێ حاڵی (سالم) پێی بڵێن: تۆ خۆش!
لە گێسووی میحنەتا ناکا بەسەریا هات هەرەس ئیمشەو

---

(*) بەحری هەزەجی هەشتی تەواو.

(*)٢٩

وجوودم راسته خۆی سووتا وەلێ ئەکثەر خەطای یارە
لە ئەصڵا قەلبی من گۆگردە شوعلەیی رووی ئەو نارە
بە مەجنوونیی لە صیدقا گەر منیش لەیلێ پەرستێکم
سەگی دەرگاهی یارە موونیسم گەر نەنگە وەر عارە
حسابی من لەگەڵ طالیع نەما گەر سەعدە وەر شوومە
لە هەر لا روویی دڵدارە لەوێدا بەختی من یارە
لە غەم ئیتر بە سەختیی حەببەیێ تەعدا قەبووڵ ناکەم
(نظام الملکی) ئیقلیمی دڵم موژگانی دڵدارە
صەلاوەت بەخشە گەر بەختم ضەرەر تەحسینی من ناکا
زبانێ وەصفی لێوی تۆ بکا ئەڵبەت شەکەربارە
خۆشا ئەشکێ بە یادی لەعلی تۆ برژێتە سەحرایێ
هەموو سەنگێکی یاقووتە، هەموو خاکی نمەک زارە
حەرەم ئابادە جێگەی دلبەر و زادەی جگەر لاتە
فسوونی ئەو فریبی ساحیری مەککارە بازارە
رەوانم تازە بوو (سالم)، (عفاك الله) لەگەڵ فکرت
لە دڵما شیعری شیرینت بە لەززەت وەک قسەی یارە

---

(*) بەحری هەزەجی هەشتی تەواو.

٣٠[*]

له وادیی فـیـرقـەتـا ڕۆژم وەکـو زوڵفت شـــەوی تارە
بـە یـادی چاوی بیـــــمـــــــارت دڵم دایم بـریـنـدارە
مـەگـەر باعیث بـە هیـجرانـە وە یا لێـلاوە بیـناییم[١]
کـەوا ڕۆژی ڕووناک ئـەمـڕۆ لەبـەر چاوم شـەوی تارە
لە فـیـرقـەت نـەوگوڵی باغ و بەهاری عـاریضـی یارم
بە ئەشکی ئاڵی گـوڵگۆنم سـەراپام ڕەنگی گـوڵنارە
کە یادی پیرەهـەنی ئـاڵی دەکەم دڵ وا بـەتاو دەکوڵێ
سـروشکی جـۆشـشـی گریانی چاوم رەنگی گوڵنارە

---

(*) بەحری هـەزەجی هـەشتیی تەواو.

(١) لە ئەصڵدا (بیابیم) نووسرابوو بە هەڵەم زانی و (بیناییم) بەلاوە دروست بوو.

## ٣١(*)

تا رەقیب حاضرە گاهی حەذەرە نەک حەضەرە
ئەو سەگە تا لە کەمین بێ حەضەریشم سەفەرە
گەر لە بن سایەی طووبا بە صەفا ماوا کەم
بڵێتە دڵ (یاد بدی!) ئەو سەگە جێم پێ سەقەرە
چین بەچین کەوتووەتە سەر یەک لە دڵا عوقدەیی غەم
بێ بە ماچی دەمەکەت لادە سا ئەم کەسەرە[1]
ئاخ لە پاش ئەم هیجرانە بەکوێریی رەقیب
دەمدی دەستم لە قەدت چەسپە بە مثیلی کەمەرە
بە قسەی خۆش نییەتی وایە قسەم پێ دەرخا
صەد دەسی (تو لکی دام!) کردووە حیزبابە کەرە

(*) رەمەلی هەشتی تەواو

(١) لێرەدا (کثر – کەثەر) نووسرا بوو ئاشکرایە هەڵەیە و (کەسەر) راستە بۆیە وا نووسیم.

ه ٣٢(*)

حـورمــەتی دڵ واجـبـە چونکە مــەکـانی دولبــەرە[١]
مـەیشکێنن ناوی، پڕ ئیکسـیـری کـەعـبـەی ئەکـبـەرە
شـیفـتـەیی گێسووی ئـەیازێکم لە غەمی مـەحـموودسـان
لەشـکری غـەمـزەی لە غـەزنـەی مـوڵکی دڵ غـارەتگەرە

***

شیعە و سـوننی لە لای من هـەر یەکێکن چونکە یار
نەسلـی ئەولادی حـوسـەین و ئـەسڵـی فـەرعی عومـەرە
بۆ مـحـەمـەد نەعـتـخـوانم چاکیـری حـەمزە و عـەلی
خاکی پـەی سەلمانی پاکیش بۆ سـەری من ئەفسـەرە
سـاگـوزارێکە بەسـەرمـا بێ لە ڕێـی ئەهلـی عـەبا
گەردی پیـرۆزی رەهت بۆ تاجی فـەقرم ئەفسـەرە(**)

---

(*) بەحری رەمەل.

(١) ئەم دوو بەیتە لە شێوەی چوارخشتەکیدا نووسراون و سەرەتا و کۆتایی لاپەڕەکە دیارە و ناتەواوی پێوە دیار نییە.

(**) ئەم سێ بەیتـەی سـەرەوە دەکـەونە دوای ئەم دوو بەیتـەوە کە لە (هـەنگاوێک)دا بڵاو بوونەتەوە.

## شاكارێكی بڵاونەكراوەی سالم

### عەبدوڵا پاشا و سالم

ئەوەی لە مێژووی نووسراوی بەردەستماندایە لەسەر عەبدوڵا پاشای بابان شتێكی زۆر كورتە و بە هیچ شێوەیەک ڕەنگدانەوەی ژیان و بەسەرهاتی و ماوە و چۆنیەتیی فەرمانڕەواییی ئەو ناگەیەنێت. ئەوەی لەسەر ئەم میرە بابانییە نووسراوە ئەمەیە:

عەبدوڵا پاشا كوڕی مەحموود پاشا، برای عەبدوڕەحمان پاشای بابان بووە. ئەم پیاوە ركەبەری مەحموود پاشای برازای بووە، كاتێ سەعید پاشای والیی بەغدا عەبدوڵا پاشای كرد بە فەرمانڕەوای بابان لەبەر ركەبەرایەتیی مەحموود پاشا نەیتوانی كارەكەی بگرێتە دەست و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی داود پاشادا ماوەیەک عەبدوڵا پاشا حاكمی كۆیە و حەریر بوو، دواتر چوو بۆ ئێران و داوای كۆمەكی لە دەوڵەتی ئێران كرد و سوپایەكی هێنا بۆ سەر مەحموود پاشا و لە شەڕێكدا كە لە قەرەگۆڵدا رووی دا سوپای مەحموود پاشا و والیی بەغدا شكان و والی بەغدا لەگەڵ ئێراندا ڕێک كەوت و عەبدوڵا پاشایان كرد بە فەرمانڕەوای بابان.

پاش ماوەیەک مەحموود پاشا سوپایەكی گەورەی لە دیار بەكر و بەغداوە هێنا و عەبدوڵا پاشای لە سلێمانی دەرپەڕاند. دیسان عەبدوڵا پاشا رووی كردەوە ئێران و سوپایەكی گەورەی لە ئێران و ئەردەڵانییەكان هێنا و مەحموود پاشای پێ لە سلێمانی وەدەرنا. دواتر عەبدوڵا پاشا بوو بە فەرمانڕەوای كۆیە و حەریر.

دواجار ساڵی ١٢٦٧ک ١٨٥١ز نامیق پاشا عەبدوڵا پاشای بانگ كرد بۆ

بەغدا و بە کۆتکراوی ناردی بۆ ئەستانە و بەم شێوەیە فەرمانڕەوایی بابان کۆتایی پێ هێنرا[٧].

ئەمە ئەوەیە کە لەبارەی عەبدوڵا پاشاوە لە دەستدایە، بەڵام سالم لە پارچەیەک شیعری (٤٢) بەیتیدا باسێکی گەڕانەوەی عەبدوڵا پاشا لە لای رۆمەوە بۆ سلیمانی دەکات، باسەکە هەرچەند بە شیعرە و بۆ پیاهەڵدانی عەبدوڵا پاشای گوتووە و لە شیعردا لایەنی ئەدەبی زاڵە بەسەر لایەنەکانی تردا، سالم کە خۆی هاوچەرخی عەبدوڵا پاشا بووە و شایەتی رووداوەکان بووە، ئاماژەی لە شیعرەکانیدا بۆ گەلێ رووداو کردووە، ئەگەر بەباشی بزانرایەن و روون بکرایەنەوە و تۆمار بکرایەن، روخسارێکی تریان بە ژیانی عەبدوڵا پاشا و مێژووی فەرمانڕەواییەکەی دەدا.

من کە ئەم پارچە شاکارە مێژووییە بۆ یەکەم جار لێرەدا بەم شێوە بڵاو دەکەمەوە ناتوانم بگەمە دۆزینەوەی ئەو باس و بابەتانەی سالم ئاماژەی بۆ کردوون، چونکە ئەو باسانە لە کەسانی جیاجیا و ناوچەگەلی جۆراوجۆر و رووداوگەلی گەورە و بچووک، دەدوێن کە – بەداخەوە – تۆمار نەکراون و نزیکی ٢٠٠ ساڵیان بەسەردا تێ پەڕیوە و مەگەر لەملا و لا بە ئاماژەی بچووک و لابەلا ناوهێنانیان هەبێت و کەسێک لە پەڕاوێزێکیدا یان لە پارچە شیعرێکدا ناوی –لابەلای – یەکێکیانی هێنابێت، ئەوەیش لە دەست ئێمەدا نییە. من لە بارودۆخێکی وەهادا ناتوانم – وەک گوتم– بەو باسانەدا بگەم و ئاماژە بۆ چەند نموونەیەک لەو رووداوانە دەکەم کە لە دووتوێی شیعرەکاندا سالم گونجاندوونی و تەنیا ناوی هێناون، ئەو لە سەردەمی خۆیدا درێژەی باس و بەسەرهاتەکانی زانیوە و وای زانیوە هەروا بە زانراوی دەمێنێتەوە، بەڵام ئێمە ئێستا – ئەوەتا– عەوداڵی دوای بچووکترین زانیارین لە بارەیانەوە. سالم پێش ئەوەی بگاتە سەر باسی هاتنەوەی عەبدوڵا پاشا دێت

---

٧) بڕوانە: مشاهیر الکرد وکردستان، محمد امین زکی، بنکەی ژین، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ل: ٢٨٨. بابان في التأریخ، جمال بابان، مطبعة الحوادث، ١٩٩٣، ل: ١٩٨، النودهي، الشیخ محمد الخال، ل: ٣٢.

دیمەنێکی بەهاری و نەورۆزی و رەنگامـە دەدات بەزەوی و شنەی شـەماڵ، داران دەهەژێنێ و سارە و بولبول ، قومری و... بە شەوقەوە عـامبـازی چڵوپۆپی سەوزی سەروو سنەوبەر دەبن و دەنگی قاز و قوڵنگ و سۆنە دنیای پڕکردووە، زەوی فەرشی سەوزی ڕاخستووە و گوڵ سەری داوە لە یەک و ئەو فەرشەیان رازاندووەتەوە.

دوای ئەوە باسی ئەوە دەکات حاکمی مەنفی بە ئەمری سوڵتان و سەدری ئەعزەم لە قوستەنتەنییەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بەمەیش تەختی سلێمانی بۆ موڵکی سەبا هاتووەتەوە.

تەنانەت لە نووسینەکەدا سالم گەڕانەوەی عەبدوڵا پاشا بە هۆی رێکخستنەوەی نیزامی بەینی رۆم و ئێران دادەنێت.

باسی «کاک ئەمین» ناوێک دەکات کە وا دیارە لە کاتی دووری و ئاوارەییی عەبدوڵا پاشادا شتێکی بەدەست بووە و تەپڵدار و عەلەمدار بووە.

هەروەها باسی پەتلەملێک دەکات و ناوی نابات و ئەو کەسەیش هەندێک کاروباری فەرمانڕەوای بابانی لە ئەستۆدا بووە.

جگە لەمەیش و لەوەیش ناوی کەهیا دێنێ کە ئەویش لە یەکێک لە سەردەمەکانی فەرمانڕەوایی عەبدوڵا پاشا لە شەڕدا دژی عەبدوڵا پاشا بەشداریی کردووە.

هەروەها ناوی عەزیز بەگ دێنێ کە لە قەسیدەیەکی درێژدا سالم زۆر ستایشی کردووە.

ئاماژە بۆ شەڕێکی دەوری مەریوانیش کە عەبدوڵا پاشا تێیدا خاوەن هێز و شەڕوان بووە، لایەنێکی تری چامەکەی سالمە.

باسی والی و فەوجی «چێش کەروو» کە دیارە مەبەستی پێ سوپایەکی هەورامییە، لەو لایەنانەیە سالم لە شیعرەکانیدا گونجاندوویە. سالم لەم پارچە شیعرەدا جگە لەو هەموو ستایش و پیاهەڵدانەی بۆ عەبدوڵا پاشای نووسیوە، لە دوا بەیتدا کارێکی زۆر بەبایەخی کردووە ئەویش ئەوەیە لە دوابەیتدا مێژووی گوتنی پارچە شیعرەکەی و هاتنەوەی عەبدوڵا پاشای بە

حیسابی ئەبجەد لە رستەی «حاتمی بخشش»دا تۆمار کردووە. کە دەکاتە ساڵی (١٢٦١ک = ١٨٤٥ز). بەڵام نووسەرەوەی شیعرەکان بەهەڵە حاتمی کردووە بە «حاطمی» و ئەوەیش مێژووەکە دەگۆڕێ، من ئەو هەڵەم لە حسابی ئەبجەدەکەدا راست کردەوە.

## عەبدوڵا پاشا لە سەرچاوەیەکی تردا:

لێکۆڵەرەوەی کورد – لە هەر بوارێکدا – مێژوویی، رۆشنبیریی، سیاسیی، ئابووریی... کە دەست دەداتە قەڵەم و دەیەوێ لەسەر ئەو بابەتەی مەبەستییەتی لەسەری بنووسێ.. بنووسێ هەر زوو رێگەی دەگاتە بەست و نە دەتوانێ کارەکەی بە شێوەیەکی شیاو ئەنجام بدات و نە دەتوانێ پەند و دەرزێکیش لە رووی زانینی مێژووەوە بە نەوەی نوێی گەلەکەی بگەیەنێت.

مێژووی بابان – ئەو بابانەی کە ماوەیەکی دوور و درێژ سلێمانی و دەوروبەری و پێشتریش قەڵاچوالان و ناوچەکەی خستبووە ژێر کاریگەریی هاتوچۆ و هەڵسوکەوت و فەرمانداریکردنی فەرمانڕەواکانییەوە – بۆ ئەم مێژووە پڕ کارەسات و شکست و هەڵسانەوە و نەهامەتی و شکۆمەندی و...یە چیمان لە دەستدایە؟ گومان لەوەدا نییە – جگە لە ئەرشیفی وڵاتانی دوورەدەست – ئەرشیفی وڵاتانی ئێران و تورکیا پڕن لە فایل و دیکۆمینت و کتێبی نایاب و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا کەسی دڵسۆز و کارامەی وامان نەبووە هاتبێ –بە پێی توانای خۆی– لای لەم لایەنە گرینگ و گەورەی مێژووی کورد و بابان کردبێتەوە و لێکۆڵەرەوە –وەک وتم– لەبەر نەبوونی سەرچاوە دەستەوسان لە عاستی باباتەکەیدا دۆش دادەمێنێ.

بۆ مێژووی عەبدوڵا پاشای بابان گەلێک گەڕام، بەڵام بە دەستی پڕەوە نەگەڕامەوە، خۆ وە نەبێ سەرچاوە نەبێ، سەرچاوە هەیە، بەڵام ئێمە دەستنیشانمان نەکردوون و شوێنەکانیان نازانین.

یەکێک لەو سەرچاوانەی من دەمێکە باسیم نووسیوە و شوێنیم دیاری

کـردووه و بانگەوازیشم بۆ ئەوە کـردووە کـاری بۆ بکرێت، بەرگی دووەمی «دوحـة الوزراء»ی دانراوی رەسـوول حـاویی کـەرکـووکـیـی «سنەیی»یە، ئەم بەرگەی ئەم کتێبە سیخناخ و لێوانلێوە لە مێژووی بابان و کارەسات و شەڕ و ئەمـبـەرەوبەری مـیـرانی باباندا، کـە رەنگە ئێـمـە شـتـێکی زۆر کـەمی ئەو رووداوانە بەو دروسـتـییە نەزانین کـە ئەو پیاوە تۆمـاری کـردوون، چونکە ئەو پیـاوە خـۆی لە تەک رووداوەکـاندا ژیاوە و لە شـوێنێکدا بووە کە ناوجـەرگەی بڕیار و بڕیاردانی ئەو سـەردەمـەی مێـژووی بابان بووە و مـامـۆسـتـا حـاویی یەکێک لە نووسەرەکانی دەرباری داود پاشـای والیی بەغدا بووە و لە نزیکەوە شایەتی باس و خواست و جموجۆڵ و هەڵسوکەوتەکان بووە.

لەم بەرگـەی ئەم کـتـێبـەدا لە مـاوەی دوو سـاڵیدا سـێ باسـی تەسـەل لەسـەر هەڵسـوکەوت و ئەمـبـەرەوبەری عـەبدوڵا پاشـا هـەیە، کـە ناوونیـشـانەکـانیـان بەم جۆرەیە:

لە رووداوەکـانی سـاڵی ١٢٣٨ک:

٤٥- گـەڕانەوەی مـەحـمـوود پاشـا لـە دەوروبەری کـۆیەوە و رووکـردنەوە بە لای خـزمـەتـی «ولی النعمـی -خـاوەن شکـۆ»دا، ناردنـی عوسـمـان بەگی برای بۆ لای شازادە عەباس میرزا بۆ سپاردنی ویلایەتی بابان بە عەبدوڵا پاشا.

٤٩- گـەیشـتـنی هـەواڵی گـەڕانەوەی مـەحـمـوود پـاشـا لە دەوروبەری کـۆیەوە بەنامـورادی و رووکـردنی بۆ سلێـمـانی و رۆیشـتـنی عـەبدوڵا پاشـا بۆ لای عەباس میرزا و چوونی مەحموود پاشا بۆ شارۆچکەی ناوبراو.

لە رووداوەکـانی سـاڵی ١٢٤٠ک:

١٧٨- گـەڕانەوەی عـەبدوڵا پاشـا لە پەنای عـەجـەمـەوە و پەناهێنـانی بەداوێنی خاوەن شکۆ و هاتنی بۆ بەغدا[٨].

---

(٨) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەسـتـخـەتەکـانیـانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی چوارەم، ل: ١٦٧.

ئەمانەی نووسیمن ناوونیشانی سێ بابەتن کە بابەتی وایان هەیە ٦ شەش لاپەڕەی لەسەر نووسراوە. بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرچاوەکەوە لە دەستدا نازانین درێژەی رووداوەکان چۆنن.

ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی ترەوە ئەم بابەتانە باس لە رووداوی دوو ساڵ دەکەن کە عەبدوڵا پاشا دەوری کاریگەری هەبووە تێیاندا، ئەی رووداوەکانی دوای ئەوە تا کۆتاییهێنان بە دەوری میرنشینی بابان و عەبدوڵا پاشا لە ساڵی ١٢٦٧ک ١٨٥١زدا؟[٩].

ئەگەر بە وردیی رووداوەکان بزانرێن دەبێ چەند لەسەر عەبدوڵا پاشای چێگەی مەبەست و باسی ئێرەمان بدۆزرێتەوە؟

(٩) بڕوانە: النودهی، ل: ٣٢.

٣٣

**در ذکر آمدن بندگان عبدالله پاشای بابان از دربار همیون بسوی عراق و روم ونظم سرحدات بین روم و ایران از گفتهء سالم**(١٥)

تیــروەشی  دیمە گــوزەشت و عــەهدی نیــســـان هاتەوە
بولبـــولی بێ دڵ لە دەوری گـــوڵ بە ئەفـــغـــان هاتەوە
ســەختگیـری کـرد ســەرمـا ئەگــەر وەکــو ئەفراسیاب
بادی نەورۆزی بە مـــیـــثلی (پور دســـتـــان!) هاتەوە
لەشکری گـوڵ جـوملە خـەندانن دەڵێن: ســەرمـا شکا!
تا ســـولەیمانی صــــەبا بۆ دێوی زســـتـــان هاتەوە
باغــە پەژمــوردەی خــەزان و خــورەمی ئەوقــاتی حـــووت
مـــاهی نەورۆزی بە عــــەکـــسی مـــاهی ئابان هاتەوە
بای شـەمـاڵ هێنایە جـونبـوش قـامـەتی سـەرووی سـەهی
بۆ خــــیــــابانی چەمـــەن قـــومــــریی بە ناڵان هاتەوە
ســـارە دڵدادەی شکۆفـــەی شـــاخـــســـاری طەرفی باغ
بێــخــود و رەقــقــاص و ســەرمــەست و غــەزەلخـوان هاتەوە
بۆ شکۆفـــەی طیــفل داری یەک شـــەبەی شــاخی درەخت
رەحـــمـــەتی ئێــزەد لەگـــەڵ هەر قــەطرە باران هاتەوە
رووبەرووی طیـــفلی نەباتاتی چەمـــەن مـــوشـــتـــاق وار
دایــەیــی ئــەبــری بــەهــاریــی ئــەشــکــرێــزان هــاتــەوە
دەنگی صــــەد رەنگی کـــڵنک و قـــاز و ســـۆنە و بورچین
ســـازوەش هەر ســـۆ لە کـــۆ ســـەبزە و شـــەتاوان هاتەوە

---

(١٥) باسی گەڕانەوە و هاتنەوەی عەبدوڵا پاشای بابان لە دەرباری هومایوونەوە بۆ عێراق و رووم و ڕێکخستنی سنوورەکانی نێوانی ئێران و رۆم، لە وتەی (سالم).

سەیری گوڵشـەن کەن لە چیهرەی گوڵ شەوی ئوردی بە هەشت
هـەر طـەرەب بۆ مــــەجلیــــسی بولبــــول چراغــــان هـاتـەوە
سـەبزە وەک مـەخـمـەڵ لە هەرجا فـەرشـە بۆ صـەحنی چەمەن
مــەوســیــمی عــەیش و طەرەب بـۆ مــەیپــەرســتــان هـاتەوە
بۆ دەمــاغم عــەهدی گــوڵ ئەفــســوردەگــیی ســەرد نـەمــا
تـا لە گــــوڵشـــەندا بە ســـەرمــــا بۆیی رەیحــــان هـاتـەوە
پێی وتم دوێ شـەو لە کـونجی مـیـحنەتا واضـیح سـەرووەش:
وا چـراغـی دوودمـــــــــــــانی ئـەهـلـی بـابـان هـاتـەوە
چیــهــرەیی مــەقــصــەد هوەیدا بوو لە هـەرجـا صــوبح وار
مـــوژدە ئەی یەعـــقـــووبی دڵ یوسف بە کـــەنعـــان هاتەوە
ئـــاشـــکـــارا هـــەر طـــەرەف هـــودهـــود لــە پــەروازا دەڵــێ:
رووبەڕووی مـــوڵکی صـــەبا تەخـــتی ســـولەیمان هاتەوە
بەرقی وەشـــبـــۆ مـــوڵکی مـــەورووثی لە قـــوسطەنطینەوە
حـاکـمی مــەنفی بە ئەمـری (صــەدر) و (ســولطان) هـاتەوە
ئاصـــەفی ثانی مـــورەخـــخـــەص بو بە ئەمـــری پادشــــاه
بـۆ نیـظـامـی مــــــوڵکی بەینـی ڕۆم و ئـێــــــران هـاتـەوە
مـن وتم: چۆن بـو (آغـــــــدنگز!) نـەجـــــــاتی دڵ؟ وتـی:
شــاهی کــەیخــوســرەو بەجــەیحــوونا بە ئێــران هـاتەوە
فـیـتنەخـێـزە راهی قـوسطەنطین بە مـیـثلی (هەفت خـوان)
ئـەم بـە هـەر خــــوانێ وەکــــو (ڕۆبـین تـەن) ئـاســــان هـاتەوە
نۆکــەرانی بێ رەمــەق کــرد (خــصــتی!) طەبعی مــونیب
بۆ تـەنی مــــوردەی خــــەلایق یەک بەیەک جــــان هـاتـەوە
شـــەهد و تەڵخـــە لوطف و قـــەهری بۆ قـــەراری نێک و بەد
شــــاهی نەحل ئـاســــا بە یادی نۆش و نێـــشــــان هـاتەوە

خۆش نما شمشێری ئەو بوو وەک هیلالی شامی عید
ماهی نەو دەرکەوت و عیدی رۆژەداران هاتەوە

بۆ قیصاصی موستەحەق و قەبضی دەستی موددەعی
شێرمەردی کوردیی پیل ئەفگەن بە مەیدان هاتەوە

بێن بەهەم با دەنگی گریەی مولحید و خەندەی مورید
بۆ نەمانی کوفر و ظولمەت بەدری ئیمان هاتەوە

شەبنشینانی خەفەت بازەڕە ئاسا بێنە رەقص
وا لە بورجی دەوڵەتا خورشیدی رەخشان هاتەوە

چونکە دیهقان نۆکەر و بەگ چەرچییە و ئاغا بەقاڵ
بۆ نیظامی نۆکەر و بەقاڵ و دیهقان هاتەوە

بچنە سەر صنعاتی ئەووەڵ کەفشدۆز و پینەچی
حاکمی مەرکەزشناسیی ئەهلی دیوان هاتەوە

دیم لە بابانا رەعییەت ظاڵم و نۆکەر فەقیر
مونعەکیس بوو قەضییە وا بابی فەقیران هاتەوە

شەقوەشێن ئامادە بن بۆ کاسبی شوورانشین
پشتی لەشکر، صەدری مەجلیس، میری میران هاتەوە

گریە تا دەنگی دەردێ (!) با (کەریم ئاغای نەنی)
حاکمی مەعزوولکردەیی ئەو بەشادان هاتەوە

تەپڵی بدرێنێ، عەلەم ون کا جەنابی (کاک ئەمین)
قابیلی بەیداخ و تەپڵ و لەشکر و سان هاتەوە

خۆی بە پەت ئەمجا بتاسێنێ مودیری پەت لەمل
صاحیبی چەتر و لیوا و طەوق و فرمان هاتەوە

خرسی خووگهای یاخی بوو لە دەشتی شەهرەزوور
پێی بڵێن: خۆی راگرێ وا شێری غەڕان هاتەوە

چونکە شـێـوەی زاغـی بوو سـەرکـاری کـەهیـا پێش ئـەزین
بـۆ شـکـاری ئـەو لـە سـەردا بـازی تـەڕلان هـاتـەوە
مـونکیـری عـەهدی (عـەزیز بەگ) کلکی (کـەهیـا) ناگـرێ
صـاحـیـبی شـمـشـێـر و دیرع و خـوودە و خـەفـتـان هـاتەوە
رەنگە ئەمـجـا بێـتـەکـاران سـەرحـەدی مـوڵکی سنـە
رمـوەشـێنی مـەعـرەکـەی دەشـتی (مـەریوان) هاتـەوە
کـەڕ و فـەڕ با کـەم بکا والی بە فـەوجی (چێش کـەروو)
پشـت بـەنـدی لـەشـکری (دنداتـو جـاخـان!) هـاتـەوە
طـایری دەوڵەت (بحـمـدالله) بـە ئـەمـری شـەهرەزوور
مـوسـتـەعـیـدد و خـورەم و یـازان و تازان هـاتـەوە
کـەوتـە ناو کـەفـەی کـەرەم دووبـارە خـەرجی شـەهرەزوور
طـالیـعـی دەروێش و مـوفلیس بـوو کـە قـائان هـاتـەوە
مـن بە شـک دەمـوت: نـەجـاتـی کـەی دەبێ پاشـا لـە رۆم؟
دڵ وتـی: سـالـم یـەقـینت بـێ بـە قـورئـان هـاتـەوە
ئـەهلی دانش (حـاطمی بخـشش) بە ئەبجـەد کـەن حـساب
بـا نـەڵێن: کـانی کـەرەم کـەی بـوو بـە بـابـان هـاتـەوە؟

هـ ٣٤(*)

دادەپۆشێ سەر و گوێی زین لە نەشیب[١]
(چونکە بێ کـــــردنە کلە و مــــــدوە!)
دوشـــــمنی تۆیە ئەگـــەر ڕۆیینی توند
بۆزە هەتکە بڕۆ ســـــا وەخـــــتی هەوە
مـــەنزڵ و باغی وەکـیل صـــەد قـــەدەمـــە
شــــەوە ســــا بۆزە بڕۆ گـــاهی خـــەوە
سەعی نووح ماین و ئەسپێکی کە هێشت
نـەری دوو مـــــادەیە گـــەر مـــــابێ ئەوە
گـەر لە دووشـــان[٢] بگەمـە شـاری سنە
دەیفــــرۆشم – بەخـــــوا – تا قــــەڵەوە

---

(*) بەحری ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحذووف.

(١) ئەم پێنج بەیتـە کـە دیارە لە هەجـوی مـاینەکـەیدا گـوتوونی و لـەو کـاتەدا لە دەوروبەری شـاری سنەدا بووە.. کۆتاییی پارچە شـیعرێکە سـەرەتاکەی بەر ئەو بەشە دەکەوێت لە بابەتی هەجودا تێداچووە.

(٢) لە دەسـتـخـەتەکـەدا وەک (کر لدوشـان) وایە، نەمزانی مـەبەسـتی چییە، دوور نییە «دوشان» ناوی جێگەیەک بێت.

ﻫ ٣٥(*)

بیستم ئاغە سوورە مەدحی واشەگێڕیی کردووە(١)
(اوند مەست د ژنوی باریوە یا مەردووە!)
ئالە زاقە و جرەیو، کۆلارە پشتە و سنگ بچووک (!)
لاق درێژە، چنگ مریشکە و کەم فڕە، چاو مردووە
هەر لە عەمدەن خۆی لە داو داوە کە (جاسم!) بیکرێ
چونکە تۆڕە، مورغی باغە، خۆی لەوان گوم کردووە
گاڵتە مورغانی کێوە، هەر کە فیکەی لێ دەکا
ئێستە لەو ترسە لەسەر دەستکێشە خۆی مات کردووە
گەر بچێتە مێرگەوە قازلاخ بە جڕ تووڕەی دەکا
بۆ جێگاگۆڕکێ لە صەحرا هەر بە شەو ڕابوردووە
صینفی مورغیش گەر وەکو ئینسان جوداکەی، میللەتی،
ئاشیانەی گەر لە خانەی ڕۆستەمە جینسی جووە!
مێخەکە وەک پارچە بۆ هەردوو پێی ئامادەیە
بۆ کونی لووتی خەفەقان خۆی موهەییا کردووە
ڕەنگە هەرکەس چاوی بەم سنگ و سەر و کلکە کەوێ
پێی بڵێ: لەعنەت لە بابی ئەو کەسەی تۆی گرتووە!
ئەحمەدی کاکم دەڵێ: قالە وەرە وا واشەکەت
باقڵی من هێلکە دەکا وا وەک مریشک پس کەوتووە!
واشەخێو واشە وا کاکم (بام دڕاکیە!)
(بعد ازین) دایم بەبێ هیچ لەو تەلانە قووقووە

(*) بەحری ڕەمەل.

(١) واشەگێڕیی، یان بازەڕاوو، ڕاوە باز، بابەتێکە شاعیرانی زاراوەی گۆرانی. چەندین پارچە شیعری جوانیان تێدا گوتووە و بە گەڵێ جۆر باسی ڕاوی بازیان کردووە. دەکرێ ئەم بابەتە وەک باسێکی فۆلکلۆری دەوڵەمەند لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

٣٦

هجو احمد سنگ هل کیش[١]

کەس نەڵێ پێم: ئەی فڵانی هەجوی سەنگهەڵکێش مەکە[*]
ئاشپەزی هەجوم – بەوەڵڵا!– دەیچنم وەک کوولەکە
دوور لە دینم میثلی نەمروود بۆ منارەی هەجویات
(خاکو زیت!) پێ قەد دەکەم ئەی سەنگشکێن وەکو چۆلەکە
نەوعی گردی هەجویاتی تور بەرێژی یادگار
خاکی هەجوی تێ دەکەم دەیئاخنم وەک توورەکە
سا کە دڵ دێنێ دەبێ عەرض کەم لە عەرصەی مەحفەلا
هەڵسە بێن یاران لە دەورم رۆبنیشن، کۆمەکە
با بەشەرتێ مەنعی کەن گەر حەملەزەن بێ بەزمی جەنگ
(کلبە تیژ پست پسینە سنک کروژە کوپکە!)
گەر بەقار و قین و جەنگ هات پێی بڵێن خۆی لابدا
وەرنە شڵپەژەنی شەقم ئاوازی هەر وەک فیشەکە
پشتی پێم سمتی لە یاریدا وەها خاراندوە
گەر بە کیفی خەنجەری کەی جووتێ پێستی هۆشەکە
شین کەوایە، شڕ عەبایە، فووتە خەنجەر، بۆزە ریش
ئیسمی سەنگهەڵکێشە، توند و تیژە، وەک شوانی لەکە
مێخ بە دەستە، سیخ بە پشتە. مێخ دفێنە، مێخ درێن.
مێخ بە پێشە. مێخ بە پاشە، مێخ شکێنە، (طولکە!)

---

(١) هەجوو داشۆرینی ئەحمەدی سەنگ هەڵکێش.

(*) رەمەلی هەشتیی مەحذووف:

فاعلاتن/ فاعلاتن/ فاعلاتن/ فاعلن

کلکی جوانووی رووته وەک سنگ، سنگی خۆش میثلی (ملک!)
سنگ بە سنگ کەن، ئاڵوگۆڕ کەن، چونکە هەردوو وەک یەکە
بەرفی ساردی ئاوی (رەی!) مێخێ بە بن مێخیا کوتین
گەر جەوەندەی پیا بکەی ساردی دەکا وەک تەرزەکە
مەستی ئالەت (بنپمو بی ژیر مەبن!) دووی جوانوەکەی
گەر جەوەندەی پیا بکەی ساردی دەکا وەک تەرزەکە[٢]
هێندە حەیوانە ئەگەر دوو رۆژ لە سەحرا پووش بخوا
(بعد ازان) ئادەم نییە، یا سابرێنە یا شەکە
چونکە بابی قاترانە کەر، دەبێ قەدری ببێ
با بچم (وا دردم!) هەوسار و پاڵوو و کووژەکە
گەر کەسێ بێ بیکرێ وەصیەت دەکەم ئەم ئێشەکە
وەستەکە سستەکە لە رێ تێی هەڵدە باری مەکە!
ئەلقابی سەنگ، ئیسمی ئەحمەد، کونیەتی هەڵکەندنە
وەک عەرەب سێ ناوە، خۆ ئەم شێتە قەدەم (حشککە!)
کەر لە بێشەی عاقلی کرد گوێی حەماقەت تاق و جووت
هەر کەسێ نزدیکە لێی هەڵدایە (یالدا فیکەکە!)
سەنگشکێن عەفوت دەکەم لاکین بە شەرتێ: (بعد ازین)
ئەحمەقانە قەد بە هیچ نەوع مەدح و ذەممی کەس مەکە

---

(٢) دیارە ئەم نیوە بەیتە یا نیوەی دووەمی بەیتی پێشوو بە هەڵە دووپات بووەتەوە و نیو بەیت بەهەڵە لابراوە.

(*)٣٧

تەمـــاشـــای کـــۆی زەنەخـــدانت دەڵێی نـارنجی بـەغـــدایە
نـیگاهـی چاوی فـــەتتـــانت وەکـــو ئـاهوویـی ســـەحـــرایـە
وەکو صـەنعان لە عیشـقت شیفتە و مـەجزووب و مـەحزوونم
قـەسـەم بەو زوڵفە شـەبـڕەنگەت کە وەک زوننـاری تـەرسـایە!
مـــەکـــەن مـــەنعم وەکـــو وامـــیق ئـەگـــەر ئـاشـــفـــتـــەو و زارم
(جـگـرگـــاهـم!) شـکـافی نـاوکـی مـــــوژگـــــانی عــــەززایـە
ئـیـــشـــارەی چاوی مـــەخـــمـــوور و نـیگاهـی ناوک ئـەندازت
بە مــیلی غــەمـزەیی مــەجنوون کــەشی ئـیـمـایی لـەیلایە(!)

---

(*) بەحری هەزەجی هەشتی تەواو
مفاعیلن/ مفاعلین/ مفاعلین/ مفاعیلن.

٣٨(*)

چونکە ئیـقلیـمـی فـیـراق ئاب و هەوایێکی نیـیـە
بـاغی پەژمـــوردەیی دڵ نەش و نمـایێکی نیـــیـــە
رووم لە مـیـحـرابی برۆ صـەعـبە لە هیـجـرا کەچ بێ
پادشـــەهی وەک دڵی من قـیـبلەنمـایێکی نیـیـە
زەنگـی مـیـرئـاتی دڵم شـاهیـدە ئـەییـامی فـیـراق
ئاینەیش بێ روخی جـانانە صـەفـایێکی نیـیـە
نوطقی پەروانە دەبەستێ بە یەقین شەوکەتی شەمع
پڕ دڵی دەردە دەســووتێت و صـەدایێکی نیـــیـە
چونکە بۆ نووری وەفـا طالیـبە پەروانەیی عـیـشق
غـەیری شـەمـعی دڵی من مـەیلی چرایێکی نیـیـە
صـوبحـی وەصڵت کەیە تـا کولبەیی مـن رۆشن کەی؟
خـۆ چرای عـومـری عـەدو بادی فـەنایێکی نیـیـە!
زاڵی دنیا کە بە بێ عیددە بەسێ شەوهەری وی (!)
لادە لەم فـاحیـشـە - ئەی دڵ - کە حـەیایێکی نییە
لەززەتی وەصـڵە بکا چارە، وە یا شـەربەتی مـەرگ
بێ یەکێ لەم دوە دەردم چ دەوایێکی نیـــــیـــە
فکری دەرکـردنی بێ حـاجـیب ئەگەر ظولمـە بەسێ
(سـالم)ی غـەمـزەدە جـوز ئەو دەرە جـایێکی نیـیـە

(*) بەحری رەمەلی هەشتی مەحذووفی مەخبوون.

(*)٣٩

کـاری ئـاشـفـتـەم – درێغـا – ڕەنگی سـامـانی نیـیـە
بەخـتی خـەفـتـەم تا قـیـامـەت فکری هەڵسـانی نییـە
سـوودی کـوا فکری فـلاطوون بۆ عـیـلاجم (بعـد ازین)؟
دەردی من دەردێکە ئەصـــلا قـەد چە دەرمـانی نـیـیـە!
غـەرقی فـیکرێکم بە مـەلـلاحی خـیـرەد نایێـمـە دەر
هـەر طەرەف تێ دەفکرم ئەم بەحـــرە پایانی نـیـــیـە
فکری قـەبضـی ڕووی ڕەقیبم حـەوصەڵەم وا تەنگ دەکا
ڕوو بە ڕووی تۆ غـونچـەیی دڵ ذەوقی خـەندانی نـیـیـە
وا لە قــەبضــەی ئیـخـتـیـاری کـافـرێکا کـاری من
مـروەت و ئینصـاف و بـەخت و دین و ئیـمـانی نیـیـە

(*) ڕەمەلی هەشتیی مەحذووف.

هـ٤٠(*)

چ دەبێ گــەر لـە ڕەقـــیـــبم دڵـم ئـازاری ببـێ؟
هـەر گـوڵی بوبول بێ حـوکمـە دەبێ خـاری ببێ!
مـانیـعـە بۆ گـوزەری دڵ لە روخت زوڵفی سـیـاه
گەنجی بێ هـەر طەرەفێ شـەرطە دەبێ ماری ببێ
زەحـمـەتە عـوقـدەیی خـاطر بە ویصـالت وا ببێ
قـەدەغـەی بۆسـە دەکـەی دا لەبی من بـاری ببێ
نـایەڵێ لەذزەتی وەصـڵت لە دڵا جـەوری ڕەقـیب
شـادمـانیی نیـیـە بۆ ئـەو کـەسـە ئەغـیـاری ببێ
لە ڕەهی کەشمـە کەشا جانی هەمیشە عەدەرە
عـاشـقی بێ دڵ ئەگـەر دولبـەری عەییـاری ببێ
بە شەوێ ڕەنگە بەڵەد بێ لە غەم و طوولی فیراق
گـەر طـەبیــبم وەکــوو مـن دیدەیی بێـداری ببێ
جـان نیـثـاری ڕەهی جـانانەیە (سـالم) بـە ئەبەد
لەتـەکـا تێـغی جـەفـا گـەر دڵی ئینکاری ببێ

---

(*) بەحری ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحذووف.

ه ١٤[*]

تا مـــــەنزڵی تیـــــری نیگەهت ناوی دڵم بێ
یارەب هەمــــەجـــا طوررەیی تۆ تەوقی ملم بێ
خـوێن کا جگەرم خاری ئەلەم وەختی تەماشـا
بێ عـاریضی تۆ گەر هەوەسی ڕوویی گـوڵم بێ
پڕ بادەیی خـــوێن بێ بە ئەلەم بیلبـیلەیی چاو
بێ دولبەر ئەگەر ئارەزوویی جـامی ملم بێ[١]

(*) بەحری هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفە:

مەفعوولو / مەفاعییلو / مەفاعییلو/ فەعوولون.

(١) ئەم پارچەم لە هیچ ســـــەرچاوەیەکی تردا نەدی، هەندێ وشـــــەیم باش بۆ نەخوێنرایەوە. ئەم وشەیەی دوایی کە بە (ملم)م نووسی دەشگونجێ (لم) بێ.

٤٢(*)

دەک رەقـــیب تووشـی بەڵایێ بی نـەجــاتت قــەد نەبێ!
مــانیــعی وەصــڵی حــەیاتم تۆی حــەیاتت قــەد نـەبێ!
ئەی مـوفـەتتین هێندە بەدگۆ بووی نیشـاطت کردمـە غـەم
تا بەسـەر زیندوو بی رەببی تۆیش نیـشـاطت قـەد نەبێ!
چاوەکــانت هـەردوو کـوێر بـێ دەسـتــەوئەژنـۆ دابنیـشـی
زینـدەگــیت زەهـری هەلاهـەل بێ مــەمــاتت قــەد نـەبێ!
ســینە پاڵـوو بدگـرێ علیلـەت بە ســەردیی جـێگەکـەت
پارچـەیێ بۆریای رزیو فــەرشی بیــســاطت قــەد نـەبێ!
ئەی رەقـیب بیــمــارە دڵ تـیکرار دۆعــای ئەوەڵ دەکــا
دەک ئە زنجــیــرێ کــەوی رەببی نـەجــاتت قــەد نـەبێ!

---

(*) بەحری رەمەڵی هەشتی مەحذووف.

٤٣(*)

هەتا کەی – ئەی فەلەک – بۆ بەختی من جەور و تەظەللوم بێ؟
وە چاکـــە چەند رۆژێ نەوبەتی لوطف و تەرەحـــحـــوم بێ
لە قـــەهرت مـــوددتێکە زەهرنۆشی جـــامی بەدبەخـــتـــیم
لە خـــوانی نیـــعـــمـــەتا با هەفـــتـــەیێ بارێ تەنەعـــعـــوم بێ
چۆن دڵ دێنێ ئەی یاران – دەخیل – صوحبەت لەگەڵ دوشمن
کـرانە ئیـســتـیـخـوانی لی کـرین تو خـوا بلا کـەم بێ (!)
بە ئومـێـدی خـوا واجب دەکـەم قـەتلی رەقـیب – شـەرعـەن–
لە بەزمی دولبـــەرا گـــەر بۆ زوبانم مـــوددەی تەکـــەللوم بێ
قـــەدیم جـــانبـــازی رێی عـــیـــشـــقم، لەمـــەولا تازە لانادەم
ئەگـــەر لوطفت مـوجـەددەد بێ وەگـــەر قـەهرت تەقـەددوم بێ
تەسـەلسـول تەعظیـمـە دنیـا ئەبەد پایانی قـەد نابێ
بە جـێـیـە خـەرقـەیی (سـالم) مـودام ئالوودەیی خـەم بێ

(*) هەزەجی هەشتی تەواو

٤٤(*)

تا لە لێـــــوم خــــوایا (!) باری ئەم هیـــــجــــرانە بێ
بێ لەبی من لێــوی غــونچــەت بۆ لەبی کـــەس وا نەبێ
هەر کــەسێ دەســتی خــەیاڵی لەو زوڵفی تۆ بێنێــتــە یاد
لەوحی سینەی چاک بە چاک وەک چاک و زەخمی شانە بێ
وردکە ئەستۆم، ئیستیخوانم ئامێتەی خڕخاڵە کە
تەوقـــە لێم ئەم گـــەردنە با ســـیلســـیلەی پاوانە بێ
مـەرحەمـەت بێـهـوودەیە ئەو شـەمعی رووی خۆی دەربخا
دڵ دەســــووتێ چار نیــــیـــــە لابود دەبێ پەروانە بێ
تا لە فـانۆسی جـەمـالا شـوعلەوەر بێ شــەمـعی رووت
دڵ بە تاریکیی لەگــەڵ غـــەم هەر دەبێ هەمـــخـــانە بێ

(*) بەحری رەمەلی مەحذووف.

ه ٤٥[*]

در وصف والی[١]

مـــــهـی دی هـاتـوچـو رابـورد شــــــهوی دهی
دهســـا دهی مــــهی بدهن ئـهمـــجـــا پـهیا پـهی
خـهلاصم کهن لـه دهست غـهم مـوطریب ئامـان
بـه دهنـگـی بـهربــهطـو چـهنـگ و دهف و نـهی
دهبـیٚ ســـاقی لـهمیٚ عـــیــســـانهفـــهس بیٚ
به نهشـئـهی مـوردهیی صـهد سـاڵه کـا حـهی
زومــهڕڕهدرِهنگه صــهحــرا و باده گـوڵگوون
هـهتا کــهی کـا (پلی!) چـهنگی دهخـیل دهی؟
چه رهنگینـه به مـهســتـیـی روویی ســاقــیـی؟
چه دڵگیــره صــهدای: هـهی بێنه مــهی هـهی؟
عـهجـهب صـهفـوهت دههێکه مـهی حـهقیـقـهت
له دڵ بیــروون دهکــا: غــهل و غــهش و غـهی
به یـهغـمـا چوو هـهمـیـســان طاقــهت و هۆش
له چاوی مـهسـتـی سـاقـیی ئۆف خـوا وهی
صــــوراحـــیی وا لـهبهر پێت مـــهی دیاره
نیــهـانیی قـهد نیـیـه ڕازت، چه فـیـتنهی؟
لــه ســــــــــایـهی دهوڵـهتـی (والـی) (وإلا)
له هـهر بـهزمـه وهکو چـهشنی (جـهم) و (کـهی)

---

(*) بهحری هەزەج.

(١) له سـتـایشی والیـدا. بهڵام نازانرێت کـام والییـه. له دهسـتـخـهتهکـهی سنهدا نووسراوه «در وصف والی کوردستان».

لە بیمی سەحنەیی ئەو سینە رەھزەن
نەماوە ھەر لە (بەصرە) تا بەڕی (رەی)
ئیشارەی بەرقی تێغی ڕۆژی مەیدان
بە چالاکیی دەکا ئەسپ قڕان پەی
مەھ و ماھیی بە جەولانی دەکا ڕێش
لە ضەربی سمی ئەسپ و نووکی نێزەی
دەزانن بۆ مەسیح کەوتە پشتی ڕۆژ
لە ناو ئەوجی بڵندیی داری سفتەی؟
ظوھوورە رەنگی فیردەوس و جەھەننەم
لە خشپە و بەزمی قەھر و فەلاقەی(!)
بەدەن پۆش گەر موزەییەن کا بە دۆشی
دەپۆشێ بڕتەوی خۆر شەوقی شەمەی
ئەگەر مەیلی کەرەم کا طەبعی شۆخی
دەکاتە مەردەی دوو نان (حاتەمی طەی)
بەخاصییەت وەکو زمڕووتە عەدلی
رەبی سا دوشمنی کوێر بێ وەکو حەی[٢]
لە باغا بەیدی مەجنوون زۆر بە دەعیە
ئەبەد تا بێ بە سەجدەی ئەو دەبا پەی
(نیگاو!) رەسمی- بەڵێ - گەر بێتە خاطر
دەکا شەق سینەیی قەیصەر بەدەشنەی
ئەگەر بێ مەیلی ڕاو کا بۆ تەفەڕوج
دەکا (تحوە!) طوغرول چنگی واشەی

(٢) حەی: لێرەدا مەبەست کوێرەمارە.

بـە دەنـگـی تـەپـڵـی بـاز گـــــــەر بـازی بـەردا
(عـوقـاب) وەک (کـارەوان)[٣] مـاتـە لە حـەملەی
خـــوایا ســـا لە ڕێی ســـاقـــیی کـــەوثـەر
هـەتـا بـێ بـاغ و تـاک و شـــــاخ و ڕیشــــــەی
بە بـەزم و کـامـەرانـی و عـەیش و عـوشـرەت
لە بـادەی لـوطـفـی حـــــەق پـڕ بـێ پـیـــــاڵەی

***

(٣) کارەوان: قەتێ، کوڕ کوڕ.

# بەیتە تاک و جووتە بڵاونەکراوەکان

حەق بدا فرسەتم بە ئیذنی عومەر
دوشـــــمنی شـــــاهزادە بم تا بم

*

پارچەی «بەچین گرتوویە زوڵفت گەردی روخسار» ل: ٥٩ی چاپ و ٤٣ دەستخەت، لە دەستخەتەکەدا ئەم دوو بەیتەی زیادە:

بە سـونبـول زاری زوڵفـا کـەوتـە ناو باغ
لە شـەودا دڵ وەکو شـەبگەرد هـۆشـیـار
لـە وەخـــتـــێکا لـەگــەڵ تۆ ئاشـنا بـووم
نـە مـــــــــانـیـع بـوو نـە حــــــــــا
جــــــــیب بـوو نـە ئەغــــــیـــــــار

بەڵام ئەم بەیتەی دوایی لە تەک کەمێک جیاوازیدا لە پارچەی «١٠»ی ئەم «بەرکوت»ەدا نۆیەمەم بەیتە.

*

پارچەی «ئەلویداع ئەی موڵکی بابان ئەلویداع»ی ل: ٥٧ چ و ل ٤٩ خ، ئەم بەیتەی خوارەوە لە خ دا هەیە و لە چ دا نییە:

زەخـمی دڵ بۆ ئابی پەیکان توشنە مـا
ئەلـویداع ئەی تیـری مـوژگـان ئەلـویداع

*

لە پارچەی «نایەڵی بێمە حوضوور» (٧٢) چ (٦٠) خ ئەم دوو بەیتەی خوارەوە لە خ دا هەیە لە چ دا نییە:

جـەوری تۆ کوشتن و هـەم فـەخـر عـەدوو تۆی باعیث
بە صـەدای خـەندەیی ئەو کوشـتنـی دووبارە عـەبەث

دڵ لە رەقصـايە وەكـوس زەڕڕە لەبەر پڕتەوی رووت

بە هەوای شۆڕشی من (رەقص حلی و یارە) عەبەث

پارچەی (سابەزاری بۆ نەناڵێنم) (چ) ٤٦، (خ) ٦٥ لە (خ)دا دوو بەیت هەیە لە چ دا نییە، کە ئەمانەن.

بێ رەمـــەق وا ئوفــتـــادەم تـاقـــەتی ناڵەم نیـــیـــە

ئەی تـەوانا بۆ زەعـیـفـان كـوانـێ ئاخـر مـروەتت؟

تەركی دامـەنگرتنی دولبەر نەكەی (سالم) بە مـەرگ

نامـەوێ بڕوێ گـیای بێ خـار لە خـاكی (برشـتت!)

*

لە پارچەی (لە نووری لامیعی...) ١٢٣ (چ)، ٧٦ (خ)دا جگە لەوەی جیاوازیی زۆر لە تەک دیوانەکەدا هەیە و هەموو «وتی»یەکان کراون بە «گوتی» ئەم بەیتەی خوارەوە لە چاپەکەدا نییە.

وتم: تەنـها منـم پابەندی عیـشـقی تۆ؟ وتی: گوم بە!

هەزارێكی وەكو تۆ كوشتـەیی شـمـشێری ئەبرۆمـە.

* پارچەی:

"نمەكی ریتە برینم نمەكین روویی مەلیح"ی لاپەڕە ٥٤ی چاپەکە چوار بەیتە لە دەستخەتەکەدا پێنج بەیتە و ئەم بەیتەی خوارەوەی کە لە دەستخەتەکەدا بەیتی دووەمە، زیادە.

هـ

یـەم صـــیـــفـــەت بێــتـــە تـەلاتوم بـە ئەبـەد نازانـێ

رەمـزی پێش ئامـەدی كـاری منی بێـچـارەی سـەطیح

***

ھ

پارچەی:

" یادی زوڵف و ئەبرۆ و موژگانی یار" ی لاپەڕە ٦٠ی چاپەکە چوار بەیتەو، لە دەستخەتەکەدا شەش بەیتە و ئەم دوو بەیتەی دوایی زیادە:

دەست ئەدا بۆم روو لە رووماڵینی دۆست
گەر موقارین بن خەزان و نەوبەهار
کەی بە (سالم) دەردەچێ (سالم) کەبەد
صەیدی صەحرایی شکاری شاهوار؟

ھ

* پارچەی:

" لیلی وەشانی ملکی عرب جملە یک بە یک" لە چاپەکەدا ل: ٧٧ شەش بەیتە، بەڵام لە دەستخەتەکەدا حەوت بەیتە و ئەم بەیتەی زیادە:

هم شمع شرع توبە دکا منع گمرهی
هم روشن از جملە تو در دیدە مردمک

ھ

* پارچەی:

" دەزانی باغی بەختی ئەهلی دڵ بۆ قەت ثەمەر نادا" لە چاپەکەدا ل: ١٧ هەشت بەیتە و لە دەستخەتەکەدا دە بەیتە و پێش دوا بەیت ئەم دوو بەیتەی زیادە:

بەحاڵی نامورادی من وەها موشتاقە مەعشووقم
لە گوڕەی (بو نوبینی رەو) بادی سەحەر نادا
لە فیکری پاسی عیصمەت وا بە ظاهیر دوو رەنگە
لە حوکمی دووربینا قەط قەط بەمن رێگەی گوزەر نادا

* پارچەی:

" طەریقی عیشقت ئەر بەردەم خەجاڵەت بم لە مەحشەردا " کە لە چاپەکەدا: (ل: ٢٢) پێنج بەیتە لە دەستخەتەکەدا شەش بەیتە و ئەم بەیتە، کە سێیەم بەیتە، زیادە:

قەبووڵ ناکەی خەیاڵیشت لە ناو دڵما موقیمی بێ

نەوا پەژموردە بێ گوڵدەستەیی حوسنت لە مەجەڕدا

***

* پارچەی:

" چەشمەیی نەهری ڕەوان دیدەیی گریانی منە"ی (ل: ١٣١)ی چاپەکە دە بەیتە، لە دەستخەتەکەدا (١١) بەیتە و ئەم بەیتەی، کە پێش دوو بەیتی کۆتاییە، زیادە:

وا دەزانم کە لە فیردەوسی جەمالا بە فەریب

دانەیی خاڵی لەبەت باعیثی عیصیانی منە

***

* پارچەی:

لە ناو زوڵفا بەڕوو دڵدارە مەستوورە" کە لە چاپەکەدا (ل: ٦٣) حەوت بەیتە، لە دەستخەتەکەدا ئەم بەیتەی – کە بەیتی شەشەمە– زیادە:

بەکەس ناگا خەراجی هیندوویی خاڵ

لە قەلعەی چینی زوڵفا بوو بە فەغفوور

هـ

* پارچەی:

" بەڕووی ڕۆژا نواندی لەیلی دەیجوور"ی لاپەڕە ٦٣ی چاپەکە (٩) بەیتە لە دەستخەتەکەدا (١٠) بەیتە و ئەم بەیتەی خوارەوە، کە زیادە، پێنجەم بەیتە:

تەحەڕوک بۆ شەریانی عەینەین

بلوورین ساقی وەک ماهی سەقەنقوور!

# بەشی فارسی

# شیعرە فارسییەکان

دەستخەتی سەرچاوەی ئەم باسە وەک ئەو شیعرە کوردییانەی تێدایە (١٠) پارچە شیعری فارسیشی تێدایە، بەڵام من پارچەی کۆتاییی دەستخەتەکەم هەڵبژارد، وەک نموونەی شیعری بڵاونەکراوەی فارسیی ئەم دەستخەتە.

ئەم پارچە شیعرە درێژە، مەثنەوییە، لە کۆتاییەوە نازناو «سالم»ی تێدا نییە، بەڵام دەستخەتەکە وا دیارە جگە لە شیعری سالم شیعری کەسی تری تێدا نییە، چونکە هەر لە دوای کۆتاییی ئەم پارچە شیعرەوە– وەک لە کۆتاییەوە دەینووسم – نووسراوە:

"بحمدالله باتمام رسید وبخاتمت انجامید دیوان کردی سالم جهه ارجمندی احمد آغا تحریر شد"

ئەو پارچە شیعرەکانی تر بەشی فارسییەکەم دواخست بۆ هەلێکی تر، یان بۆ ئەو کاتەی دیوانی سالم بە لێکۆڵینەوەوە بڵاو دەکرێتەوە، هەر کەس ئەو کارەی ئەنجام دا پارچە شیعرەکان و وێنەی دەستخەتەکەیش دەخەمە بەردەستی بۆ لێکۆڵینەوە.

ساقی نامهء سرکار شیخ

وکر دشنهء دهر خونریز شد
زمین و زمان فتنه نکیز شد
سپەرا سیه چهر و چبر آمدی
بخون دلیران دلیر آمدی
ز روز و شب چرخ دولاب کرد
پلنگ دور سنگ است اندر نبرد

عـجب سـست پیـمـانی وسـخت چـهـر
ز چـهـرت نـه پیـداست آثار مـهـر
کـسـیـرا کـه بر خـوان صـلا مـیـزنی
ز خـوان بلا بـر بـلا مـیـزنی
جـز از تو ندیم کـه بـر خـوان خـویش
بریزد کـسی خـون مـهـمـان خـویش
نـه مـادر هـمـه مـهـربانی کند
بـنور از خـود هـمـزبانـی کنـد
ز خـون سـازدش شـیـر پسـتـان دهر
چو خـاری بپـا خلد جـان دهـد
نـوای زال گـردون چـه بـد مـادری
کـه چون شـیـر خـون جـوانـان خـوری!
بـر خـم تـو تـا چـنـد آلا شـیـم
بیـا سـا زمـانی درآسـا شـیم
سـاقی بگو نخـوایی از سـر نـهـد
بکف جـام یاقـوت احـمـر دهد
قـدمم یکدم در شـبـسـتـان نـهـد
یکم جـرعـه از جـام مـسـتـان دهد
کـجـا مـوکب شـهـریاران دهد
کـزیشـان نـهبینم نشـانی بشـهـد
همه مـست جامند و سراندسـر گرم می
چه کـیـخـسرو جم، چه جـمـشـید و کی
بده سـاقی آن بـادهء جـان نواز
جـهـان منیـر باینست مـهـمـان گـداز

ازان بـاده دل را چـه ســــــــازش دهـد
جـــــهـــــان را دل انـدر گـــــذارش دهـد
گــروهـی کـــه عـــار از شـــهی داشـــتند
همــــه جـــام خـــودرا تـهی داشـــتند
ز دام خــــــیـــــــالات بگـریـخـــــــتـند
برفـــتند و پـیـــمـــانـهـــا ریخـــتند
بیـــا ســـــاقـــیـــا آتشم تیـــز کن
مــــرا نیـــز پیـــمـــانه لبـــریز کن
بـریـزم یـکـی جـــــــام مـــی در بـکـام
ازان پـیـش کــــز مـی بـریـزد بـجـــــام
بـه‌بین ســــاقـی این بـزم پـاکـــیــــزه را
بیـــــا رای آن دخـت دوشــــــیـــــزه‌را
بیــــرون آور از پـرده‌ء شــــیــــشـــــه‌را
کـــه جـــان پرده پرداخت ز اندیشـــه‌را
حـــریفـــان بقـــصـــدش چو آیین نـهند
ز یک جلوه صــــد جـــان بکابین دهـند
نه بـر صــدر مــیـخــانه صــفــهــا زدند
بســـــان غــــرا ز مـی بکفــــهـــا زدند
بعـــشـــرت همـــه بـاده بـر کف و بدند
در آخـــــر چـنان بـاده در کف شـــــدند
بیــــا ســــــاقـی آلوده شـــــد دامنم
غــم نــیـک و بــد تــا بــکــی در تــنــم؟
مــیم ده کــه مــخـــمــور خــواهم شـدن
وز آلـودگی دور خـــــــــواهـم شــــــدن
ازان مـی کـــه ســر صـــمـــد بخـــشـــدم

رهای زهر نیک و بد بخشدم
دریغا غم ناگهان در رسد
... بهار خزان را طرب در رسد
میم ده که سر گرم مستی شوم
مگر فارغ از رنج هستی شوم
می ده که عاری ز شرمم کند
دمی فارغ از سردو گرمم کند
ازان می که تابان چو خورشید بود
زمانی که نه جام و جمشید بود
بیا ساقی این چرخ گردان نگر
به چرخ آفت شیر مردان انگر
مدار جهانرا قراریست سست
به پیمانه بایست پیمان درست
فلک را بحالی زند دیر نیست
بده می که هنگام تاخیر نیست
ازان می چو جامی بسر بر نهم
فلک را ز نو دور ار سر نهم
بیا ساقیا چست و چالاک باش
زمانی نه بر دور افلاک باش
مرا در عمر آخر آمد بیا
نگه دار فرصت بیا ساقیا
که هر زده مر گوش آگاهرا
ندا تیست (انی انا الله) را
بده می که باچشم بینا روم

بهم رازی طور سینا روم
ازان می که در سینه مستور بود
زمانی که نه ثور نه نور بود
الهی بانا نگه صافی کشند
نک سیر تند ار چه آدم دشند
بانا نگه مستند از بوی تو
ز خود پرده بستند بر روی تو
بخونین کفنهای نازک بدن
بنازک کفنهای خونین بدن
بلب تشنگان از تف عشق تو
نرفته ز جا در صف عشق تو
ز عشقت بخون خود آغشته اند
خروشان و نالان و سر گشته اند
الهی بشوریده حالان عشق
که لالان در دند و نالان عشق
الهی بآن رنده... پاو دست
که مینا و ساغر هم در شکست
بآن پیر سرمست میخوارگان
که مستی فروشد به بیچاره‌گان
که یک جرعه زان بادهء کهنه سال
بتلخی دهد نفس را کو شمال
بحیران بحیران بده می بده
بیک جرعه رطل پیاپی بده

کـــه یکبـــاره از خـــویش بیـــرون شـــود
ســـــــزاوار بخت هـمــــــایون شـــــود

***

بحمداللّه باتمام رسید وبخاتمت انجامید دیوان کردی
سالم جهة ارجمندی احمد آغا تحریر شد

# پاشکۆیەک پارچە شیعرەکەی نالی

# وتەیەک

بۆ گەلێکی بەشخوراو و بێچارەی وەکو کورد کە کولتوور و کەلەپوور و شوێنەواری زانایانی کۆنەکرابێتەوە و مێژوویان بە دروستی نەنووسرابێتەوە، هەر بڕیارێکی بە پەلە لەسەر هەر لایەنێکی ژیانیان بدرێ دروست نییە و لەوانەیە زۆری پێ نەچێت بەڵگەی دروست و ئاشکرا ئەو راوبۆچوونانە بداتە دواوە و بڕیاردەریش هیچ پاساوێکی پەلەکردنەکەی پێ نەبێ.

بۆ نموونە خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی بە چاوێک بۆ نالی و دیوانەکەی روانیوە کە تروسکایی نیشتمانی و وڵاتخۆشەویستیی لە گیانی نالیدا نەدیوە و وای داناوە حەبیبەی بە هەموو وڵات و کورد و کوردستان نەگۆڕیوەتەوە.

